حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی

# فۆنۆلۆژیی زمانی کوردی _ کرمانجیی سەروو

نامەیەکە
عادل ڕەشید قادر

پێشکەشی( کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی ) کردووە و بەشێکە
لە پێویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت :
پ.ی .د: محەمەد عبدالفتاح حەمەسەعید

٢٠٠٨ زایینی

٢٧٠٨ کوردی

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوەو لەگەڵ توێژەردا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆك و لایەنەكانی تری كرد و بڕیارمان دا، كە شایانی ئەوەیە بڕوانامەی دكتۆرای لە زمانی كوردی پێ بدرێت.

ناو: پ.د. محمد معروف فتاح
سەرۆكی لیژنە
مێژوو: ٢٩ / ١١ / ٢٠٠٨

ناو: پ.ی.د. فەریدون عبدول محمد
ئەندام
مێژوو: ٢٩ / ١١ / ٢٠٠٨

ناو: پ.ی.د. طالب حسین علی
ئەندام
مێژوو: ٢٩ / ١١ / ٢٠٠٨

ناو: پ.ی.د.. بكر عمر علی
ئەندام
مێژوو: ٢٩ / ١١ / ٢٠٠٨

ناو: هوگر محمود فرج
ئەندام
مێژوو: ٢٩ / ١١ / ٢٠٠٨

ناو: پ.ی.د . محمد عبدالفتاح حمە سعید
ئەندام و سەرپەرشت
مێژوو: ٢٩ / ١١ / ٢٠٠٨

لە لایەن ئەنجومەنی كۆلێژی زمانەوە پەسەند كرا.

ناو: پ.ی.د. محمد دلێر أمین
ڕاگری كۆلێجی زمان
مێژوو / / ٢٠٠٨

# سوپاس و پێزانین

**ڕێزو سوپاسی بێپایانم بۆ:**

ڕاگرایەتی کۆلێجی زمانی زانکۆی سلێمانی، کە دەرفەتی خوێندنیان بۆ ڕەخساندم.

مامۆستای سەرپەرشتیارم / پ.ی.د محەمەد عبدالفتاح حەمەسەعید، کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە سەرپەرشتی نامەکەی کردووم و ئاسۆی بیرکردنەوەی فرەوانتر کردم.

هەموو ئەو مامۆستا بەڕێزانەی، کە لە خوێندنی باڵا وانەیان فێرکردم.

هەموو ئەو بەڕێزانەی لە ئامادەکردنی ئەم نامەیە هاوکارییان کردووم،

عادل

## پێشکەشە بە :

- ڕۆحی دایکم و باوکم
- شەهید ( عبدللە ) ی برام
- هاوسەرو جگەرگۆشەکانم
- هەموو ئەوانەی کەم ژییان و کەڵ ژییان لە پێناو دڵسۆزییان بۆ نەتەوەکەیان

## پێرست


| بابەت | لاپ |
|---|---|
| سوپاسنامە | |
| پیشکەشنامە | |
| پێرست | -VI |
| لیستی زاراوەکان | VI-V |
| پێشەکی | |
| ناونیشان و بواری نامەکە | ، |
| ئامانجی نامەکە | |
| گرینگی نامەکە | ، |
| ڕێبازی لێکۆڵینەوە | ، |
| سەرچاوەو کەرەستەی شیکردنەوەکە | -٣ |
| ناوەڕۆکی نامەکە | |


### بەشی یەکەم
### تیۆری و زانیاری گشتی


١/١) پێرەو و دروستەی زمانیی........................

١/١-١) فۆنۆلۆژی و پێزمان........................

١/١-٢) پۆلێنکردنی دەنگەکان و خستنەتەکیەك............-٧

١/١-٣) دەستورو نەریتی نووسینەوە............١٠-٣

٢/١) قوتابخانەی دروستەکاری............١٣-٦

٢/١-١) بەرجەستەبووەکان و دابەشبوونەکان............١٦-،

٢/١-٢) ئەلەفۆنەکان و جۆرەگۆڕدراوەکان............-١٨

٢/١-٣) دروستەی هەمبەری و نیشانەکان............-٢٠

٢/١-٤) ئەلتەرناسیۆنی مۆرفۆفۆنیمی........................

١/٢-٥) فۆنۆتاکتیک........................................ ٢٣
٣/١) فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان........................................ ٢٤-٢٥
١/٣-١) بنەماکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان........................................ ٢٤-٢٥
١/٣-٢) فۆنۆلۆژی برگە و فۆنۆلۆژی ئازاد لە سەگمێنت........................................ ٢٦
١/٣-٢-١) مۆدێلەکانی برگە........................................ ٢٦
١/٣-٢-١-١) مۆدێلی CV ی برگە........................................ ٢٦-٢٧
١/٣-٢-١-٢) مۆدێلی وەچەپێکهاتەی برگە........................................ ٢٨-٢٩


## بەشی دووەم
## پێرەوی فۆنیمەکان


٢/١) دەنگە بیستراوەکان لە کرمانجیی سەروودا........................................ ٣١
٢/١-١) کۆنسۆنانتەکان........................................ ٣١
٢/١-١-١) تەقارەکان........................................ ٣١-٣٥
٢/١-١-٢) خشۆکەکان........................................ ٣٥-٣٩
٢/١-١-٣) ئەفریکاتەکان........................................ ٣٩-٤٠
٢/١-١-٤) لووتییەکان........................................ ٤٠-٤١
٢/١-١-٥) دەنگە لاییەکان........................................ ٤١-٤٢
٢/١-١-٦) دەنگە لەراوەکان........................................ ٤٢-٤٣
٢/١-١-٧) نیمچە ڤاوڵەکان ........................................ ٤٣
٢/١-١-٨) ئەو دەنگە عەرەبیانەی کە لەم زارەدا دەبیسترێن........................................ ٤٤
٢/١-٢) ڤاوڵەکان........................................ ٤٥-٤٧
٢/٢) پێرەوی فۆنێمەکانی کرمانجیی سەروو........................................ ٤٨
٢/٢-١) کۆنسۆنانتەکان........................................ ٤٨-٥٣
٣/٢) فۆنیمەکان لە دابەشبووندا........................................ ٥٣
٣/٢-١) کۆنسۆنانتەکان (تاک-کۆنسۆنانت)........................................ ٥٣
٣/٢-١-١) گیراوەکان لە جێکەوتەکانی وشەدا........................................ ٥٣-٥٦
٣/٢-١-٢) خشۆکەکان لە جێکەوتەکانی وشەدا........................................ ٥٦-٦٠
٣/٢-١-٣) لووتییەکان لە جێکەوتەکانی وشەدا ........................................ ٦٠

٢/٣-١-٤) دەنگە لابییەکان لە جێگەوتەکانی وشەدا.................. ١...
٢/٣-١-٥) دەنگە لەراوەکان لە جێگەوتەکانی وشەدا..................
٢/٣-١-٦) نیمچە ڤاوڵەکان لە جێگەوتەکانی وشەدا.................. ٦٢-
٢/٣-٢-١) چەپکە کۆنسۆنانت.................. ٦٤-
٢/٣-١-٢-١) زنجیرە کۆنسۆنانتی سەرەتای وشە.................. ٦٥-
٢/٣-١-٢-٢) زنجیرە کۆنسۆنانتی کۆتایی وشە.................. ٦٩-
٢/٣-١-٣) زنجیرە کۆنسۆنانتی نێوان-ڤاوڵی (ناوەڕاستی وشە).................. ٧١-
٢/٣-٢) ڤاوڵەکان.................. ٧٢-
٢/٣-٢-١) ڤاوڵەکانی ڕیزی پێشەوە..................
٢/٣-٢-٢) ڤاوڵەکانی ڕیزی ناوەڕاست..................
٢/٣-٢-٣) ڤاوڵەکانی ڕیزی پشتەوە..................


## بەشی سێیەم
## پرۆسە فۆنۆلۆژی و فۆنەتیکییەکان


٣/١)ئەلۆفۆنەکان.................. ٧٦-
٣/١-١گیراوەکان.................. ٧٧
٣/١-٢) خشۆکەکان.................. ٨١-
٣/١-٣) ئەفریکاتەکان.................. ٨٤
٣/١-٤) لووتییەکان..................
٣/١-٥) لابی و لەراوەکان.................. ٨٥
٣/١-٦) نیمچە ڤاوڵەکان.................. ٨٦
٣/١-٧) ئەلتەرناسیۆنی ڤاوڵەکان.................. ٨٨
٣/١-٨) گونجاندنی وشە خواستراو و بیانیەکان بە پێی فۆنۆتاکتیکی کرمانجی سەروو...... ٩١
٣/٢) پرۆسەکانی جێگۆڕکێ و هەڵتۆقین و توانەوەو قرتاندن..................
٣/٢-١)جێگۆڕکێ..................
٣/٢-٢) هەڵتۆقین..................
٣/٢-٣) توانەوە..................
٣/٢-٤) قرتاندن.................. ٥٠...

٣/٣) پرۆسە مۆرفۆفۆنۆلۆجییەکان ........................ ٩٦
١-٣/٣) هەڵگواستنی ناو ........................ ٩٦
١-١-٣/٣) ناوی لێکدراو........................ ٩٨-٩٧
٢-١-٣/٣ ) ئاوەڵناوی لێکدراو........................ ٩٨
٣-١-٣/٣) ئاوەڵکرداری لێکدراو........................ ٩٨
٤-١-٣/٣) ناوی داڕێژراو........................ ٩٩-٩٨
٥-١-٣/٣) ئاوەڵناوی داڕێژراو........................ ١٠٥-٩٩
٤/٣) دیاردە دەنگییەکان لە سینتاکسدا........................ ١٠٧-١٠٥


## بەشی چوارەم
## برگە


١/٤)دروستەی هەرەمی برگە ........................ ١١٤-١٠٩
١-١/٤) وەچەپێکهاتەی سەرەتای برگە........................ ١١٨-١١٤
٢-١/٤) وەچەپێهاتەی کۆتایی برگە........................ ١١٩-١١٨
٣-١/٤) چەپکە کۆنسۆنانتی نێوان- ڤاوڵی (ناوەڕاستی وشە) ........................ ١١٩
١-٣-١/٤) چەپکە کۆنسۆنانتەکانی سەرەتای برگە لە ناوەڕاستی وشەدا ........................ ١٢٠-١١٩
٢-٣-١/٤) چەپکە کۆنسۆنانتەکانی کۆتایی برگە لە ناوەڕاستی وشەدا ........................ ١٢١
٢/٤) ئاوازەو پێچەوانەی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی........................ ١٢١
١-٢/٤) چەپکە ئاوازەکانی سەرەتای برگە........................ ١٢٣-١٢١
٢-٢/٤) چەپکە ئاوازەکانی کۆتایی برگە........................ ١٢٣
٣/٤) ڤاوڵەکان لە کرۆکی برگەدا........................ ١٢٤
١-٣/٤) ڤاوڵەکانی درێژ دەربڕاو V V ........................ ١٢٥-١٢٤
٢-٣/٤) دوودەنگیەکان ........................ ١٢٧-١٢٥
٤/٤) چەشنەکانی وشە لە ڕووی فۆرمەوە........................ ١٢٨-١٢٧
ئەنجامەکان ........................ ١٣١-١٣٠
سەرچاوەکان........................ ١٣٧-١٣٣

| Term | زاراوە |
| --- | --- |
| ticulator | ئۆرگانی دەنگدروستکەر |
| chiphoneme | ئارخی فۆنێم |
| fricates | ئەفریکاتەکان |
| lophones | ئەلۆفۆنەکان |
| llable | برگە |
| utralization | بێلایەنبوون |
| sives | تەقاوەکان/گیراوەکان |
| stematic | پەیرەو بەند |
| nguage system | پێڕەوی زمان |
| e variation | جۆرە گۆڕدراوە ئازادەکان |
| catives | خشۆکەکان |
| cro distribution | دابەشبوونی گوندە |
| eral sounds | دەنگە لاییەکان |
| rations sounds | دەنگە لەراوەکان |
| cture | دروستە |
| hthong | دوودەنگی |
| anization | ڕێکخراوەی |
| chological reality | زانستی ئاوەزی |
| dard language | زمانی بالآ . |
| sonant sequence | زنجیرە کۆنسۆنانت |
| et | سەرەتای برگە |
| me | سەروا |

| | | |
|---|---|---|
| Formal system | | شێوازبەند |
| Consonant Cluster | | چەپکە کۆنسۆنانت |
| Function | | گۆکردن |
| Minimal pairs | | گچکەترین جووت |
| Macro distribution | | گوندە دابشبوون |
| Generative phonology | | فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان |
| Coda | | کۆتای برگە |
| Substance | | کەرەستە |
| Nucleus | | کرۆکی برگە |
| Nasals | | لووتیەکان |
| Lexical | | لێکسیکی |
| Phonological condition | | مەرجی فۆنۆلۆژیی |
| Phonetic transcript | | نووسینی فۆنەتیکی |
| Segmental features | | نیشانە سێگمێنتیەکان/کەرتییەکان |
| Distinctive features | | نیشانە گۆڕدراوەکان |
| Inflectional features | | نیشانەکانی شکاندنەوە |
| Semi vowels | | نیمچە ڤاوڵەکان |
| Cluster consonants | | هێشوە کۆنسۆنانت |
| Syllable constituent | | وەچەپێکهاتەی برگە |

# پێشەکی

## پێشەکی

### ١/ناونیشان و بواری نامەکە

ناونیشانی نامەکە ( فۆنۆلۆژیی زمانی کوردیی_ کرمانجیی سەروو) بە شێوەیەکی سەرەکی بواری دەنگسازی کرمانجیی سەروو(فۆنیمە سەگمێنتیەکان/ کەرتییەکان)، وەك بەشێك لە پێڕەوی زمانی کوردی دەگرێتەوە، بەڵام سروشتی لێکۆڵینەوەکە وەها دەخوازێت، بۆ دەرهێنانو ساغکردنەوەی بنەماوپاساکانی پێڕەوی فۆنۆلۆژییەکەی، پەنا بردرێتە بەر ئاستەکانی مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسیش. چونکە لەبنەڕەتو بنچینەدا دەنگە زمانییەکان لە مۆرفیمودەربڕاوەکاندا بەرجەستە دەبنودەتوانرێن بنوێندرێن. ئەمە لەلایەكو لەلایەکی تریشەوە هەندێك لایەنی ئەو پەیوەندیە دەردەکەوێت، کە لە نێوان پێڕەوەکانی فۆنۆلۆژیی و مۆرفۆلۆژیی و سینتاکسی ڕێزمانەکەیدا هەیە.

### ٢/ ئامانجی نامەکە

نامەکە هەوڵێکی زانستییە بۆ دەرهێنانو دیاریکردنی پێڕەوی دەنگەکانو بەم پێیەش پێڕەوی فۆنیمەکانو تەرزەکانی دروستە فۆنۆلۆژیەکانی کرمانجیی سەروو لە گەڵ پرۆسەکانیدا و دەرخستنی دیاردەو پرۆسە فۆنۆلۆژیی و فۆنۆتیکیەکانی بەبڕگەو نیشانەکانییانەوە. بە کورتی نواندنو خستنەڕووی پێڕەوی فۆنۆلۆژیەکەیە بە پێی توانا و مەودای کارەکە.

### ٣/ گرینگی نامەکە

زمان پێڕەوێکی چڕو ئاڵۆزەو پێڕەوەکەیش ناوی ڕێزمانی لێنراوە. شیکردنەوەی پەسنکەرانەی پێڕەوی فۆنۆلۆژیش لەتەك ئەوانەی مۆرفۆلۆژیی وسینتکسدا، تەواوکەری شیکردنەوەی پەسنکەرانەی ئەو پێڕەوە گشتییە. گرینگی نامەکەیش لەوەدا

دەردەکەوێت، کە بۆ دەرهێنان و پەسنکردنی پێڕەوی فۆنیمەکان و هەندێك دیاردەی زمانیی ئەو پێڕەوە لە چێوەی قوتابخانەی دروستەکاری( ڕۆنانکاری) یدا پرۆسەو دیاردەکانی تریش بە تیۆریەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێنان جێبەجێکراون.

## ٤/ ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە

هەروەك ئاماژەی پێدرا لێکۆڵینەوەو شیکردنەوەکان بە تیۆریی و هەنگاوەکانی کارکردنی قوتابخانەی دروستەکاری و ڕێزمانی بەرهەمهێنان جێبەجێکراوە. بە گوێرەی ئەم ڕێبازی جیاکردنەوەو پۆلینکردن و ناولێنان لە گەڵ ڕێبازی وەسفکردنی شیکەرەوانە بەکارهێنراون.

## ٥/ سەرچاوەو کەرەستەکانی شیکردنەوەکە

سەرچاوەی شیکردنەوەکە قسەی دەمی ئاخێوەرانی زاری کرمانجیی سەروو بەشێوەیەکی سەلیقە ڕاگوزاری و لەناو خەڵکی گشتی زارەکە، نەك هەڵبژاردنی سامپڵێکی تاقیکردنەوە و خراوەی ژێر چاودێری. ئەم ڕێگەیە زیاتر وردەکارییە دەنگییە شاراوەکانی ئەم زارە دەخاتە ڕوو، چونکە ئاخێوەران لە بارێکی دەروونی ئاساییدا دەبن. هەڵهێنجانی ئەم لایەنە شاراوانەی دەنگییەکان لە پلە پێوەری یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی دراون. ڕەهەندی ئاسۆیی دەنگەکان و ئاستی سەرەوەی دەنگەکان ڕەوت و ڕێڕەوەی شیکردنەوەکەی ئێمەیە، بە هۆی ئەوەی پشت بە توانای گوتن نەك توانستی زمانی دەبەستین. کەرەسەی شیکردنەوەکان زمانی ئێستای قسە پێکەرانی ئەو زارەیە لە سنووری بادینانی ئەمڕۆکە، نەك دەق و نموونەی مێژوویی.(بڕوانە پاشکۆی نامەکە).

ناوچەی بادینانیش، کە دانیشتوانەکەی نزیکەی یەك ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت و ڕووبەری زەویەکەشی (٩٧٥٥) کیلۆمەتر دووجایە دابەشبوونەتە سەر قەزای مەرکەزی دهۆك و شەش قەزای ترو بیست و دوو ناحیە، کە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

أ‌- قەزای مەرکەزی دهۆك – ناحیەکانی :زاوێتە،مانگێشك

ب- قەزای سێمێل- ناحیەکانی :باتێلێ، فەیدیە.

پ- قەزای زاخۆ- ناحیەکانی : دەرکار عەجەم، باتیفە، ڕزگاری.

ت- قەزای ئامێدی- ناحیەکانی : دێرەلوك، کانی ماسێ، سەرسەنگ، بامەڕنێ، چەمانکێ.

ج- قەزای شێخان- ناحیەکانی : قەسرۆك، ئەتروش، باعەدرێ.
ح-قەزای ئاکرێ- ناحیەکانی : بجیل، گردەسین، دینارتێ.
خ-قەزای بەردەڕەش- ناحیەکانی : کەلەك، ریڤیە، دارەتوو.
ئێستا لە تێکرای (١٣٣٦) گوند (٩٠٦) گوندی ئاوەدانە.[1]

## ٦/ ناوەڕۆکی نامەکە

---

جگە لە پێشەکی، نامەکە لە چوار بەش پێکهاتووە:
بەشی یەکەم : بۆ تیۆریی و زانیاری گشتی تەرخانکراوە.
بەشی دووەم : پێڕەوی فۆنیمەکان لە ناو ئەو دەنگانەدا دەرهێنراوە، کە لەو زارەدا دەبیسترێن.
بەشی سێیەم : پرۆسە فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکییەکانی ، گرتۆتە خۆ، بۆ ئامانجەکانی بەشی دووەمن.
بەشی چوارەم : جگە لەوەی دروستەی هەرەمی بڕگەو وەچەپێکهاتەکانی نیشاندەدات و دابەشبوونی کۆنسنانتەکان تیایدا دەخاتەڕوو، ڕوونکردنەوەی پرۆسە دیاردە فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکییەکان و هەندیك لایەنی فۆنیمی پێڕەوەکە پیشان دەدات.
لە کۆتایی نامەکەشدا ئەنجامەکان و سەرچاوەکان و کورتەی نامەکە بە عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

Science Journal

---

[1] ئەم زانیاریانە لە بەڕێوەبەری کارگێڕی پارێزگای دهۆك، (هوشەنگ حسن ئەمین) وەرگیراوە.

# بەشی یەکەم

# تیۆری و زانیاریی بەرایی

# بەشی یەکەم
# تیۆری و زانیاریی بەرایی

## ١/١) پێڕەوو دروستەی زمانیی

پێڕەوی زمان : لە زانستی زماندا پێڕەوی دەنگەکان یەکێکە لە وەچە_پێڕەوەکانی پێڕەوی زمان. پەیوەندیەکانی نێوان یەکەکانی بەگوێرەی پێڕەوەکە ڕێکخراون و بەم جۆرە پێڕەوبەندن. پێڕەوە شێوازبەندانەکەی،کە زمانەوان دایدەنێت بۆ پەسنکردنی دەربڕیینەکانی زمانەو جیایە لەم پێڕەوەی زمان. پێڕەوی دەنگەکان (ا) بۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی ناوەوەی (ڕێکخراوەی organization) پێکهێنەرەکانێتی، کە فۆنێمەکانن لەگەڵ یەکتریداو (ب) بۆ پەیوەندیەکانی لەکاردابوون و کارکردنن لەبۆ بەجێهێنانی ئەرك (گۆکردن function). بۆ دروستەکاریەکان/ڕۆنانکاریەکان، چۆنیەتیی ڕێکخستن و ڕێکخراوەی تەواوی زمانیش پێڕەوە.

دروستەی زمانیی: دروستە structure بەواتای (بینای زمان) ەوە بەکارهێنراوە. بۆ دروستەکاریەکان، دروستە چەندین دروستەیە، کە زمانی پێپەسندەکەن (وەسفدەکەن). دروستە بەو کۆیەیش تێدەگەن، کە تێیدا پەیوەندیی و ئۆپەراسیۆنەکان ڕووندبنەوە. ئۆپەراسیۆنەکان مەنگاوەکانی جێبەجێبوون و پرۆسەکانی خستنەتەکیەك و پەیوەندیەکانی نێوان خراوەتەکیەکانن.

کەواتە زاراوەی دروستەی زمانیی پێڕەوێکە لە ڕێسای ڕێزمانیی ، کە بنەمای زمانن. لەم بارەی ئێمەدا، دروستە کۆی گشت پەیوەندییە جێنشینیی (پەرادیگمایی) و تەکنشینییە (سینتاگمایە) کانی نێوان فۆنێمەکانی پێڕەوی فۆنێمەکانە (فۆنۆلۆژیی). دروستە بە مەرجی پێشەکیی تیۆریی دادەنرێت و بابەتی لێکۆڵینەوەی دروستەو دروستەکارییەکانی زانستی زمانە[2]. لەم لێکۆڵینەوەیەیشدا هەر ئەو کارە کراوە.

[2] Green Berg (1963), Hartmann (1964), Hass (1960), Wunderlich (1971).

## ١_١/١) فۆنۆلۆژیی و ڕێزمان

دەنگ و وشە گچکەترین یەکەی زمانین: وشە لە زنجیرەیەك لە دەنگ دروستبووە. دەنگەکان، بە پێچەوانەی وشەوە، خۆیان واتایان نییە. بەم جۆرە دەنگ، وشە، ڕستەو واتا دەپشکنرێن و ئەو زاراوەو چەمکانە بەکاردەهێنرێن.

بەم شێوەیە بە جیاکردنەوەی ئاستەکانی دەربڕین و ناوەڕۆك پلەکانی فۆنۆلۆژیی و ڕێزمان لەیەکجیاکراونەتەوە: پەسنکردنی دروستەی هەر زمانێك لە دوو ئاستەوە دەردەچێت، کە شێوە/فۆڕم و واتا یان دەربڕین و ناوەڕۆکن.

لەسەر ئاستی دەربڕیینی زمان (فۆڕم/شێوە) بەلانی کەمەوە لە دوو پلەوە دەرچوون: پلەیەکیان ئەوەی دەنگەو ئەوی دییکەیان ئەوەی وشەیە: فۆنۆلۆژیی دەنگەکان پەسندەکات (بڕوانە دوو_دروستەیی زمان double articulation, duality[٣]).

زانستی زمانی دروستەکاریی/ڕۆنانکاریی و لێکۆڵیینەوە زمانیە نوێباوەکان لە زاراوەکانی فۆڕم/شێوەو کەرەستە/مادە substance ەوە دەرچوون و دەستیانپێکردووە: لەسەر ئاستی دەربڕین و لە جیاوازیی نێوان کەرەستە و فۆڕم، de Saussure دەڵێت، کە زمان فۆڕمەو کەرەستە/مادە نییە. پاشان قورساییخراوەتە سەر بەرجەستەبوون لە کەرەستەداو بەو ڕاستییە گەیشتوون، کە زمانی ئاخاوتن بەر لە زمانی نوسیینە[٤]. کەرەستەی سەرەکیی ئاستی دەربڕیینی زمان ئەو دەنگانەن، کە ئۆرگانەکانی زمانی مرۆڤ بەرهەمیاندەهێنن[٥]. بەرجەستەبوونی زمان لە کەرەستەدا لەخۆوەیە: جیاوازییەکانی، کە لە بیچم یان دەنگدان، لەڕێی پێکهێنەرەکانی دەربڕیینی زمانەوە (CV)چەسپاون.

پرسیارو بابەتەکانی لێکۆڵیینەوەیەکی فۆنۆلۆژی لە چەند خاڵێکدا کۆکراونەتەوە، کە ئەمانە گرنگەکانیانن[٦]:

دیارییکردنی یەکەکانی فۆنۆلۆژیی و هەم چەشنی بنەڕەتیی و بنچینەیی و هەم جۆرەکانی تریش ((پێڕەوی فۆنێمەکان و ئەلەفۆنەکان و چەشنەکانیان). دۆزیینەوەی ڕێساکانی فۆنۆلۆژیی، کە کۆنترۆڵی یەکەکانی پێڕەکە دەکەن لەگەڵ پەسنکردنیکی فۆنۆلۆژیی پێڕەکەی (بیشڕوانە (١/٢) !).

---

[٣] محەمەدی مەحویی (٢٠٠١)

[٤] بڕوانە Lyons (1968:39-43, 67-68) و محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) !

[٥] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠٧) !

[٦] Lass (1984).

## ١/١_٢) پۆلێنکردنی دەنگەکان و خستنەتەکیەك

هەر زمانێك مەرج و قەیدو کۆتوبەندی دیارییکراوی خستنتەکیەکی خۆی هەیە، کە سەر بە دروستەی فۆنۆلۆژیین و دەتوانرێن بۆ دروستەی فۆنۆلۆژیی بگێڕدرێنەوە. دەنگەکان بۆ C ەکان و V ەکان پۆلێنکراون.

بەدەر لە بەرجەستەبوونی کەرەستەیی، پێکهێنەرەکانی دەربڕیین (ا) ئەرکی بەجێهێنانی جیاکردنەوەی واتا (گۆکردنی واتا_گۆڕیین) و ئەرکی خستنەتەکیەك (گۆکردنی خستنەتەکیەك) و (ب) ئەرکی هەمبەرییان هەیە (بڕوانە وشەی فۆنۆلۆژیی و وشەی ڕێزمانیی).

وشە فۆنۆلۆژیەکان لە پێکهێنەرە فۆنۆلۆژیە واتا_جیاکەرەوە دەربڕیینیەکان دروستبوون. وشەڕێزمانیەکان لەڕێی وشە فۆنۆلۆژیەکانەوە بەرجەستەدەبن و لەتەکییدا مەرج نییە هەمان دروستەیان هەبێت.

پەیوەندییەکان و ڕێسای دابەشبوون (بڕوانە خوارتر !) لەگەڵ جیاکردنەوەی "فۆڕم و کەرەستە"[7] form and substance ئەدگارو ئاکاری زانستی زمانی دروستەکاریی نوێباون. بۆنموونە، وشەیەکی وەك /بیر/ "وشەیەکی فۆنۆلۆژیی" لە سێ دەنگ دروستبووە. وشەی فۆنۆلۆژیی ئاڵۆز دەتوانرێت لە پەیوەندییە کەرەستەییەکەیدا، واتە وەك وشەی فۆنەیتیکیی، وەك C+V+C ی یەکلەدوای یەك پەسنبکرێت.

دەنگ لە کەوانەی شکاوەدا [p], [t], [k] و پییت p, t, k لەنێوان دوو سەرە تیردا <پ> دەنووسرێت. یەکە پێکهێنەرەکانی دەربڕیین دەتوانرێن بەرجەستەبکرێن: کەرەستەی فۆنەیتیکی p لەڕێی دەنگی [p] ەوەو کەرەستەی گرافییشی لەڕێی پییتی <p> ەوە بەرجەستەدەکرێت.

فۆنێم و دابەشبوون و جۆراوجۆریی ئازاد: فۆنێمەکان مەرجەکانی قەیدبوون و کۆتوبەندیان لەسەرەو لێرەدا ئاماژە بە نموونەکانی دابەشبوون distribution دەدرێت:

(ا) دابەشبوونی هاونرخ distribution equivalence ،

(ب) دابەشبوونی تەواوکەرانە complementary distribution.

(پ) دابەشبوونی هاونرخ و دابەشبوونی یەکتر_بڕ:

---

[7] بڕوانە محەمەدی مەحویی(٢٠٠٧) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراوون.

– دابەشبوونی هاونرخ equivalent –. ئەمەیان بە پەیوەندیی لەناوخۆدا هەڵگرتن inclusion relation ناسراوە.

– دابەشبوونی یەکتر_بڕ یان دابەشبوونی کەوتنەسەریەکی کەمەکیی partial overlapnig.

هەر فۆنیمێك ئەرکێکی بەجێهێنانی هەمبەریی opposition function و ئەرکێکی بەجێهێنانی خستنەتەکیەکیی combination function هەیە. ئەو فۆنیمانەی لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، هەمبەرییان نابێت. ئەو فۆنیمانەی، کە لە دەقێکی دیارییکراودا ڕوودەدەن، بەبێ ئەوەی لەگەڵ یەکترییدا هەمبەریی بن، لە جۆراوجۆری ئازاد free variation ن.

فۆنیم لە پەیوەندییەکاندا: فۆنیمی زمانیی دەتوانێت لەناو دەقێکی دیارییکراودا ڕووبدات. کەواتە فۆنیمەکە لە پەیوەندییدا دەبێت و پەیوەندیەکانیش دوو جۆرن: (ا) پەیوەندیی تەکنشینیی (سینتاگمایی) و (ب) پەیوەندیی جێنشینیی (پەرادیگمایی ~ پۆلەڕەگەزی_ستوونیی). لەسەر ئاستی تەکنشینیی/دەربڕیین دەنگە زمانیەکان هەن و دەبیسترێن.

ئەگەر لەدەرەوەی ئەو دوو پەیوەندیەدا بڕوانرێتە فۆنیمەکان، ئەوا فۆنیمەکان واتایان نییەو بێواتان. ئەم ڕاستییە دارشتن و نواندنێکی representation وردی ئەم ڕێسا دروستەییstructural principle ەیە:

هەر فۆنیمێکی زمانیی لەناو پێڕەوێکدا جێکەوتەیەك position وەردەگرێت و لە جێکەوتەیەکدایە[8]. یەکەکان لە پەیوەندییە جێنشینیەکاندا (ا) هەمبەریین contrastive یان (ب) لە جۆراوجۆریی ئازادن free variation. دوو یەکەی هەمبەریی، یەکێکیان پۆزەتیڤ (نیشانەکراو/مارکەلێدراو، نائاساییە) marked ەو ئەوی دییکەیان بەبێ نیشانەیە (نیشانەنەکراوە/مارکەلێنەدراوە/ئاساییە) unmarked, default. لەباری ئاساییدا فۆرمە نیشانەنەکراوەکە واتاو گرنگیی گشتیی یان دابەشبوونێکی فراوانترو زۆرتری لە نیشانەکراوەکە هەیە (بڕوانە خشۆکەکانی زمانی کوردیی).

فۆنیم و توانای بەجێهێنانی ئەرك[9]: لە پێڕەوی فۆنۆلۆژییدا، گشت هەمبەرییە پەرادیگماییەکان لە بەجێهێنانی ئەرك و گۆکردنەکانی زماندا هەمان گرنگییان نییە.

لەبەرئەوەی هەمبەرییەك لە نێوان /p/ : /b/ دا هەیە، دەتوانرێن بە دوو گچکەترین پێکهێنەری دەربڕیینی زمانی کوردیی دابنرێن (بەڵام بڕوانە نیشانە جیاکەرەوەکان). زاراوەی گچکەترین minimal پێماندەڵێت، کە ناتوانرێت چیدیی شیبتەڵبکرێن.

---

[8] Lyons (1968:77, 52).

[9] Lyons (1968: 83).

هەمبەرییەکەی هەر یەکێکیان بەجێهێنانی ئەرکێکی لەسەرە (گۆکردنێکی هەیە) و ئەمەیشە، کە بە بەجێهێنانی باروئەرك function`sload ناسراوە. ئەو فۆنێمانەی ئەرکی بەجێهێنانیان زۆرترە، پتەوترن، کەم لەناودەچن و توانایان بۆ مانەوە زۆرترە. پێویستە بگوترێت، کە گرنگە ئەم ڕاستییەو ڕێژەکانیان بزانرێت، تا بیشزانرێت دیاردە (فۆنۆلۆژیی و فۆنەیتیکیی) ەکان چۆن ڕووندەکرێنەوە.

وشەی زۆر، وەك بەشێکی گەنجی وشەی کوردیی-کرمانجیی سەروو هەن، کە بۆ نموونە /ع/ و /ح/ یان تێدایە و ئەمەیش ڕۆڵی خۆی لە لەیەکتریی_گەیشتن لە گفتوگۆکردنەکانماندا هەیە. ئەم ڕۆڵەیە، کە لە بەجێهێنانی ئەرکدا مەبەستە، بۆیە دەشێت ئەو دوانەیش بە فۆنێم دابنرێن.

فۆنێم و ناوەرۆکی زانیاریی: مەبەست لەناوەرۆکی زانیاریی چەندێتیی زانیاریی فۆنێمێکە، کە لە دەقێکدا هەڵیگرتووە. ئەگەر، بۆ نموونە دوو یەکە لە دەقێکدا هەمان ئەگەری بەجێهێنانی ئەرکیان هەبێت، ئەوا هەردووکیان لە هەمان دەقدا هەمان ناوەرۆکی زانیارییان دەبێت. پەیوەست بەمەوە بڕوانە تواناو لەباریی پێشبینییکردنی دیاردەی وەك قرتاندنی هەندێك فۆنێم (/چەند/ ~ چەن ~ *چەد).

**١/١_٣) دەستووری نەریتی نووسینەوە**

دەستووری نووسینەوە بۆ داڕشتن‌و نواندن بەکاردەهێنرێت و بەپێی ڕێکەوتنی باوو‌پەیڕەوکراو‌کەوتووە [١٠].

(ا) "کەوانەی شکاوەی سەرەتیریی" { } ئاماژە بە حاڵەتی مۆرفیمیی دەدات ({کۆ} یان {ان}).

(ب) دوو هێڵی لار بەبێ داش:

دوو هێڵی لار بۆ حاڵەتی فۆنێمیی لاگرو وشە (/ناو/).

دوو هێڵی لار بە داشێکی پێشەوە بۆ پێشگر /_ / (/بێ_/ ی /بێناو/).

دوو هێڵی لار بە داشێکی دواوە / _/ بۆ پاشگر (/_دار/ ی /ناودار/).

(پ) دوو کەوانەی شکاوە [ ] بۆ چۆنیەتیی دەربڕینی فۆنەیتیکیی (/ناو/ [nau]).

(ت) دوو سەرەتیری پێچەوانە بۆ "دەربڕاو" (>پشیك<، >ب خودێ تەحلە<) و ... هتد.

---

[10] بڕوانە Lyons (1968: ch.4) !

(ج) جووت_سەرەتیرەکانی < > بۆ شێوە قووڵ و بنجییەکەی بەرجەستەبووەکانە <پیسکە> [pi:skə] ~ [piskə] یان بۆ یەکەیەکی گرافییە <کورد>، <دوور>، <دووربین>، <دووربیین>.

(چ) " +" بۆ سنووری مۆرفێم (سنوورە مۆرفێم) و "#" بۆ سنووری وشە (وشە مۆرفێم) دانراون.

(ح) " V" بۆ ڤاوڵ و " C" یش بۆ کۆنسۆنانتە.

(خ) ":" بۆ هەمبەریی و بەرامبەربەیەکوەستانەوە (یەك : یەك، /ب/ : /پ/)

نوسیینەوە: دوو جۆر لە نووسیینەوە لەیەکجیاکراونەتەوە، کە

(ا) لە نووسیینەوەی فۆنێمیدا phonemic transcript هێڵی لاری ئەملاولای نووسراوە فۆنەیتیکیەکەیان داوەو تەنها بۆ ئەو یەکانەن، کە جیاوازیی لەواتادا دەخەنەڕوو.

(ب) نووسراوە فۆنەیتیکیەکان بە کەوانەی شکاوە دەوردراون و تێیدا گوێ نەدراوە بە ئەرکی بەجێهێنانیان (گۆکردنیان) لە زمانەکەدا. نووسیینی فۆنەیتیکیی phonetic transcript بە وردەکاریی زۆرەوە ناونراوە نووسیینەوەی تەسك/ورد narrow transcription. تێیدا تەنها ئەو سەگمێنتە فۆنەیتیکیانە دەنووسرێن، کە ئەرکی بەجێهێنانیان لە زمانەکەدا هەیە. نووسیینی فۆنەیتیکیی بە وردەکاریی کەمەوە نووسیینەوەی فراوان/درشت broad transcription ە.

ئەلفوبێی فۆنەیتیکیی [11]: نوسیینی فۆنەیتیکیی بۆ سەگمێنتەکانی کرمانجیی سەروو: کۆنسۆنانتەکان: کۆنسۆنانت و ڤاوڵە هەمبەریەکان و ئەلەفۆنەکانی ئەم زارە سەرەکییە دەهێنرێنەوە:

خشتەی (١-١) ڕەمزەکانی نوسیینی فۆنەیتیکیی کۆنسۆنانتەکان:

| | | |
|---|---|---|
| [p] پەڕك | کرتوپە | چاپ |
| [b] بهار | ڕەبەن | — [12] |
| [t] تۆژ | سۆتن | سەربەست |
| [d] دەڤەر | کادین | — |
| [k] کل | سەرکار | پاتك |

[11] محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٩٢_٩٥)؛ Gimson (1989:ch.5), Ladefoged (1982: ch.2), Lyons (1968:111)

[12] بڕوانە جێکەوتەی گیراو خشۆکەوتەفریکاتەکان لە جێکەوتەی برگەدا یان لە کۆتایی برگەدا وەك ئارخیفۆنێم.

| | | |
|---|---|---|
| [g] گۆشت | بەلەنگاز | — |
| [q] قلۆچ | بەقل | لاق |
| [ʔ] ئەڤین | قورئان | نەء |
| [f] فیقی | حەفك | دەف |
| [v] ڤیان | شڤان | — |
| [s] سەر | گوستیل | وەریس |
| [z] زار | بزمار | — |
| [ʃ] شێر | پاشا | تەڕاش |
| [ʒ] ژار | بژار | مێرکوژ |
| [x] خێر | موختار | شێخ |
| [ɣ] غازی | دەغل | باغ |
| [ħ] حلیك | تەحل | ڕوح |
| [ʕ] عەڤر | سەعات | فەرع |
| [h] هاڤین | گوهدار | گونەه |
| [tʃ] چار | کۆچەر | قێچ |
| [dʒ] جۆت | خەنجەر | — |
| [m] مال | قامك | مام |
| [n] نال | چاندن | گاسن |
| [l] لاندك | کەلەخ | شل |
| [ɫ] — | زوڵم | چڵ |
| [r] — | مرن | بەر |
| [ʀ] ڕۆناهی | گەڕیان | گۆڕ |
| [w] وار | لاوك | ئەو |
| [y] یار | دیار | مەی |

**ڤاوڵەکان:**

**خشتەی (١_٢) ڕەمزەکانی نووسینی فۆنەتیکیی ڤاوڵە هەمبەریەکان**

| | | | |
|---|---|---|---|
| i | بیست، شیش | | |
| i: | بیی | پییر | |
| u | کون | گول | کورد،گورگ ~ گور |
| u: | بوو | چوون | |
| e | بێ | بێز | پێست، تێشت |
| o: | بۆ | بۆز | گۆشت، دۆست |
| a | با | باسک، ئارد | |
| ə | بەرە | سەر | بەر، کەر |
| ü | خەسوی | خوین | |
| ɨ | سل [sɨɫ] | کەسک [kəsɨk]، پر [pɨr] | |

### ٢/١) قوتابخانەی دروستەکاریی structural phonology

لەم پارەدا بەتەواویی زاراوەی فۆنێم ڕووندەکرێتەوە[13] و هەندێك بابەتی فۆنۆلۆژیی و فۆنێم و ئەو دیاردانەی، کە بەسەر فۆنێمدا دێن یان پەیوەندییان بە فۆنێم و دیاردەکانیانەوە هەیە ڕاڤەدەکرێن[14].

فۆنۆلۆژیی خۆی بە دەنگەکانی زمانەوە خەریکدەکات، بەتایبەتیی بە ئەرکی بەجێهێنانی واتا_گۆڕین (گۆکردن) و هەڵسوکەوتی ڕێکخستن و جۆری ڕێکخراویی دەنگەکانەوە sound oraginzation لەناو خۆیاندا.

لە لێکۆڵینەوەی فۆنۆلۆژیی و پێڕەوەکەیدا قورسایی دەخرێتەسەر ڕەفتاری ڕێزمانیی دەنگەکان. پێڕەوی فۆنۆلۆژیی پێکەوەبوون و خراوەتەکیەکی فۆنەیتیکی جیهانیی و فۆنەیتیکی تایبەت بە هەر زمانێکە لەگەڵ دروستەی (چەشن و جۆرەکانی خستنەتەکیەکەکانی combinations) زماندا بەگشتیی.

- de Saussure (1959:122) بەو چەشنە فۆرم form و کەرەستە substance ی لەیەکجیاکردۆتەوە، کە زمان ژمارەیەك بێت لە پەیوەندیی (_شکڵیی_) شێوازبەندانە formal

---

[13] دەربارەی تیۆریی قوتابخانەی پراگ، بڕوانە بە تایبەتیی Trubezkoy (1939 ), Jakobson (1956), Hockett (1955, 1958), Harris (1951)

[14] Lass (1984: ch. 1), Lyons (1968: ch. 2)

relations و کە دەبێت لە مێشکی قسەکەرانییدا داڕێژرابێت، بەڵام کە وەك کەرەستە (وەك دەنگ) بەرجەستەکراوە. پێکەوە_بەندبوون و یەکبوونی ئەم دوانە "وشە" یەکە. ئەمە بە جووت_ئاستیی/duality/دوو_دروستەیی double articulation ناسراوە[15]: پەیوەندیی نێوان پێکهێنەرە بێواتاکەو خراوەتەکیەکە پرواتاکە دەستووریەدەرو لەخۆوەیەو ئەمەیشە، ئەوتۆنۆمیی و سەربەخۆیی فۆنۆلۆژیی بۆ لێکۆڵیینەوە مسۆگەرکردووە[16].

زۆربەی زاناکانی ئەم قوتابخانەیەو فۆنۆلۆژیی لەسەر هەندێك لایەن لە فۆنۆلۆژییدا رێکەوتوون[17] و لێرەدا تەنها ئەوانەیان هێنراونەتەوە، کە لە نامەکەدا سوودیان لێبیینراوە:

(ا) دەنگەکان خۆیان بێ واتان —واتایان نییە[18]. لەناو دروستەی زمان و لەناو خراوەتەکیەکەکاندا دەتوانن واتا هەڵبگرن.

(پ) هەر زمانێك گەنجێکی لە دەنگەکان هەیە.

دەنگەکان دەخرێنەتەکیەك و خراوەتەکیەکانیان تەرزی خۆیان هەیە. تەرزەکان چەشنی رێکخستنی کەرەستەیی دەنگەکانن و لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دییکە دەگۆڕێن و جیاوازن. مەرج و کۆتوبەندەکان لەسەر دابەشبوونی دەنگەکان لەو تەرزانەدا توانای پێشبینییکردنی هەندێك دەنگمان لە هەندێك شوێنی دیارییکراودا دەداتێ[19] (بروانە فۆنۆتاکتیك !).

ئێستا لە چەمکە بنەماییەکانی فۆنۆلۆژیی قوتابخانەی دروستەکاریی وردەبیینەوە[20].

بنیاتی دەنگەکانی زمان لای de Saussure پێڕەو یان langue دەگرێتەوەو کردەی قسەکردنەکەیش parole دەبەخشێت. بۆ Trubezkoy تەنها بنیاتی/شکلی دەنگەکانی زمان بابەتی/کەرەستەی فۆنۆلۆژییە، بەڵام بەرجەستە بەدیهێنراوەکانی کردە قسەییەکان بابەتی/کەرەستەی فۆنەیتیکن[21].

یەکە زمانییەکانی زمانێك دروستەیەك دروستدەکەن. واتە لەگەڵ یەکەکانی پێڕەوی زماندا لە پەیوەندیی زۆردان.

---

[15] بروانە (Lyons (1968:2/3_4 ، محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٧_٣٨) !

[16] دەربارەی "مۆدولاریتیی مێشك" و "پێکهاتەکانی ڕێزمان"، بروانە محەمەدی مەحویی/ئەرمین عومەر (٢٠٠٥) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدا دراون.

[17] Lass (1984).

[18] بروانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠١: ٣٥_٣٦)!

[19] بروانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠٠) "چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژیی".

[20] بروانە: de Saussure (1916)

[21] (بروانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠٧).

له لێکدانەوەو ڕوونکردنەوەی تیۆریی فۆنۆلۆژییدا، زمانەوان خۆی بە ڕەهەندە جێنشینییەکانە (پەڕادیگماییەکانەوە، پۆلە ستوونییەکانەوە) خەریکدەکات -فۆنیمە جیاوازەکان لە دەقەکاندا لە هەمبەریی جێنشینیدان/پەڕادیگماییدان Lyons (1968: 2/3)!

دروستە فۆنۆلۆژییەکانی وشەکان بەیارمەتیی ئەو یاسایانە نیشاندەدرێن، کە خستنەتەکیەکی گرووپە فۆنیمەکانمان دەدەنێ.

پێڕەوی فۆنۆلۆژیی زمانێك تەنها وشە ڕاستەقینەو لە ئارادابووەکان دانانرێت، بەڵکو وشە ئەگەریەکانیش دەگرێتەوە. هەردووکیان وشە فۆنۆلۆژییە بەبڕشتەکانی پێڕەوی زمانەکەن[٢٢].

گشت نیشانە تایبەتییەکانی دەربڕاوەکان، کە دەپێورێن و پەیانپێدەبرێت، لە فۆنۆلۆژییدا ڕەچاوناکرێن و ئیعتیباریان بۆناکرێت، بەڵکو تەنها ئەو نیشانە تایبەتیانە ڕەچاودەکرێن، کە لە ڕووی ئەرکی بەجێهێنانەوە (گۆکردنەوە) بۆ پێڕەوی زمان گرنگن. کەواتە نابێت فۆنیمێك وەك دەنگێکی بەرجەستەبوو بناسرێتەوەو جیابکرێتەوە. فۆنیم دەنگی گرووپێکی نادیارە، کە هێنانەدیتن و جۆری بەرجەستەبووی گۆڕدراوی هەیە. فۆنیم ئەو یەکە نادیارەیە، کە ئەو نیشانە تایبەتیانەی تێدا نییە، کە بۆ ئەرکی بەجێهێنانی واتا (بۆ گۆکردنی گۆڕینی واتا) گرنگ نین و کەمنرخن. کام جیاوازیانەی دەنگ گرنگن و کام جیاوازیانەیان بەبەهان، لەلایەن پێڕەوی دەنگەکانی کرمانجیی سەروو خۆیەوە دیارییدەکرێن.

لە جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی سەگمێنتەکاندا، هەندێك مەرج هەن، کە بۆ هەموو فۆرمەکانی تیۆریەکانی فۆنۆلۆژیی بناغەو بنچینەن و ژمارەیەکیان دەهێنرێنەوەو ڕووندەکرێنەوە[٢٣]:

١- مەرجە گشتییەکان

(ا) پەیوەندیی کارلێکیی (پەیوەندیی کارلەیەککردن) مۆرفۆلۆژیی لەگەڵ فۆنۆلۆژییدا هەیە. دەتوانرێت دەربڕاوەکان شیتەڵبکرێن و سەگمێنتەکانیان لەیەکجیابکرێنەوە، بۆ ئەوەی کەرەستە بەراییەکانیان بەدەستبخرێن.

(ب) هەڵاوێرکدنی ئەلەمۆرف:

---

[22] دەربارەی ئەم بابەتە لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا، بڕوانە بۆ نموونە (4 : 1968) Lyons !

[23] Lass (1984: cap.2, 3).

(ب_ا) مەرجی فۆنۆلۆژیی phonological conditioning: هەڵاویرکردنی ئەلەمۆرفێك لەسەر بناغەی ئەوەی، کام سەگمێنتانە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە دەورووبەرییەن. بە گشتیی پاشگر مەرجی فۆنۆلۆژیی هەیە (بڕواە (٣/١) ا).

(ب_ب) مەرجی ڕێزمانیی grammatical conditioning ~ مەرجی مۆرفۆلۆژیی morphological condition: ئەو مەرجەی لەسەر بناغەیەکە، ئەو مۆرفیمەیە، کە لەدوای دێت و ئەمەیش بەگشتیی مەرجی ڕێزمانیی هەیە[24].

جۆرێکی (ب_ب) مەرجی لێکسیکیی (مەرجی فەرهەنگیی) یە، کە تێیدا ئەلەمۆرفیی و دەرکەوتنی ئەلەمۆرفەکان لەڕێی هەبوون و ئامادەبوونی مۆرفێمێکی لێکسیکیی دیارییکراوەوە دیارییدەکرێت، بڕوانە یاسای کۆی ناو لە کرمانجیی ناوەڕاستدا بە /_ان/ و بە لاگری دییکەی وەك /_هات، _گەل، گەلە_/، کە جۆرێك لە مەرجی لێکسیکیی نییشاندەدەن. جۆری دییکە گۆڕیینی ڤاوڵی ناوەوەو/یان لەگەڵ پاشگری جیاوازیشدا هەن. دەشێت گشت ئەو چەشنانەی مەرجەکان کۆببنەوەو پێکەوە لەگەڵ یەکترییدا بێن.

## ١-٢/١) بەرجەستەبووەکان و دابەشبوونەکان

هەبوونی فۆنێم داوای پەیکاڵبوونی (تەتابوقی) نێوان فۆرمی فۆنۆلۆژیی و کەرەستەی فۆنەیتیکیی دەکات: لەمەوە دەردەکەوێت، کە دەنگ هەن، (ا) سەر بە پێڕەن و بە پێڕەوەوە بەستراون (پێڕەوبەند) و وەك پێڕەوێکی ئیشارە یان کۆد سەر بە زمانن (فۆنێم) و (ب) دەنگیش هەن، کە سەر بە پێڕەوەکە نیین و بۆ پێشبیینییلێکردن لەبارن و دەتوانرێت پێشبینیانلێبکرێت.

٢- مەرجەکانی دیارییکردنی فۆنێم[25]: شییکردنەوەی فۆنێمیی و چییەتی فۆنێمەکانی زمان ناوی فۆنۆلۆژیی پۆلێنکەرانە taxonomic phonology ی لێنراوەو ئەمانەیش مەرجەکانی ئەو شییکردنەوەیەن:

(ا) ئەفزەلیەتی فۆنێم: یەکە ئەتۆمیەکانی فۆنۆلۆژیی کەرەستەی هەمیەرییەن، لە قەوارەی سەگمێنتدا، بەواتا لە شێوەی فۆنێمدا.

---

[24] Lass (1984: 9/4).

[25] Lass (1984:18-21).

(ب) یەك–بوونیی biuinqueness: هەر فۆنێك دەبێت لە یەك دەوروبەری دیاریکراودا ئەلەفۆنێکی تەنها یەك فۆنیم بێت. ئەم مەرجەیان بۆ ئەوەیە ڕێگە لە فرەواتایی بگیردرێت و یەك_خوێندنەوەیی بپارێزرێت.
شییکردنەوە فۆنێمیەکە بریتییە لە گەنجێك لە فۆنێم پێکەوە لەگەڵ یاساکانی بەرجەستەکردنی ئەندامەکانی و هێنانەوەو خستنەڕووی دابەشبوونەکەی:

٣– شییکردنەوەی فۆنێمیی، ژمارەیەکە لە لیستی سێ چەشن: (ا) بەدەستەخستنی گەنجی فۆنێمەکان: دیارییکردنی فۆنەکانی زمانەکە. (ب)بەدەستخستنی یاساکانی ئەلەفۆنیی: هێنانەوەو نواندنی بەرجەستەکردن و بەرجەستەبووەکان. (پ) دۆزیینەوەی فۆنۆتاکتیکیەکان: ڕوونکردنەوەو نواندنی زنجیرە ڕێگەپێدراوەکانی فۆنێمەکان: چەپکە فۆنێمەکان، زنجیرەکان، قەیدو کۆتبەندەکانی دابەشبوون، چەشنەکانی بڕگە ڕێگەپێدراوەکان.
چۆن دەتوانرێت دیارییکرێت، کام دەنگانە لە زمانێکدا فۆنێمەکانی دەنوێنن و چۆن پێڕەوی فۆنێمەکانی بەدەستدەخرێت ؟ دوو فۆنێم هەمبەرین، کە ئەرکیان (گۆکردنیان) بۆ جیاکردنەوەی واتایە/چشتە. ئەم ڕێبازی لەبرییدانانە یان جێگەگرتنەوەیە (لەپەیوەندیی جێنشینییدا) بۆ چەسپاندنی هەمبەریی دەڵێت، کە دوو فۆن لە هەمبەرییدان و گچکەترین جووتێك دروستدەکەن، ئەگەر بتوانن لە هەمان قاڵبدا جێگەی یەکتریی بگرنەوە. بەڵام دەشێت هەمبەرێتیی و گچکەترین جووت بۆ دیارییکردنی فۆنێم سەرکەوتوو نەبێت و بە هەڵەیشماندا ببات، چونکە ئەدگارە دروستەییەکان structural properties باشتر پەسندەکرێن وەك لە ئەدگاری هەمبەرە فۆنێمیەکە.:

٤– مەرجەکانی فۆنێمیی/ مەرجەکانی شییکردنەوەی فۆنێمیی: (ا) بە گشتیی دوو فۆن لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، کە ئەلەفۆنی یەك/هەمان فۆنێمن، بەواتا نەتوانن لە یەك/هەمان دەوروبەردا ڕووبدەن و دەربکەون و بەم پێیەیش نەتوانن هەمبەر بەیەك بوستنەوە. (ب) حاڵەتی سەرەکیی بۆ هەمبەر_بەیەکوەستانەوە دابەشبوونی هاوتەرییبییە. (پ) ئەلەفۆنەکانی، کە لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان، پێویستە لە یەکچوونی فۆنەیتیکییان هەبێت[٢٦].

زانایانی فۆنۆلۆژیی کار بە سێ ڕێسای گشتیی دەکەن:

---

[26] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠٧)

٥-مەرجەکانی پەسنکردن description conditions لە شییکردنەوەی فۆنیمەکانـدا: (ا) ساکاریی پێڕەو: تادەکرێت پێڕەوەکە ساکاربکە! با ژمارەی فۆنیمەکانت کەمترین ژمارە بێت و چەشنەکانی فۆنیمەکانیشت کەمترین چەشنیان هەبێت. لەمەوەیە، کە دەبێت لێکۆڵەر کار بۆ ئەوە بکات پێشبینیی لە بەرجەستەکرنەکان بکات و یاساکان بۆ کەمکردنەوەی فۆنیمەکان بەکاربهێنێت. بە گێڕانەوەی چەند ئەلەفۆنێك بۆ فۆنیمێکی بنەڕەتیی گشتگریی و ساکاریی دەستدەکەوێت. (ب) سیمەتریی (دوو سستەمی وەکیەکیی) symetricality: پێویستە پێڕەوە بەدەستهێنراوەکە سیمەتریی symmetric بێت. (پ) بۆ ئەوەی لێکۆڵەر (ا) و (ب) بەدەستبخات، پێویستە بۆ هەموو جۆرەکان بە یاساو بەپێی پێڕەو بەدەستیبخات.

### ١/٢-٢) ئەلەفۆنەکان و جۆرەگۆڕدراوەکان[٢٧]

بە گشتیی و بەلایەنی کەمەوە دەتوانرێت سێ چەشنی گۆڕدراو لەیەکجیابکرێنەوە:

٦- چەشنەکانی گۆڕدراوەکان

(ا) دابەشبوونی تەواوکەرانە ،

(ب) جۆرە گۆڕدراوە ئازادەکان free variation و

(پ) "بێلایەنبوون" neutralization ن.

ئەلەفۆن و دابەشبوونی تەواوکەرانە[٢٨] : بۆ ڕوونکردنەوەی چەشنەکانی ئەلەفۆن و ئەوەی جۆراوجۆرە ئازادەکان، ئەلەفۆن و دابەشبوونی تەواوکەرانە ڕاڤەدەکرێنەوە.

ئەو ئەلەفۆنانەی فۆنیمێك دابەشبوونی تەواوکەرانەیان هەیە، کە هەرگیز لە هەمان دەوروبەری دەنگییدا (لە هەمان دەقدا) بەکارناهێنرێن و دەرناکەون. کەواتە هەرگیز لە هەمبەرییدا نین و هیچ گچکە ترین یەکەیەکی minimal unit جیاکەرەوە دروستناکەن.

یاسائاساو بەگشتیی بەوشێوەیەیە، کە دوو ئەلەفۆن، ئەگەر دابەشبوونی تەواوکەرانەیان هەبێت، وەها پۆلێندەکرێن، کە هەردووکیان سەر بە هەمان فۆنیم بن.

---

[27] Lass (1984:30-34).

[28] Lyons (1968:115-116).

جۆرە گۆڕدراوە ئازادەکان[٢٩]: ئەم جۆرە گۆڕدراوە ئازادانە free variation یان ئەلەفۆنانە لە هەمان دەقی دەنگییدا ڕوودەدەن و دەردەکەون. ئەم جۆرە گۆڕدراوە ئازادانە لە هەمان دەوروبەردا لەبری یەکتریی دادەنرێن و جێگۆڕکێیان پێدەکرێت، بەبێ ئەوەی واتاکە بگۆڕدرێت و لە دوو جۆر یارییدا ئەگەری بوونیان هەیە:

٧- جۆرە گۆڕدراوە ئازادەکان

(ا) جۆری گۆڕدراو لای هەمان قسەکەر/ئاخێوەر.

(ب) جۆرە گۆڕدراوە ناوچەیی و کۆمەڵایەتیەکان.

هەمبەرێتیی[٣٠] و بێلایەنبوون : بێلایەنبوون و ئارخیفۆنێم archiphoneme: ئەم وەچەپارانە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە "پێڕەوی فۆنێمەکان" ەوە هەیە. هەمبەرێتیی فۆنۆلۆژیانە هەمیشە بۆ هەموو دەوروبەرەکان گرنگ نییە. هەندێک جووت-فۆنێم بەشداریی ئەسییمەترییان لە دابەشبووندا هەیە. ئەوەتا لە دەربڕینی کۆنسۆنانتە گیراوەکاندا، تەنها کپەکانیان لە کۆتاییدا دەردەکەون.

٨-ا) گشتگریی یەکەم: گیراوی دەنگدار ناتوانێت لە جێکەوتەی کۆتاییدا دەربکەوێت.

ئەم جووت_فۆنێمییەی سەگمێنتە دەنگدارو کپەکان لەو جێکەوتەیەدا، پەیوەست بە دابەشبوونەکەوە، داوای ئەمە دەکات:

٨-ب) گشتگریی دووەم: وەهادەردەکەوێت، کە دابەشبوونی p/b بەشێوەیەک کۆنترۆڵکراوبێت، کە جووتی دییکەی نزدییک لەوانەوەی لەبەربگیردرێتەوەو کۆپییبکرێت و بۆ ئەوانیش بخوات.

یەکبوونێکی دروستەییانە بە حاڵەتی وەک دابەشبوونی /پ/ : /ب/ دەدرێت ئەگەر پەیوەست بە ڕێسا دروستەییەکەی زمانەوە وەک خانەنشیینکردنی هەمبەریی و وەلاوەنانی هەمبەریی شییبکرێتەوە. ئەم ئەگەری شییکردنەوەو بینیینەی دووهەمیان ناوی بێلایەنبوون neutralization ەو بەردێکی بناغەی قوتابخانەی پراگەو[٣١] بییرەکەی لەلایەن زانای ناوداروە (1936 :187) Trubezkoy داهێنراوە.

[29] Lyons (1968:117-118).
[30] Trubezkoy (1939).
[31] Davidsen-Nielsen (1978), Vachek (1964, 1966)

ئـەم زمانەوانـەی فۆنۆلـۆژیی لـەوەوە دەسـتیپێکرد، کـە سـەگمێنتەکان دەتـوانن لـە دابەشـبوونی هاوتەریبییـدا دەربکـەون و تیایانـدا یـان جیاکـەرەوەن (هەمبـەرین) یـان لـە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان و لە حاڵەتێکی دییکەیشدا هییچیان نیین.

بـۆ Trubezkoy هیـیچ یـەکێك لـە دوو فۆنێمەکـە (/پ/ و /ب/) لـە زمانێکـدا جێکەوتـەی بێلایەنبووندا ڕوونادات، بەڵکو ئەوە هەیەو ڕوودەدات، کە ناوی ئارخی_فۆنێم archiphoneme

٥. ئارخی_فۆنێم گشت ئەدگارەکانی/نیشانەکانی هەر دوو فۆنێمەکەی تێدا هاوبەشەو بەم جۆرە پێناسەکراوە:

٩- ئارخیفۆنێمێـك نیـشانەو ئـەدگاری هاوبەشـی دوو فۆنێمـەو لـە جێکەوتـەکانی بێلایەنبووندا دەردەکەوێت.

## ١/٢_٣) دروستەی هەمبەریی و نیشانەکان[32]

بۆ قوتابخانـەی پـراگ، پێـڕەوی فۆنێمیی زمانێك بریتییە لە هەمبەرییەکان contrast. هەمبەریەکانیش ناوەڕۆکی فۆنەیتیکیی یان فۆنێمیی یان هەیە.

سەگمێنتەکان ئەدگاری پێکهاتـەییانcomponential proreritiesهەیە (چەپکە نیشانەن): بۆ نموونە ئـارخی فۆنێمی /ت_د/ یـان /پ_ب/ لـەڕێی دەرهێنـانی هۆکـاری [دەنگدار] و [کـپ] ەوە دەسـتدەکەوێت و واز لـە نیـشانە هاوبەشـەکانیان [پـووکیی، گیراویـی] دەهێنرێـت. کەواتـە، لەبـەر ئـەوەی فۆنێمـەکان خۆیـان دروسـتەن، پێکهێنەرەکانیانـە، کـە هەمبەرییەکە دیارییدەکەن (بڕوانە بەشی دووهەمو سێهەمی ئەم نامەیە).

جووتێك لە فۆنێم ناتوانرێت بە تاکوتەنهایی و جیا لـەو پێڕەوەی، تێیدا ڕوودەدەن، وەك هەمبـەریی دیـارییبکرێن (بڕوانـە دابەشـبوونی گونـدەو فراوانی فۆنێمـەکان و دابەشبوونی بچووك و تەسکیان لە پێڕەوە گشتیەکەدا !).

١٠- دوو چەشنە سەرەکییەکەی هەمبەری ئەمانەن :

(ا) هەمبەریی دوو_لایی bilateral opposition:

(ب) هەمبەریی فرە_دوولایی multilateral opposition

---

[32] سەرچاوەی پێشوو: ٤١-٤٦.

لەگەڵ ئەم دابەشبوونە گشتییەدا، ژمارەیەك لە وەچە_چەشن هەن، کە تەنها وابەستەی دروستەی پێڕەوەکە نین وەك گشتێك، بەڵکو وابەستەی پەیوەندییە تایبەتیەکانی نێوان جووتەکان و کۆمەڵەکانیشن .

(پ) هەمبەریی بە کۆمەڵ (پارچەیی) proportional opposition:.

(ت) هەمبەریی تاکوتەنها isolated opposition:

(ج) هەمبەریی تایبەت بەخۆ privative oppositions:

(ح) هەمبەریی پلەدار gradual opposition:

(خ) هەمبەریی هەمان_نرخیی/هەمان_ئەنجامیی equipollent oppositions:

نیشانە جیاکەرەوە فۆنۆلۆژییەکان: بۆ نوێنەرانی قوتابخانەی پراگ و بەر لە هەموویان بۆ Trubezkoy، فۆنێم دەتوانرێت بۆ نیشانە جیاکەرەوەکانی distinctive features شیبکریتەوە/شیتەڵبکرێت. بەم جۆرە، فۆنێم گچکەترین پێکهێنەری زمان نییە. لێکدانەوەی فۆنەیتیکیی گرنگیی و بەهای خۆی بۆ جۆراوجۆرییە ئەلەفۆنیەکان allophonic variation هەیە.

١١- پێناسەی فۆنێم لە قوتابخانەی پڕاگدا[٣٣]، سێ پێکهاتەی لە خۆیدا هەڵگرتووە: (ا) فۆنێمەکان جومگەی هەمبەرییە فۆنۆلۆژیەکانیان دروستکردووە. (ب) گچکە ترین، یەکەی جیاکەرەوەی واتایی (واتاجیاکەرەوە) زمانێکن. (پ) فۆنێمەکان بەهۆی/لەڕێی نیشانەی دەنگیی دیاریکراوو بەبایەخ و گرنگەوە هەمبەر بەیەك وەستاونەتەوە. بۆ Bloomfield (1933:79)، فۆنێم چەپکێك لەو نیشانە جیاکەرەوانە دروستدەکات[٣٤]. ئەو تیۆریی نیشانانە دەتوانرێن هێشتا هەر وەك بەشێکی فۆنۆلۆژیی دروستەکاریی structuralist phonology سەیریانبکرێت. فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنانیش generative phonology لەسەرەتادا تا ڕادەیەك وەك خۆیان وەریگرتن و کارپێیکردن (بڕوانە (٣/١) !).

نیشانەی دووپەلکیی و نیشانەی پلەیی: (ا) نیشانەی دووپەلکیی binary feature ئەگەری تەنها دوو بەهای هەیە: بەهای " + " یان " – ". نیشانە فۆنۆلۆژییە

---

[٣٣] پێناسەی دیکەی فۆنێم، تەواو بە وردیی لە ((Ramers/Vater (1995:25-28 دا دەبینیتەوە.

[٣٤] Jakobson/Fant/Halle (1951) و Jakobson/Halle (1956) لە شاکارەبنچینەییەکانی ئەم تیۆرییەن.

جیاکەرەوەکان دووپەلکین. (ب) بۆ نیشانە پلەییەکان/پلەدارەکان gradual features دەتوانرێت چەند بەهایەکیان لەسەر پلەپێوەرێك بۆ دیاریی و دەستنیشان بکرێت.

نیشانە سەگمێنتیی و سەرووسەگمێنتییەکان[٣٥]: ئەمەیان تیۆریی سێهەمەو جیاوازیی لەگەڵ تیۆرییەکانی دییکەی فۆنۆلۆژییدا لەوەدایە، کە فۆنێم تێیدا جێگەی نییە و لەگەڵ فۆنۆلۆژیی قوتابخانەی پراگییشدا نزیکیی هەیە. بەرجەستەبوونی فۆنیی ڤاوڵ لە هەر برگەیەکی وشەدا لەلایەکەوە لە یەکە فۆنێمیەکەیەوەیە، کە تێیدایەو لەلایەکی تریشەوە لەو پرۆسەیەوە، کە بە سەر گشت وشەکەوەیە (هێزو ئاواز)، دیارییدەکرێت.

١٢-ا) نیشانە سەگمێنتییەکان segmental features نیشانەی ناوەکیی سەگمێنتەکانن و ئەوانەن، کە وابەستەی دەق نیین. (ب) نیشانە سەرووسەگمێنتییەکان suprasegmental analysis and features ئەو نیشانانە دەگرنەوە، کە بەسەر سەگمێنتەکاندا دەکشێن. ئەکسێنت و ئاواز نیشانە سەرووسەگمێنتیەکان دروستدەکەن.

**نیشانەی جێگەی ئۆرگانیی:**

(١_٣) خشتەی جێگەئۆرگانییە گرنگەکانی دەنگ_بەرهەمهێنان

(ا) لچولێوییی [ +لچولێوییی]

(ب) دانیی_پووکیی dental aleolar [ +تۆپەزمانیی] [ _بەرز]

(پ) رەقەمەلاشوویی_پووکیی palato-alveolar [ +تۆپەزمانیی] [ +بەرز]

(ت) رقەمەلاشوویی palatal [ _تۆپەزمانیی] [ +بەرز] [ _پشتەوە]

(ج) نەرمەمەلاشوویی soft velum [ +بەرز] [ +پشتەوە]

(چ) پشت نەرمەمەلاشوویی uvular [ _بەرز] [ +پشتەوە]

(٣_٩) خشتەی وەچەپۆلەکانی کۆنسۆنانتەکان

کۆنسۆنانتەکان [ +کۆنسۆنانت]

---

[35] Lyons (1968 :130).




## ٢/١_٤) ئەلتەرناسیۆنی مۆرفۆفۆنێمیی[٣٦]

morphophonemic alternation

فۆنێم بە یەکەی هەمبەریی contrast or opposition unit دانراو هەمبەرییەکەیش دەشێت بێلایەن بێت ئەمەیش پێشنیازکردنی ئارخیفۆنێمی سەپاند. بیینرا، کە پێکهێنەری سەرەتاییتر لە فۆنێم هەن و ئەوانیش نیشانە جیاکەرەوەکانن، بۆ ئەوەی پێیان چارەسەری دیاردەی بێلایەنبوون بکرێت. بەوردیش لە هەمبەریی بەرامبەر بە نا_هەمبەریی گفتوگۆکرا (بڕوانە ١/٢-٤).

شیبکردنەوەی ئارخیفۆنێمیی




## ٢/١_٥) فۆنۆتاکتیک

[36] Lass (1984:55-74).

ئەو مەرج و یاسایانەن، کە لەناو مۆرفیمەکان و وشەکان و برگەکاندا تەحەکوم بە دابەشبوونی فۆنیمەکانیانەوە دەکەن.

لایەنێکی دیکەی فۆنۆتاکتیک "گشتگرییەکی سەرەو پێیزبوونە دەربارەی دروستەی برگە. جێبەجێکردنی هەنگاوەکان لە برگەدا بە شێوەیەکی گشتیی بەسەر کاتەگۆریە گشتیەکانی وەك کۆنسۆنانت و ڤاوڵ و ... هتد. ەکاندا جێبەجێدەکرێن. فۆرمی ناوەوەی رێگەپێدراوی برگە لە چەشنی CV و VC و CVC ین. برگەکانی زمانێك دەشێت چەپکی زۆریان –لەسەرەتای برگەو کۆتایی برگەدا– هەبێت و هاوکێشەکانی برگەکەی ئالۆزترن.

## ٣/١) فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان

### ٣/١_١) بنەماکانی رێزمانی بەرهەمهێنان

فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان generative phonology (بڕوانە بۆ نموونە Chomsky/Halle (1968) و (1994) Kenstowicz (1990) Durand !) بەشێك لە رێزمانی بەرهەمهێنان generative grammar پێکدەهێنێت[٣٧].

ئامانجی سەرەکیی فۆنۆلۆژیی بەرهەمهێنان بریتییە لەوەی، توانای ئاوەزیی و مێشك (توانست competence) بکات بە مۆدێل، بەشێوەیەك کە توانای دروستکردنی (بەرهەمهێنانی) رستەکان و تێگەیشتنیان بگرێتەوە[٣٨]. توانستە فۆنۆلۆژییەکەیش بە زانیینی ئەو یاسایانە دادەنرێت، کە دەتوانرێت پێیان/لەرێیانەوە دروستەکان structures لە دروستەی دیکەوە هەڵبگوێزرێن و وەربگێردرێن. بۆیە ئەم هەوڵەی بەرهەمهێنانە کلاسیکییە ناوی هەڵگوێزەر derivative ی لێنراوە[39].

جیاوازیی نێوان دارشتن و نواندنی قووڵ و بنەرەت و دارشتەو نواندنی فۆنەیتیکیی بە شێوەیەکی سەرەکیی بۆ ئەوەیە، وشەی/مۆرفیمی خزم و لەیەك نزدیکەوە لەرێی هەڵگواستنەوە لە فۆرمێکی بنەرەتیی و هاوبەشەوە بۆ یەك بگێردرێنەوەو ئاشکرابکرێت، کە سەربەیەکن. دەربڕینە جۆراوجۆرەکانی وشەکان و مۆرفیمەکان وابەستەی هەندێك مەرجن.

---

[37] بڕوانە Chomsky (1965)!

[٣٨] بڕوانە: محەمەدی مەحویی (٢٠٠٤)

ئەم ئەڵتەرناسیۆنانە (دەربڕینە گۆڕدراوە جۆراوجۆرەکان variation/alternations) ناوی پرۆسەی فۆنۆلۆژییان لێنراوە.

١٣- مەرجەکانی ئەڵتەرناسیۆنەکان دەتوانن ئەمانە بن:_
(ا) دەقی/دەورووبەری دەنگیی،
(ب) جێکەوتە لەناو وشەدا،
(پ) مەرجە مۆرفۆلۆژییەکان (نیشانەکانی شکاندنەوە inflectional features، چەشنەکانی لاگر affix types)
(ت) خێرایی قسەکردن،
(ج) شێواز،

١٤- ئەم ئەڵتەرناسیۆنانە لەیەکجیادەکرێنەوە
(ا) ئەڵتەرناسیۆنی ئەلەفۆن و (ب) ئەڵتەرناسیۆنی فۆنێم.
١٥- بۆ جیاکردنەوەی پرۆسەی فۆنەیتیکیی لە پرۆسەی فۆنۆلۆژیی ئەم مەرجانە لە سەرچاوەکاندا دەبیینرێن:
(ا) جێبەجێبوون و بەجێهێنانی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان دەشێت ببنەهۆی تەقینەوەی یاسا فۆنۆلۆژییەکان. (ب) پرۆسە فۆنەیتیکیەکان تەقینەوەی دیاردە فۆنەیتیکیەکانیان لێدەکەوێتەوە. (پ) پرۆسە فۆنەیتیکیەکان پێشبینیان لێدەکرێت و گرنك بۆیان دابەشبوونی تەواوکەرانەیەو (ت) ئەوتۆماتیکین و لەژێر کۆنترۆڵی قسەکەردا نیین، بەواتا بۆ جیاکردنەوەی واتا نیین و (ج) ئاوازەو لە یاسا_بەدەریان نییە.

### ٢_٣/١) فۆنۆلۆژیی برگەو فۆنۆلۆژیی ئازاد لە سەگمێنت

فۆنۆلۆژی برگە syllable phonology نوێکە (پەیوەست بە فۆنۆلۆژیی دروستەکارییەوە) وەك لقێکی فۆنۆلۆژیی ئازاد لە سەگمێنت autosegmental phonology دانراوە، بڕوانە بۆ نموونە (ا) چەندێتی برگە syllable quantity، (ب) سەگمێنتی ئاڵۆز complex-segments، (پ)

پرۆسەکانی هارمۆنیی harmony process، (ت) دروستەی برگەsyllable structure، (ج) ئاواز intonation و (چ) مۆرفۆلۆژیی نازنجیرەیی non-concatinative morphology[٤٠].

تایبەتمەندیی مۆدێلی ئازاد لە سەگمێنت، بە گشتیی بەجفرەکردنی زانیارییەکانە information encoding لەڕێی دروستەی فۆنۆلۆژییانەی وشەو ڕستەکانەوە phonological stcture of words and sentences لەسەر ئەو ئاستە جۆراوجۆرانە، کە بە چین/توێژ tier ناسراون.

جۆرێکی فۆنۆلۆژیی ئازاد لە سەگمێنت بۆ پەسنکردنی دروستەی برگە syllable structure کارپێکراوەو مۆدێلی کۆنسۆنانت_ڤاوڵە ( CV-model ). ئەوی دییکەیان، مۆدێلە نا_زنجیرەییەکەیەو، CV_model بۆ پەسنکردنی دیاردەکانی (ا) چەندێتی دروستەکان quantity structures، (ب) سەگمێنتە ئاڵۆزەکان complex segments و (پ) مۆرفۆلۆژیی نازنجیرەیی non-concatinative morphology هێنراوەتەئاراوەو پەرەپێدراوە.

## ١/٣-٢-١) مۆدێلەکانی برگە

### ١/٣_٢_١_١) مۆدێلی CV ی برگە

(أ)یەکهەم مۆدێلی برگە مۆدێلی CV ەو[٤١] لەم لێکۆڵینەوەیەدا کارپێنەکراوە. برگەیەك دەتوانرێت وەك قۆناغێك لە بەرزبوونەوەی زرنگدانەوەو قۆناغێکی دابەزینی زرانگدانەوە سەیربکرێت و دابنرێت. وێنە داڕێژراوەکەی (١_٤) ئەمە دەخاتەڕوو.

(١_٤) داڕشتن و نواندی قۆناغەکانی بەرزبوونەوەو دابەزینی زرنگدانەوە لە برگەدا:




[٤٠] ڕێچکەشکێن نامەی دکتۆراکەی Goldsmith (1976) بوو. دەربارەی حاڵەتی نوێی بڕوانە Goldsmith (1990, 1995, دەربارەی زمانە زرنگدەرەوەکان بڕوانە Fromkin (1978) ؛

[٤١] بنەمار سیماکانی مۆدێلی CV ی برگە لە Clements/Keyser (1983), Wiese (1988, 1996) دا ڕوونکراونەتەوە.

لەسەر جەمسەرەکانی برگەکان کەمترین زرنگدانەوە تۆماردەکرێت و لە لوتکەی برگە گەورەترین زرنگدانەوە هەیە. لە جەمسەرەکانەوە بەرەو لوتکەی برگە زرنگدانەوە یە... زرنگەیی monoton بەرزدەبێتەوەو زۆر دەبێت.

Sievers (1901:203.) سەرەوپێیزبوونی سەگمێنتەکانی بەگوێرەی پڕیی دەنگدان ... or sound aboundance ڕێکخستووەو بەبیرو ڕای ئەم زانایەی زمان ئەو ڕێکخستنەی سەرەوپێیزبوونی سەگمێنتەکان لەناو برگەدا کۆنترۆڵ و دیارییدەکات. هەروەها ...spersen (1912:145ff.) یش هەشت پلەی جیاوازی پڕی/ دەرکەوتوویی دەنگ یان پڕیی زرنگ... لەیەکجیادەکاتەوە:

### ١٤- پلەکانی جیاوازیی دەنگ

گیراوە کپەکان، خشۆکە کپەکان، گیراوە دەنگدارەکان، خشۆکە دەنگدارەکان، لووتییەکان و دەنگەڕژاوییەکان(/ʀ, r, l, ɫ/) liquid sounds، لەرزۆکەکان/لەراوەکان ...brant ڤاوڵە بەرزەکان، ڤاوڵەکانی ناوەڕاست، ڤاوڵە قووڵەکان[42].

سەگمێنتەکان ڕێی ئەوە دەدەن، سەرەوپێیزبوونیان لەسەر پلەپێوەرێك ڕێکبخرێت، کە لە بنەڕتدا بۆ گەلێك زمانی جیاواز دەخوات –ئەگەر ڕێسای بنەمایی جیهانییشی نەبێت– پلەپێوەرەکە ناوی پلەپێوەری زرنگدانەوە sonority scale, range ی لێنراوە. بۆ فۆنۆتاکتیکی برگە دەشێت وەك Wiese (1988:91) کردوویەتی ئەم پلەپێوەرەی زرنگدانەوەی وەك نموونەیەك بهێنرێتەوە:

### ١٥- پلەپێوەری زرنگدانەوە




پلەپێوەرێکی لەو چەشنە ڕێسای بنەمایی جیهانیی هەیە، بەواتا هەر زمانێك دەشێت پلەپێوەرێکی جیاوازی هەبێت. پەیوەستەگیی نێوان پلەپێوەری زرنگدانەوەو فۆنۆتاکتیك لەلایەن Selkirk (1984a:116) ەوە لە ڕێسای گشتگریی زنجیرەی زرنگدەرەوەییەکان ’Sonority Sequencing Generalization (SSG) دا داڕێژراوە.

---

[42] بیشڕوانە Hankamer/Aissen (1974), Butt (1992)

16- „Sonority Sequencing Generalization
In any syllable there is a segment constituting a sonority peak that is preceded and/or followed by a sequnece of segments with progressively decreasing sonority values."

بە یاریدەی ئەم گشتگریی و گشتوەگیرییە لەگەڵ پلەپێوەرەکەدا، دەتوانرێت دروستەکانی بڕگەکانی وشەکان پەسنبکرێن.

### ۱/۳-۲-۱-۲) مۆدێلی وەچەپێکهاتەی بڕگە
syllable constituent –model

ئەم مۆدێلە لەو ڕووەوە خۆی لە مۆدێلە تەختەکەی CV جیادەکاتەوە، کە وەهادادەنرێت لەتەك یەکەکانی چیینی CV و چیینی بڕگەدا ئاستی نێوانییشیان هەبن و ئەم ئاستانەی نێوانیشیان بەشی گەورەی بڕگەیان (وەچەپێکهاتەکانیان constituent) تێدابێت[43]. وێنەی یان دارشتە هێڵکارییەکەی (٤١) دروستەی وشە یەك_بڕگەییەکەی /دروست/ لە مۆدێلی وەچەپێکهاتەدا نیشاندەدات.

[43] بڕوانە محەمەدی مەحویی(٢٠٠٧) و ئەو سەرچاوانەی لەوێدادراوون.




ڕوونکردنەوەکان: σ بڕگە

| | |
|---|---|
| سەرەتای بڕگە | onset |
| سەروا | rhyme |
| کرۆک | nucleus |
| کۆتایی بڕگە | c oda |

بڕگە بەپێی ڕێسای دووپەلکیی دەبێت بە سەرواو سەرەتای بڕگەو سەروایش لە بنە_وەچەپێکهاتەکانی subconstituent کرۆکی بڕگەو کۆتایی بڕگە پێکهاتووە. بۆ یەکەم جار بنە_وەچەپێکهاتەکانی خواری خوارەوە، کە سەرەتای بڕگەو کرۆکی بڕگەو کۆتایی بڕگەن، بە یەکەکانی ئاستی/چینی جومجومە sceleton stratum/tier (پەیکەر) ەوە بەستراونەتەوە.

وەچەپێکهاتەکان بەشەکانی بڕگە دروستدەکەن. ئەو بەشانەی کە یاسا_ئاسا سەگمێنتێك یان چەند سەگمێنتێکیان تێدایەو دەشێت بۆشیش بن –هیچیان تێدانەبێت– و کە بۆ پەسنکردنی فۆنۆلۆژییە پێڕەو_بەندییەکانphonological systematic description گرنگن، وەك بۆ نموونە بۆ:

(ا) کۆتوبەندو قەیدکردنە فۆنۆتاکتیکییەکانی، کە ژمارەو جۆری ئەو سەگمێنتانە دەچەسپێنن، کە لەناو وەچەپێکهاتەیەکدا ڕێگەی/ڕێگەیان پێدەدرێت.

(ب) پرۆسە فۆنۆلۆژییەکانی، کە سەگمێنتەکان لە هەندێك جێگەو جێکەوتەی ناو بڕگەدا دەگرنەوە.

(پ) قورسیی و بەهێزیی بڕگە.

# بەشی دووهەم
# پیێڕەوی فۆنیمەکان

## بەشی دووهەم
## پێڕەوی فۆنیمەکان

### ١/٢) دەنگەبیستراوەکان لەکرمانجیی سەروودا

بۆئەوەی فۆنیمەکان لە کرمانجیی سەروودا دیاریبکرێن و ئەلەفۆنەکانیان دەستنیشانبکرێن، پێویستە لەپێشدا ئەودەنگانە جیابکرێنەوەو پۆلێنبکرێن، کە ئەمڕۆ لە زمانی ئاخاوتنی ئاخێوەرانی ئەم زارەدادەبیسترێن. پۆلێنکردن وتۆمارکردنیان دەرگامان بۆ لێکۆڵینەوەکانی وەچەپارەکانی خوارتر دەکاتەوەو دەخاتەسەرپشت .

#### ١-١/٢) کۆنسۆنانتەکان consonants

#### ١-١-١/٢) تەقاوەکان plosive[44]

ئەم چەشنانەی کۆنسۆنانتەکان لەگەروودا یان لەبۆشایی ناودەمدا، لەڕێی گرتن وداخستنێکەوە بەرهەمدەهێنرێن. کردنەوەو لەپرگرتن وداخستنەکە خشەوخشپەیەك، یان تەقاوەیەکی لێدەکەوێتەوە، هەربۆیەش ناوی "تەقاوە/گیراوە" کانیانیان لێنراوە. پاشانیش گیراوو خشۆکەکان پۆلێندەکرێن و هەمبەر بە کۆنسۆنانتە زرنگدەرەوەکانsonorance و ڤاوڵەکان دادەنرێن، کە خۆیان بە سروشتیی زرنگدەرەوەن.

١-[p ][45]

[پار، پەژك، پاتك، پسمام]

[چاپوك، کرتوپە، چاپەست، داپیرۆچك]

[کەپ، تیپ، تێپ، تۆپ]

| #_______ | v_______v | _______# |
|---|---|---|
| [ par] | [tʃapuk] | [kəp] |
| [pəʒɨk] | [kɨrtupə] | [tip] |
| [patɨk] | [tʃapəst] | [tep] |

---

[44] بڕوانە Clark, J. and Yallop, C,, (1995)

[45] بڕوانە پاشکۆی نامەکە

| | | |
|---|---|---|
| [pɨs̄mam] | [dapirotʃik] | [top] |

[b] -٢

[بهار، بەلەنگاز، بەلاڤۆك، بێهن، بەخت]

[ڕەبەن، سابات، شاباش، سەربەست، غەیبەت]

[عازەب، عارەب، باب، عەیب، غەیب

| #___ | V___V | ___# |
|---|---|---|
| [bhar] | [ʀəbən] | [ʕazəp] |
| [bələngaz] | [sabat] | [ʕarəb] |
| [bəlavok] | [ʃabaʃ] | [bap] |
| [behn] | [sərbəst] | [ʕəip] |
| [bəxt] | [ɣəibət] | [ɣəip] |

[t] - ٣

[تویتن، تەخت، تی، توژ، تل، تەڕگ]

[ساتورك، ساپیتك، سۆتن، سەركەفتن، پاتال، پاتەخت]

[سەربەست، تیت، سابات، غابات، چات، تات ]

| #___ | V___V | ___# |
|---|---|---|
| [titɨn]~[tuitɨn] | [sat̑urɨk] | [sərbəst] |
| [təxt] | [sapitɨk] | [tit] |
| [ti] | [s̄ot̑ɨn] | [sabat] |
| [tuʒ] | [sərkəftɨn] | [ɣabat] |
| [tɨl] | [pat̑al] | [tʃat] |
| [təʀk] | [patəxt] | [tat] |

[d] -٤

[دویڤ، دەڤەر، دار، دژمن]

[كادین، پەرداخ، مەیدان، چاندن]

[داد،شاد،زاد، دلشاد]

| #___ | V___V | ___# |
|---|---|---|
| [div]~[duiv] | [kadin] | [dat] |
| [dəvər] | [pərdax] | [ʃat] |

| | | |
|---|---|---|
| [zat] | [mәydan] | [dar] |
| [dɨlʃat] | [tʃandɨn] | [dɨʒmɨn] |

٥- [k]

[کال، کەفتن، کل، کادین، کارێژ، کا، ]

[سەرکار، گەشکە، باکۆڤە، شەڤکۆر، ڕەشکە،ژیکەلە ]

[سەلك، کولەك، بیك، چۆلك، چۆخك، پاتك]

| ________# | v________v | #________ |
|---|---|---|
| [sәlk] | [sәrkar] | [kal] |
| [kulәk] | [gәʃkә] | [kәftɨn] |
| [bik] | [bakovә] | [kɨl] |
| [tʃolɨk] | [sәvkor] | [kadin] |
| [tʃoxɨk] | [ʀәʃkә] | [kaʀeʒ] |
| [pat͡ɨk] | [ʒikәlә] | [ka] |

٦- [g]

[گۆشت، گڤاشتن، گونەه، گەل،گامێش]

[بەلەنگاز، پەڕگەندە، لەزگین، بارگیر، لەگەن]

[بەگ، لینگ، تەنگ، تەڕگ، سەگ]

| ________# | v________v | #________ |
|---|---|---|
| [bәk] | [bәlәngas] | [goʃt] |
| [link] | [pәʀgәndә] | [gvaʃtɨn] |
| [tәnk] | [lәzgin] | [gunәh] |
| [tәʀg] | [bargir] | [gәl] |
| [sәk] | [lәgәn] | [gameʃ] |

٧- [q]

[قات، قەبر، قوماش، قاپ، قلۆچ ]

[بەقل، لەقین، زەقنەبوت، پەقین، تاقچکە]

[سلق، لاق، شەق، زەق، بۆق]

| #_____ | v_____v | _____# |
| --- | --- | --- |
| [qat] | [bəqi] | [sɨlq] |
| [qəbr] | [ləqin] | [laq] |
| [qumaʃ] | [zəqnəbut] | [ʃəq] |
| [qap] | [pəqin] | [zəq] |
| [qlotʃ] | [taqɨtʃkə] | [boq] |

٨-[ʔ]

[ئال، ئۆل، ئەڤین، ئەز]

[سوئال، قورئان، تێکئالان، بیرئانین]

[نەء]

| #_____ | v_____v | _____# |
| --- | --- | --- |
| [ʔal] | [suʔal] | [nəʔ] |
| [ʔol] | [qurʔən] | ____ |
| [ʔəvin] | [tekʔalan] | ____ |
| [ʔəz] | [birʔanin] | ____ |

لەکرمانجیی سەروودا هەریەك لەتەقاوەکان، لە هەمان شوێنیی ئۆرگانیی دەنگدروستکردندا، جووتێك لە دەنگدارو کپیی هەیە. بێجگە لە دەنگداریی و کپیی وشوێنیی درووستکردن، ئەدگارێکی تری ئەم پۆلە ئەوەیە، کە کپەکانییان کاتێك لەپێش ڤاولێکەوە دێن وقورساییان دەکەوێتە سەر، هەناساویی دەردەبڕێن ( /کەپی/ { khəpi } )

ئەگەر زمانی کوردیی، بۆ نموونە لەگەڵ زمانی ئەڵمانییدا بەراوردبکەین، کە تێیدا هاتنی خشۆکی [s] لەپێش تەقاوە کپەکانەوە هەناساوێتی تەقاوەکە ناهێڵێت ، ئەوا دیاردە ناوبراوەکە لە کرمانجیی سەروودا بەرجەستە نابێت و نابیسترێت. هۆی ئەمەیش بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە دەگەڕێتەوە:

کۆبوونەوەی خشۆك‌و تەقاوەکان لە سەرەتای بڕگە( بڕوانە / سپیندار، ستێر ، شکەفت ،شکەنجە / ،[spindar .ster .ʃkəft .ʃkəndʒə]،دوو ئەگەری بەرجەستە بوونیان هەیە ( ا) ڤاوڵەساردەکە (بزرۆکە) دەکەوێتە نێوان خشۆك وتەقاوەکەوە (ب) کپ کردنی خشۆکەکە ( بڕوانە ٤/٢-١) ئەم نموونانە لە کرمانجیی خواروودا، بەشێوەیەکیی تر بەرجەستە دەبێت.

ئـەویش لـە ڕێگـای دابەشبوونیانەوە بەسـەر دوو بڕگـەدا، کـە لـەڕێی ڤاولـە کورتەکـەوە دروستدەبێت. لـە یەکترازاندنی خشۆك وتەقاوەکـەو دابەشکردنیان بەسـەر دوو بڕگەدا، نموونەی وەك : /ئەسپیندار ، ئەستێر ، ئەشکەفت ، ئەشکەنجە / ڕوونیدەکەنەوە.

### ٢/١-١-٢) خشۆکەکان fricatives

خشۆکەکان لەبۆشایی ناودەمدا یان لەبۆشایی ناوگەرووداا ( لەدەنگە ژێکاندا ) لەڕێی تەسککردنەوەیەك دروستدەکرێن. ئەوبایـەیی لـە دەنگدروستکردنەکەدا بەوتێپەڕگەیـەدا تێدەپەڕێت، دەکەوێتە گێژاوێکەوەو دەنگەکەی وەك خشەی لەیەکخشاندنی دوو کەرەستە دەبیسترێت. خشۆکەکان لـە جۆری دروستکردندا لـە گیراوو لووتیی و لایی و لـەراوەکان لەیەکجیا کراونەتەوە.

١- تەسکردنەوی نێوان لچو دانەبرەڕەکانی سەرەوە :

٩- [f]

[فالك، فێل، فیقی، فاق]

[حەفك، کەفتن، پالکەفتن، دفن]

[دەف، تاف، سەف، ماف]

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| [falɨk] | [ɦəfɨk] | [dəf] |
| [fel] | [kəftɨn] | [taf] |
| [fiqi] | [palkəftɨn] | [s̄əf] |
| [faq] | [dɨfn] | [maf] |

10- [v].

[ڤاژی، ڤێرە، ڤیان، ڤێکرا، ڤێ]

[تاڤگە، ئەڤین، شڤان، چڤت، گڤاشتن]

[پەیڤ، پێلاڤ، تاڤ، دویڤ، گاڤ ]

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| [vaʒi] | [tavgə] | [pəif] |

| | | |
|---|---|---|
| [pelaf] | [ʔəvin] | [verə] |
| [taf] | [ʃvan] | [vyan] |
| [dif] | [tʃɨvt] | [vekʀa] |
| [gaf] | [gvaʃtɨn] | [ve] |

٢- لەنێوان تۆپی زمان وپووکدا ( خشۆکەدانیی – پووکییەکان و ڕەقەمەلاشوییە-پووکییەکان )

١١- [s]

[سال، سێ، ساج، سۆر، سەر]

[قەسپ، کەسک، مەسینە، گوستیل، قاسە]

[داس، جاسوس، وەریس، نەفەس، تاوس]

| ___# | V___V | #___ |
|---|---|---|
| [das] | [qəsp] | [sal] |
| [dʒasus] | [kəsk] | [se] |
| [wəris] | [məsinə] | [satʃ] |
| [nəfəs] | [gustil] | [sor] |
| [taws] | [qasə] | [sər] |

١٢- [z]

[زار، زۆر، زین، زێرەڤان، زۆزك]

[کەزی، کەزان، ئازادی، شەمزینان، بزمار]

[کۆز، حەز، ڕەز، ڕەواندز، بلوز]

| ___# | V___V | #___ |
|---|---|---|
| [kos] | [kəzi] | [zar] |
| [ɦəs] | [kəzan] | [zor] |
| [ʀəs] | [ʔazadi] | [zin] |
| [ʀəwandɨs] | [ʃəmzinan] | [zeʀəvan] |
| [blus] | [bɨzmar] | [zosɨk] |

[ʃ] - ١٣

[شەرم، شکەفت، شوەڕش، شاباش، شیر]

[ دەشتی، مشەختی، پاشا، تیشك، گۆشت]

[ترش، تەڕاش، فەرش، باش، پێش]

| #_____ | v_____v | _____# |
|---|---|---|
| [ʃərm] | [dəʃti] | [tɨrʃ] |
| [ʃkəft] | [mʃəxti] | [təʀaʃ] |
| [ʃwəʀʃ] | [paʃa] | [fərʃ] |
| [ʃabaʃ] | [tiʃk] | [baʃ] |
| [ʃir] | [go·ʃt] | [peʃ] |

[ʒ] -١٤

[ژار، ژڤان،ژۆر، ژی،ژن]

[دژمن، باژێر، بەژن، بژار، ڤاژی]

[گوهێژ،نڤێژ، توژ، مێرکوژ، پاقژ]

| #_____ | v_____v | _____# |
|---|---|---|
| [ʒar] | [dɨʒmɨn] | [guheʒ] |
| [ʒvan] | [baʒeʀ] | [nveʒ] |
| [ʒor] | [bəʒɨn] | [tuʒ] |
| [ʒi] | [bʒar] | [merkuʒ] |
| [ʒɨn] | [vaʒi] | [paqʃ] |

٣- لەنێوان پێشەوەی زمان و گۆشتەزمان (پشتەزمان) دان، بۆیەناونراون "خشۆکە تۆپەزمانییەکان" / "ڕەقەمەلاشوویی‌ەکان" و "نەرمەمەلاشوویی‌ەکان" .

[x] -15

[خال، خێز، خێر، خێ، خەبات]

[مشەختی، کەزاختن، موختار، باخچە، باخەل]

[خۆخ، ئاخ، شێخ، چیخ، کوخ ]

#_____ v_____v _____#

| | | |
|---|---|---|
| [xal] | [mʃəxti] | [xox] |
| [xiz] | [kəzaxtɨn] | [ʔax] |
| [xer] | [muxtar] | [ʃex] |
| [xe] | [baxtʃə] | [tʃix] |
| [xəbat] | [baxəl] | [kux] |

[ɣ] -١٦

[غازی،غەریب،غەزال،غەیبەت،غەش]

[تەغار، مغارە، ساغلەم، دەغل، باغان]

[داغ،باغ،قونداغ، دەماغ، ساغ]

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| [ɣazi] | [təɣar] | [daɣ] |
| [ɣərip] | [mɣarə] | [baɣ] |
| [ɣəzal] | [saɣləm] | [qondaɣ] |
| [ɣəibət] | [dəɣl] | [dəmaɣ] |
| [ɣəʃ] | [baɣən] | [saɣ] |

[ɦ] -17

[حیشتر، حاجی ڕەش، حەلاندن، حەفك، حلیك]

[تەحل، ژەحر ، ڕەحیم، ئەحمۆ،سیحر ]

[فەتاح، تیمساح، ڕوح، سەباح، ]

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| [ɦiʃtɨr] | [təɦl] | [fətaɦ] |
| [ɦadʒiʀəʃ] | [ʒəɦɨr] | [timsaɦ] |
| [ɦəlandɨn] | [ʀəɦim] | [ʀuɦ] |
| [ɦəfɨk] | [ʔəɦmo] | [s̄əbaɦ] |
| [ɦlik] | [siɦr] | [nuɦ] |

[ʕ] -؛

[عەقر، عارەب، عەمەت، عازەب، عومەر]

[نەعل، بەلوعە، سومعە، سەعات، نەعامە]

[ئەعناع، شەرع، فەرع، نەوع، مەنع]

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| [ʕəvr] | [nəʕl] | [nəʕnaʕ] |
| [ʕarəb] | [bəluʕə] | [ʃərʕ] |
| [ʕəmət] | [sumʕə] | [fərʕ] |
| [ʕazəb] | [seʕat] | [nəwʕ] |
| [ʕumər] | [nəʕamə] | [mənʕ] |

١٩- [h]

[ماڤین، هرچ، هری، هەسپ، هەڤکار]

[گوهدار، تێهنی، ڕۆهن، بهار،بیهستن]

[دەه، نەه، گونەه، گوه،ڕەه]

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| [havin] | [guhdar] | [dəh] |
| [hɨrtʃ] | [tehni] | [nəh] |
| [hɨri] | [ʀohɨn] | [gunəh] |
| [həsp] | [bɨhar] | [guh] |
| [həvkar] | [bihstɨn] | [ʀəh] |

### ٣-١-١/٢) ئەفریكاتەكان affricate

٢٠- [tʃ]

[چار، چاندن، چل، چۆل، چاك]

[پاچە، پچیك، كۆچەر، ساچمە، پەرچەم]

[ماچ، قلۆچ، مۆچ، قێچ، پیچ]

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| [tʃar] | [patʃ] | [matʃ] |
| [tʃandɨn] | [ptʃik] | [qlotʃ] |
| [tʃɨl] | [kotʃər] | [motʃ] |
| [tʃol] | [satʃmə] | [qetʃ] |

[tʃak]

[pərtʃəm] [pitʃ]

٢١- [dʒ]

[جەحشك، جامێر، جان، جۆت، جڤات]

[خەنجەر، حاجی، خەجێ، مەنجەل، جاجك]

[قەنج، گەنج، تاج، ساج، جرج]

| #___ | v___v | ___# |
|---|---|---|
| [dʒəɦiʃɨk] | [xəndʒər] | [qəntʃ] |
| [dʒamer] | [ɦadʒi] | [gəntʃ] |
| [dʒan] | [xədʒe] | [tatʃ] |
| [dʒot] | [məndʒəl] | [satʃ] |
| [dʒɨvat] | [dʒadʒɨk] | [dʒɨrtʃ] |

٤-١-١/٢) لووتییەکان nasals

دەنگەلووتیەکان دابەشدەبن بەسەر :

أ) ڤاوڵەلووتیەکان و ( ب ) کۆنسۆنانتە لووتیەکاندا. لەهەردوو جۆرەکەیاندا نەرمەمەلاشوو نزمدەکرێتەوەو ڕێگادەدرێت،کەوروژمی با لەلووتەوە دەربچێتەدەرەوە. جیاوازیی نێوان ڤاولّ وکۆنسۆنانتەکان لەوەدایە، کە لەڤاوڵەکاندا دەم دەکرێتەوەو بۆ ئەوی تریان دەم دادەخرێت. هەر لێرەدا ئاماژە بەوە دەدرێت، کە لە زمانی کوردییدا ڤاوڵی لووتیی نییە(٤٦). کۆنسۆنانتە لووتییەکانیان ئەمانەن : [ m, n]

٢٢- [m]

[مازی، مشەخت، مال، مار]

[قامك، پسمام، ڕامۆسین،ڕەمەزان]

[خم، مام، لێم، کێم]

| #___ | v___v | ___# |
|---|---|---|
| [mazi] | [qamɨk] | [xɨm] |
| [mɨʃaxt] | [pɨsmam] | [mam] |
| [mal] | [ʀamosin] | [lem] |

46 بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠٧)

| | | |
|---|---|---|
| [kem] | [ʀəməzan] | [mar] |

۲۳- [n]

[نان، نەھ، نك، نال، نازدار]

[مالنج، خوناڤ، دینار، چاندن، خەنجەر]

[ڕەبەن، ئەڤین، خان، گاسن، ئاسن]

| ___# | v___v | #___ |
|---|---|---|
| [ʀəbən] | [malindʒ] | [nan] |
| [ʔəvin] | [xunav] | [nəh] |
| [xan] | [dinar] | [nɨk] |
| [gasɨn] | [tʃandɨn] | [nal] |
| [ʔasɨn] | [xəndʒər] | [nazdar] |

۲٤- لووتییە مەڵاشوویەکەی [ŋ] لەکرمانجیی سەروودا نابیسترێت(٤٧).

## ٥-١-١/٢) دەنگەلاییەکان lateral sounds

لەبەرهەمهێنانی ئەم دەنگانەدا، لەناوەڕاستی بۆشایی ناودەمدا ، داخستنێك دروستدەبێت و لە ئەنجامیدا ورۆژمی بایەکە بەم لاو ئەولای زماندا تێدەپەڕێتە دەرەوە.

۲٥- [l]

[لالش، لاندك، لینگ، لاوەند، لەزگین]

[بەلەنگاز، کەلەخ، پالافتن، دەلال، ئالیکار]

[سل،خال، کەل،شل،عەیال]

| ___# | v___v | #___ |
|---|---|---|
| [sɨl] | [bələngaz] | [lalɨʃ] |
| [xal] | [kələx] | [lakdɨk] |
| [kəl] | [palaftɨn] | [lɪng] |
| [ʃɨl] | [dəlal] | [lawənd] |

---

[47] بەراوردی بکە لەگەڵ وەچەپێڕەوی کۆنسۆنانتە لووتیەکانی کرمانجیی ناوەڕاستدا، لە هەمان سەرچاوەی پێشوودا !

| | | |
|---|---|---|
| [ʕəyal] | [ʔlikar] | [ləzgin] |

[ɫ] -٢٦

[زوڵم، زەڵاتە، زاڵم، پلاڤ، ]

[چڵ، ساڵ، پاتاڵ، بوتڵ]

| ___# | v___v | #___ |
|---|---|---|
| [tʃiɫ] | [zuɫm] | ___ |
| [saɫ] | [zəɫātə] | ___ |
| [pātaɫ] | [zaɫm] | ___ |
| [būtɫ] | [pɫav] | ___ |

### ٢/١-١-٦) دەنگەلەراوەکان vibrants sounds

دەنگە لەراوەکان لەڕێی چەند لێدانێکی سەری زمانەوە لە پووکی سەرەوە یان نێوان پووکی سەوەو زمان دروستدەکرێن. لەراوەکان "کاڵ"/"لاواز" و "تۆخ"/"قەڵەو" یان هەیە.

[r] -٢٧

[مرن،کوردستان، کورتوپە، ساخلەم ]

[دیر، هیر، بەر، کەر]

| ___# | v___v | #___ |
|---|---|---|
| [dir] | [mirɨn] | ___ |
| [hir] | [kurdɨstan] | ___ |
| [bər] | [krtupə] | ___ |
| [kər] | [saxləm] | ___ |

[ʀ] -٢٨

[ڕۆناهی،ڕەز، ڕامان،]

[گەڕیان، گوڕستان، تەڕگ ]

[گۆڕ، بەڕ، کەڕ]

| ___# | v___v | #___ |
|---|---|---|
| [goʀ] | [gəʀyan] | [ʀonahi] |

| | | |
|---|---|---|
| [bəʀ] | [guʀstan] | [ʀəz] |
| [kəʀ] | [təʀk] | [ʀaman] |

لەنموونـەکانی (ت) و(ج) دا، پێدەچـێت کـە [ɫ] وەك ئەلـەفۆنێکی [r] بوبێـت بـەفۆنیم. ئامـاژەی ڕاستەوخۆ بـۆ ئـەم لێکدانەوەیـە جیاوازی دیالێکتـەکانی کرمـانجیی ناوەڕاستـە ( پـشدەر ، قـەڵادزێ، هـەولێر، خۆشـناوەتی ....هتـد). ئـەم نموونانـە بـۆ ئـەو گریمانـەو لێکدانەوەیە ئاماژەی سەرەتایین.

مالْ:مار [maɫ~mar]

دوکەڵ :دوکەر [dukəɫ~dukər]

کڵاو :کراو [kɫaw~kraw]

خاڵە :خارە [xaɫə~xarə]

**۷-۱-۱/۲) نیمچەڤاوڵەکان**

۲۹- [y]

[یار، یەخە، یەختە]

[دیار، مەیدان، خیار]

[دای، مەی، نەی]

| ___# | V___V | #___ |
|---|---|---|
| [day] | [dyar] | [yar] |
| [məy] | [maydan] | [yəxə] |
| [nəy] | [xyar] | [yəxtə] |

۳۰- [w]

[وار، وی، وێ]

[ناوك، لاوەند، لاوك]

[بڕوانە بەشی سێیەم- پرۆسەکان]

| ___# | V___V | #___ |
|---|---|---|
| | [nawk] | [war] |
| | [lawənd] | [wi] |
| | [lawk] | [we] |

**٨-١-١/٢) ئەودەنگە عەرەبیانەی، کە لەم زارەدا دەبیسترێن.**

٣١- [s̄]

[سار، سۆر، سۆپە،سۆتن ]

[شێست، چاپەست، ]

[تاس، پاس]

| ___# | V___V | #___ |
|---|---|---|
| [tas̄] | [ses̄t] | [s̄aʀ] |
| [pas̄] | [tʃapəs̄t] | [s̄or] |
| | | [s̄opə] |
| | | [s̄otɨn] |

٣٢- [z̄]

[ز اروک، زاڤا، زەبەش]

[تەزی]

[پەز، بەز،تۆلاز ]

| ___# | V___V | #___ |
|---|---|---|
| [pəz̄] | [təz̄i] | [z̄arok] |
| [bəz̄] | [] | [z̄ava] |
| [tolaz̄] | [] | [z̄əbəʃ] |

٣٣- [t̄]

[ تاڤ، تاری، تۆڤ، تەڤر]

[بوتل، سۆتن، سەتل، پاتال]

[شەت، خەت، تات، غەلەت]

| ___# | V___V | #___ |
|---|---|---|
| [ʃət̄] | [but̄ɨl] | [t̄av] |
| [xət̄] | [sot̄n] | [t̄ari] |

[tov]　　[šətl]　　[tat]

[təvr]　　[patal]　　[ɣələt]

## ٢-١/٢) ڤاوڵەکان vowels

٣٤ -[I]

[سی، تی، بی]

[زیڤار، هاریکار، شیف]

[کرمانجیی، کوردیی، فۆنۆلۆژیی]

[شیر، تیر، میر]

| #______ | #______# |
|---|---|
| [si] | [zivar] |
| [ti] | [harikar] |
| [bi] | [ʃif] |
| [kɨrmandʒi·] | [ʃi·r] |
| [kurdi·] | [ti·r] |
| [fonoloʒi·] | [mi·r] |

٣٥-[ɨ]

[تل، کل، پڕ، مرن، برن، کرن]

ئەم ڤاولە سارده (بزرۆکە) لە کۆتایی وشەو برگەدا دێت و هەموو مەرجەکانی برگەی لەسەردا جێبەجێ دەبێت ، وەك [mɨ . rɨn] ( بڕوانە بەشی برگە)

| #______ | #______# |
|---|---|
| [tɨl] | [mɨrɨn] |
| [kɨl] | [bɨʀɨn] |
| [pɨʀ] | [kɨrɨn] |

٣٦-[u]

[گوتار، کورتوپە، گوستیل، گوند، گونەھ]

[بوو،چوو،تو،ڕوو ]

| #________ | #________# |
|---|---|
| [gutar] | [bi] ~[bu] |
| [kurtupə] | [tʃu] |
| [gustil] | [tu] |
| [gunəh] | [ʀi] ~ [ʀu] |

[e]-٣٧

[پیٚ، ویٚ، خەجیٚ، تریٚ،پیٚرێ ]

[شێر، مێر، شێت،پێك، مێش]

| #________ | #________# |
|---|---|
| [pe] | [ʃer] |
| [we] | [mer] |
| [xədʒe] | [ʃet] |
| [tre] | [pek] |
| [pere] | [meʃ] |

[o] -٣٨

[گرۆ، برۆ، جۆ، دۆ، ]

[گۆپال، کۆتر، گۆشت، هۆزان]

| #________ | #________# |
|---|---|
| [gro] | [gopal] |
| [bro] | [kotɨr] |
| [dʒo] | [goʃt] |
| [do] | [hozan] |

[ə]-٣٩

[تەختە، بەرە، پەنجەرە، نامە، پاچە ]

[دەف، پەیڤ، سەر، کەڕ، قەنج]

| #________ | #________# |
|---|---|
| [təxtə] | [dəf] |

| | |
|---|---|
| [bəʀə] | [pəif] |
| [pəndʒərə] | [sər] |
| [namə] | [kəʀ] |
| [patʃə] | [qəndʒ] |

[a]-٤ ـ

[با، کا، دارا، چا، شا]

[تال، مال، شار، شام، چار]

| #______ | #______# |
|---|---|
| [ba] | [ƚal] |
| [ka] | [mal] |
| [dara] | [ʃar] |
| [tʃa] | [ʃam] |
| [ʃa] | [tʃar] |

**ئەنجامی (١)**

١ – دەنگە گیراوەکان هەمان ئەو دەنگانەن ، کە لە کرمانجیی ناوەڕاستدا دەبیسترێن .

٢– دەنگە خشۆکوکان هەمان ئەو دەنگانەن ، کە لە لەکرمانجیی ناوەڕاستدا دەبیسترێن.

٣– لە دەنگە لووتییەکان ،[ŋ] نابیسترێت ولە پێڕەوەکەدا کاری پێناکرێت .

٤– لەدەنگە لاییەکان ، تۆخەکەیان/قەڵەوەکەیان [ɫ] لە نێوان ڤاولی ( ناوەڕاستی وشە ) وکۆتاییدا لەگەڵ کاڵەکەیان/ لاوازەکەیان جێگۆڕکێ دەکەن واتای نوێ ناهێننە ئاراوە ، بڕوانە ئەنجام (٢) .

٥– دەنگە لەراوەکان هەمان ئەو دەنگانەن ، کە لەکرمانجیی ناوەڕاستدا دەبیسترێن .

٦– دەنگی [ڤ] و[ذ] لەم زارەدا هەروەکو کرمانجیی ناوەڕاست نابیسترێن بە بەراورد لەگەڵ زاری هەورامییدا.

٧– لە نیمچە ڤاوڵەکان [w] لەگەڵ خشۆکە دەنگدارەکە [v] شوێنی یەکتر دەگرنەوە ، یا پەیڕەو بەندانە systematic یا ئازادانە کاردەکەن . ( بڕوانە پارەکانی دواتر ) .

٨– ڤاوڵەکانی کرمانجیی سەروو هەمان ئەو ڤاولانەن، کە لەکرمانجیی ناوەڕاستدا دەبیسترێن. لە ڤاوڵەکانی ڕیزی پشتەوە [u] ئەلتەرناسیۆن لەگەڵ [ü] و[i] دەکات ئەگەر بەراورد بکرێت لەگەڵ کرمانجیی ناوەڕاستدا ،( ڕوونکردنەوەی زیاتر لە بەشی سێهەمدا دەکرێت ).

## ٢/٢) پێڕەوی فۆنیمەکانی کرمانجیی سەروو

ئەرکی سەرەکیی فۆنۆلۆژیی قوتابخانەی دروستەیی دەرهێنان و هێنانەکایەو دانانی پێڕەوی فۆنیمەکانی زمانێکن. ئەمەیش لەڕێی شیکردنەوەی کۆرپە داتاکانەوە دەکات. شیکردنەوەکە لەجێبەجێکردنی هەنگاوەکانی دوو کردەدا بەدیدەکرێت .[٤٨]

١/لە یەکترازاندن و جیاکردنەوەی سەگمێنتەکانی زنجیرە دەنگەکان بۆ گچکەترین یەکەکانیان، واتە زنجیرە دەنگەکەکان بۆفۆنەکان لەیەکدەترازێنرێن. کردەو پرۆسەکە بە گوێلێگرتن و لەڕێی بیستنەوە جێبەجێدەکرێت.

### ٢/٢-١) کۆنسۆنانتەکان consonants

٤١- هەنگاوی یەکهەم: لەیەکترازاندن و جیاکردنەوەی /فۆنەکان/

[p] [a] [l] : [t] [ɑ] [ɭ]

[t] [ə] [ʀ] : [k] [ə] [ʀ]

[k] [ə] [l] : [g] [ə] [l]

[d] [ə] [s] [ɨ] [k] : [t] [ə] [s] [ɨ] [k]

[d] [a] [r] : [b] [a] [r]

[b] [a] [l] : [p] [a] [l]

٢/ جیاکردنەوەو پۆلینکردنی فۆنەکان وەك فۆنیم لەڕێگای دروستکردنی گچکەترین دەستەو شیکردنەوەی یەکە یەکەی فۆنەکانەوە دەکرێت. پۆلێنکردنەکە بەم شێوەی لای خوارەوە، هەر ستوونەو لە جێکەوتەی پەیوەندییە جێنشینییەکەی خۆیدا تەواودەبێت. بۆ نموونە، لە جێکەوتەکانی ستوونی (١) دا پۆلی گیراوەکان هەن[٤٩].

---

48 بڕوانە Kazanina, N,, Philips, C. and Isadi, W., (2006)

49 بەراوردی بکە لەگەڵ وریا عومەر ئەمین، فۆنیمەکانی زمانی کوردی، ١٩٨٢.

٤٢- پۆلێنکردنی فۆنەکانی نموونەکانی (٤١):

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
|---|---|---|---|---|
| /p/ | a | l | | |
| /t/ | ə | R | | |
| /k/ | ə | l | | |
| /g/ | ə | r | d | |
| /d/ | ə | s | ɨ | k |
| /b/ | a | l | | |

| ١ | ٢ | ٣ | ٤ | ٥ |
|---|---|---|---|---|
| /t/ | a | l | | |
| /k/ | ə | R | | |
| /g/ | ə | l | | |
| /d/ | ə | r | d | |
| /t/ | ə | s | ɨ | k |
| /p/ | a | l | | |

لێرەدا دەردەکەوێت کە هەر یەك لە ڕیزە ئاسۆییەکانی

| | | |
|---|---|---|
| پال pal | : | تال tal |
| تەڕ təR | : | کەڕ kəR |
| کال kəl | : | گەل gəl |
| گەرد Gərd | : | دەرد dərd |
| دەسك dəsɨk | : | تەسك təsɨk |
| دار dar | : | بار bar |
| بال bal | : | پال pal |

جووتێك یان دەستەیەك پێکدەهێنن. لەو دەستانەدا، ئەو [p,t,k,b,d,g] یانەی، کە لە جێکەوتەی (١) دان -لەتەك جێکەوتەکانی (٢و٣)و(٢و٣و٤)و(٢و٣و٤و٥)دا- و لە پەیوەندییە تەکنشینیەکەدا (ڕیزبوونی ئاسۆیی) دەنگیلە (فۆن) بوون، ئێستا لەدروستە جێنشینیەکەدا لە جێکەوتەی (١) ی (٤٢) دا خۆیان وەك فۆنێم نیشان دەدەن و لە هەردەستەیەکی بەرامبەر بەیەك وەستاوەدا واتای نوێ دەهێننە ئاراوە .

بەم پێیە لەم شیکردنەوەیەدا :

/p/،/t/ ،/k/ ،/b/ ،/d/ ،/g/ پۆلەڕەگەزێك (کاتەگۆریەك) پێکدەهێنن بە ناوی پۆلە ڕەگەزی کۆنسۆنانتە –تەقاوە/گیراوە کپ ودەنگدارەکانەوە. هەروەها نموونەکان نیشانیشیدەدەن، کە ئەو گییراوانە، بۆ نموونە، لەکرمانجیی سەروودا بەم نیشانانە کاردەکەن :
[ +/_ لچولێوییی] ،[+/ _پووکی] ،[+/_ مەلاشوویی] ،[ +/_ دەنگداریی]

٤٣– گیراوەکان لە دەستە– جووتدا

[p] [a] [l] : [f] [a] [l]
[t] [a] [l] : [d] [a] [l]
[d] [ɛ] [r] [ɛ] : [v] [ɛ] [r] [ɛ]
[d] [ə] [v] : [d] [ə] [f]
[ʃ] [ə] [v] : [ʃ] [ə] [b]
[b] [o] [ʀ] : [p] [o] [ʀ]

٤٤–کۆرپە دەقێك بۆ خشۆکەکان لە دەستە جووتدا

[s] [a] [l] : [tʃ] [a] [l]
[tʃ] [a] [l] : [ʃ] [a] [l]
[ʃ] [a] [r] : [ʒ] [a] [r]
[ʒ] [a] [r] : [dʒ] [a] [r]
[dʒ] [ɨ] [l] : [tʃ] [ɨ] [l]
[tʃ] [ɨ] [l] : [z] [ɨ] [l]
[z] [ɨ] [l] : [s] [ɨ] [l]

٤٥ – کۆرپەدەقێکی تر بۆ خشۆکەکان لە دەستە وشەدا

[k] [a] [l] : [x] [a] [l]
[x] [ui] [n] : [q] [ui] [n]
[q] [ə] [d] [ɨ] [r] : [ɣ] [ə] [d] [ɨ] [r]
[b] [a] [ɣ] : [b] [a] [x]
[g] [ə] [ʀ] : [k] [ə] [ʀ]

٤٦- کۆرپەدەقێك بۆ گەروویی و دەنگەژێییەکان لە دەستە وشەدا

| | | |
|---|---|---|
| [ʕ] [a] [r] [d] | : | [ʔ] [a] [r] [d] |
| [ʕ] [a] [v] | : | [h] [a] [v] |
| [h] [ə] [l] | : | [ɦ] [ə] [l] |
| [h] * | | [ʕ] * |

٤٧- لووتی و لەراوەکان لە دەستە وشەدا

| | | |
|---|---|---|
| [m] [a] [m] | : | [m] [a] [n] |
| [m] [a] [l] | : | [m] [a] [r] |
| [k] [ə] [r] | : | [k] [ə] [ʀ] |

٤٨- نیمچە ڤاوڵەکان لە دەستە- جووتدا

| | | |
|---|---|---|
| [y] [a] [r] | : | [w] [a] [r] |

**ئەنجامی (٢)**

نموونەکان بە گشتی ڕێدەدەن لەم سەرەتایەدا ئەم تێبینیانە تۆمار بکرێن :

١-ئەو کۆنسۆنانتانەی ، کە بە ئەفریکاتەکان ناسراون ( /tʃ/ و /dʒ/ ) بەدەگمەن دەستە جووت /گچکە ترین جووت **minimal pairs** دروستدەکەن ( /tʃək/ : /dʒək/ ، /tʃɨl/ : /dʒɨl/ )

٢- خشۆکەکان وگیراوەکانی ( z/s ، ʒ/ʃ ، k/x ،q/ ʕ ) لە هەمبەریدا دەردەکەون ، بەڵام ( /x/:/ɣ/ یان /ʔ/ : /ʕ/ یان /h/ و/ɦ/ بەو جۆرو شێوەیە خۆیان ناخەنە ڕوو ، چونکە گچکەترین جووتیان نیە (بەڵام بڕوانە گوندە دابەشبوونیان).

٣-خشۆکە دەنگدارو کپەکان بە گشتی مەیلی ئەوەیان هەیە لەتەك گیراوە دەنگدارو کپەکاندا لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدا بن ( /həʃt/ : /həʒdə/ ، /dəst/ : /ləzgin/ ) ، بە واتا فۆنێم نین یا فۆنێمییان لاوازە .

٤-خشۆك وگیراوە کپ و دەنگدارەکان هەندێك جار لەبری یەکتر دادەنرێن و جێگۆڕکێ دەکەن بێ ئەوەی واتای نوێ بهێننە ئاراوە ( /həvr/ ~ /ʔəvr/ ~ /ʕəvr/ ) . ئەم جۆرە ئەلتەرناسیۆنە ئازادانە ( بڕوانە بەشی سێهەم ) ئاماژەن بۆ ئەوەی ، کە دەبێت /h/ یان/ʔ/ یان /ʕ/ ، بۆ نموونە تەنها لە دابەشبوونی گوندەدا **macro distribution** لە گەڵ فۆنیمەکانی دیکەدا ، فۆنیم بێت، دەنا ئەلەفۆنێك دەبوو ، بۆیە لە دابەشبوونی گوندەدا پێویستن ،

چونکه بۆ لە یەکگەیشتن لە کردەکانی گفتو گۆکردندا گرنگ و بنەمایین ( /ʕəli/ : /ʔəli/ : /gəli/ و /ʔol/ : /hol/ : /ʃol/ ) . ئەمە بۆ ( /q/ و /ɦ/ )یش دەخوات ( /ɦəl/ : /ʃəl/ ، /qəl/ : /məl/ ) .
بەڵام بۆ کەسێتی فۆنیمی /ʔ/ و /ʕ/ دەگمەن هەمبەرییان دەسەلمێنرێت، بەڵگە بۆ ئەمەیش دەرکەوتنی جۆراو جۆری ئازادیانە /ʔəvʀo/ ~ /ʕəvʀo/ ، /ʔəwli/ ~ /ʕəwli/ ، /qurʔan/ ~ /qurʕan/ بیشڕوانە شیکردنەوەکان لەسەر /ʔ/ لە جێکەوتەکانی سەرەتاو ناوەڕاست و کۆتایی وبڕگەدا .

٥- لە پارەکانی خوارتر ، ئەوەیش ئاشکراتر دەبێت ، کە گیراوە دەنگدارەکان لە جێکەوتەی کۆتایی وشەدا وەك کپەکانی بەرامبەریان بەرجەستە دەبن و دەبیسترێن( بڕوانە نموونەکانی ٥٣، ٥٤، ٥٥ ) . بەم جۆرە گیراوەکان /p.t,k/ : /b,d,g/ لەدوو جێکەوتەی وشەدا ( سەرەتا و ناوەڕاست ) لە هەمبەریدان ( بڕوانە نموونەکانی ٤١ و ٤٢ وبەراوردیان بکە لە گەڵ بەشی سێهەم .بە هەمان شێوە [z] و[ʒ]و ئەفریکاتی/ dʒ/ لەکۆتایی وشەدا هەمان هەڵسوکەوت دەکەن .

٦- فۆنیمی / l/ لە جێکەوتەی سەرەتای وشەدا سەلمێنراوە وناتوانرێت سەر پشکی /ɫ/ یان /r/ لەبری دابنرێت . بە پێچەوانەوە ، ئەم چەشنە ئەلتەرناسیۆنانە لە کۆتایی وشەدا و نێوان-ڤاوڵی ڕێگەی پێدەدرێت ( gul ~ guɫ ، gulav ~ guɫav ) ، ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ، کە دەبێت لە پێڕەوی فۆنێمەکانی زمانی کوردییدا /l/ لە /ɫ/ ەوە کەوتبێتەوە . بەڵام با ئەوەیش بچەسپێت ، کە / سینکرۆن / هەردووکیان دوو فۆنیمی کرمانجیی سەروون ( /tʃil/ : /tʃiɫ/ ) .

٧- فۆنێمی /r/ لە جێکەوتەی سەرەتای وشەدا نابیسترێت وخۆیان لە جێکەوتەی کۆتایی وشەدا وەك فۆنێم دەخەنە ڕوو ( /kər/ : /kəʀ/ ، /bər/ : /bəʀ/ ). هەردووکیان نێوان-ڤاوڵیی ڕوودەدەن ، بەڵام تێیدا دەستە جووت درووست ناکەن . بە واتا، کە نموونەی تاکوتەرا لە چەشنی /təraʃ/ : /təʀɑʃ/ ، /goran/ : /goʀan/ یش دەبیسترێن. کەواتە هەردووکیان دوو فۆنێمی تری ئەم پێڕەوەن .

لێرەشدا ئەم ئەلتەرناسیۆنانە سەرپشکیانە تۆمارەکرێن،کە پشتگیری لەگریمانەو لێکدانەوەکەی سەرەوە دەکەن و پاساویدەدەنەوە و لە داهاتووشدا وردتر شیدەکرێنەوە (کرمانجیی سەروو: / mal، gul، gulav/ ~ سلێمانیی:/ maɫ ، guɫ ، guɫaw / ~ هەولێر: /mar ، gur ، guraw/).

٨- نیمچە ڤاوڵەکان دەستە جووت دروستدەکەن و خۆیان لە جێکەوتەی پێش ڤاوڵ ودوای ڤاوڵدا دەردەخەن ( /war/ : /yar/ ) و بەم پێیەش دوو فۆنێمی ئەو پێڕەوەن.

٩- لووتییەکان لە هەموو جێکەوتەکانی وشەدا دەستە جووت دروستدەکەن و فۆنیمی زرنگدەرەوەن ( /ṇal/ : /mal/ ، /tən/ : /təm/ ) و گەورەترین یا زۆرترین ئەرکی جیا کردنەوەی واتایان لە سەرە.

١٠- [h]و[ʔ] هەمبەریان زۆر دەگمەنە ، هەندێك جاری واش هەیە لە بری یەکتریی بە کار دەهێنرێن ، بەواتا لە ئەلتەرناسیۆنی ئازاددان ، ئەمەیش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ، کە [ʔ] یان فۆنێم نییە یان لە دابەشبوونی گوندەدا فۆنێمە .

١١- [ɦ]و[ʕ] نموونەیان لە هەمبەرییدا ( نەدۆزرایەوە ) بەڵام لە دابەشبوونی گوندەدا فۆنێمی خۆیان دەنوێنن ، چونکە وەك واتا گۆڕ بۆ گفتوگۆکردن و لە یەکگەیشتن گرینگە ، بە تایبەتی لە وشەی وەرگیراودا.

١٢- [ʕ]و[ʔ] بە دەگمەن هەمبەرییان بۆ دەدۆزرێتەوە ، بە واتا کەسێتی فۆنیمییان لاوازە ، بەڵگە بۆ ئەمەیش وەك لە ئایندەدا دەردەکەوێت ، ئەوەیە ، کە جۆراو جۆری ئازادییان هەیە . بەڵام بەپێی روونکردنەوەکانی سەرەوە دەبێت [ʕ] فۆنێم بێت.

### ٢/٣) فۆنێمەکان لە دابەشبووندا

### ٢/٣-١) کۆنسۆنانتەکان (تاك کۆنسۆنانت )

لەڕوونکردنەوەی چەشن وجۆرەکانی دابەشبوونی کۆنسۆنانتەکاندا دوو لایەنی گرنگ دەچەسپێنرێن ، کە یەکێکیان سەلماندنی فۆنێمی فۆنێمەکان و دەرکەوتنی جۆری ئەلەفۆنیەکانیانن[50] لە جیکەوتەکانی سەرەتاو ناوەڕاست ( نیوان ڤاولی) و کۆتایی وشەدا وئەوی تریشیان ئاشکرابوونی ژمارەیەك لە مەرجە فۆنۆتاکتیکیەکانی ئەم زارەن ، کە خۆیان لەڕوودان و دەرکەوتنی فۆنێمەکانە یان روونەدان ودەر نەکەوتنیانە لەم جێکەوتانەدا

#### ٢/٣-١-١) گیراوەکان لەجێکەوتەی وشەدا

وایدادەنێین ، کە گیراوە کپەکان لە هەر سێ جێکەوتەدا هەبن :

٤٩-/ p / ئاسایی،کپێکی هەناساویی لچولێویی تەواوەیە

| #______ | | V______V | | ______# | |
|---|---|---|---|---|---|
| تێپ | [tep] | گۆپاڵ | [gopa:l] | پاڵ | [pal] |
| تۆپ | [top] | چاپەست | [tʃapəst] | پێ | [pe] |

[50] بڕوانە John David, A., (1969).

| | | |
|---|---|---|
| کەپ [kəp] | ساپیتك [sapitɨk] | پۆز [poz] |
| شاپ [ʃap] | ناپاك [napak] | پیر [piːr] |
| تیپ [tip] | ڕیپۆش [ʀipoʃ] | پەیڤ [pəiv] |

۵۰–/b/ ئاسایی ، دەنگدارێکی ناهەناسارویی لچولێویی تەقاوەیە

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| عازەب [ʕazəp] | ڕەبەن [ʀəbən] | بهار [bɨhar] |
| عارەب [ʕarəp] | سابات [ʃabat] | بەلەنگاز [bələngas] |
| باب [bap] | شاباش [ʃabaʃ] | بەلاڤۆك [bəlavok] |
| عەیب [ʕəip] | خەباتە [xəbata] | بێهن [behn] |
| غەریب [ɣərip] | غابات [ɣabat] | بەخت [bəxt] |

۵۱ –/t/ ئاسایی ، کپێکی هەناسارویی پووکیی / دانیی تەقاوەیە

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| کۆت [kot] | ساتۆرك [satorɨk] | تویتن [tuitɨn] |
| جورجێت [dʒurdʒet] | سۆتن [sotɨn] | تال [tal] |
| غیرەت [ɣirət] | پاتال [patal] | تی [ti] |
| پیت [pit] | گوتار [gutar] | تل [tɨl] |
| سەعات [səʕat] | تەتەر [tətər] | تەڕگ [təʀg] |

۵۲ – /d/ ئاسایی ، دەنگدارێکیی ناهەناسارویی پووکیی تەقاوەیە

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| داد [dat] | مەیدان [məydan] | دویڤ [div] |
| شاد [ʃat] | کەدوینك [kədonik] | دویر [dir] |
| زاد [zat] | دۆدانە [dodanə] | دژمن [diʒmɨn] |

| | | |
|---|---|---|
| دلشاد [dlʃat] | ناڤودەنگ [navudəng] | دژوار [dɨʒwar] |
| شاگرد [ʃagɨrt] | ئەسپیندار [ʔəspindar] | دار [dar] |

٥٣ –/k/ ئاسایی، کپێکی هەناساویی مەلاشوویی تەقاوەیە.

| #____ | V____V | ____# |
|---|---|---|
| بیك [bɨk] | باکۆڤە [bakovə] | کەل [kəl] |
| چۆخك [tʃoxɨk] | تاقچکە [taqtʃkə] | کولەك [kulək] |
| تاك [tak] | ختیکە [xɨtɨkə] | کافر [kafɨr] |
| پێك [pek] | کەلەکین [ɬələkin] | کادین [kadin] |
| ژەك [ʒək] | دویکەل [dikəl] | کا [ka] |

٥٤ –/g/ دەنگدارێکی ناهەناسلویی مەلاشوویی تەقاوەیە

| #____ | V____V | ____# |
|---|---|---|
| بەگ [bək] | باگوردان [bagurdan] | گاڤ [gav] |
| لینگ [link] | لەگەن [ləgən] | گونەھ [gunəɦ] |
| سەگ [sək] | سەگاڤ [səgaf] | گڤاشتن [gvaʃtɨŋ] |
| گورگ [gurk] | چەرمەگا [tʃərməha] | گاز [gaz] |
| تەرگ [tərk] | تەنگاڤ [təngav] | گاڤ [gav] |

٥٥ – /q/ کپێکی پشتە مەلاشوویی تەقاوەیە

| #____ | V____V | ____# |
|---|---|---|
| سلق [sɨlq] | لەقیان [ləqyan] | قات [qat] |
| لاق [laq] | زەقنەبوت [zəqnəbut] | قەبر [qəbɨr] |
| شەق [ʃaq] | پەقین [pəqin] | قاپ [qəp] |
| زەق [zəq] | تەقەل [təqəl] | قاچاخ [qətʃax ] |
| تۆق [toq] | فیقی [fiqi] | قازی [qazi] |

وایدادەنێین ،کە گیراوە دەنگدارەکان دابەشبوونیان جیاواز بێت لەگەڵ گیراوە کپەکاندا .بۆنموونە چاوەڕێی ئەوە دەکرێت ،کە دەنگدارەکان لەکۆتایی وشەدا نەبیسترێن .

٥٦– /ʔ/ دەنگە ژێییەکی گیراوە

| #___ | | ___V | | ___# | |
|---|---|---|---|---|---|
| نەء | [nəʔ] | سوئال | [suʔal] | ئۆل | [ʔol] |
| ___ | | دائیرە | [daʔirə] | ئەز | [ʔəz] |
| ___ | | قورئان | [qurʔan] | ئاریشە | [ʔariʃə] |
| ___ | | ___ | | ئەو | [ʔəw] |
| ___ | | ___ | | ئاغا | [ʔaɣa] |

### ٣/٢-١-٢) خشۆکەکان لەجێگەوتەکانی وشەدا

چاوپێدەکرێت خشۆکە کپەکان لەهەرسێ جێگەوتەکەدا هەبن ، بەڵام کەمەکیش ناوازەیان هەبێت

٥٧ – /f/ کپێکیی لچودانیی خشۆکە

| #___ | | V___V | | ___# | |
|---|---|---|---|---|---|
| دەف | [dəf] | نەفەس | [nəfəs] | فالك | [falɨk] |
| ماف | [maf] | سەفەر | [səfər] | فیقی | [fiqi] |
| ساف | [saf] | نەفەر | [nəfər] | فێل | [fel] |
| تاف | [taf] | خەفەر | [xəfər] | فرۆ | [fro] |

٥٨ – /v/ دەنگدارێکیی لچودانیی خشۆکە

لەگەڵ گیراوە دەنگدارو کپەکاندا لەدابەشبوونی تەواوکەرانەدایە

| #___ | | V___V | | ___# | |
|---|---|---|---|---|---|
| پەیڤ | [pəyf] | ئەڤین | [ʔəvin] | ڤیان | [divəlan] |
| شیڤ | [ʃif] | شەڤین | [ʃəvin] | ڤاژی | [vaʒi] |
| گاڤ | [gaf] | دویڤەلان | [divlan] | ڤێکرا | [vekʀa] |
| چاڤ | [tʃaf] | دەڤەر | [dəvər] | ڤلڤلك | [vɨlvlɨk] |

٥٩– /s/ لە باری ئاساییدا کپێکی پووکیی خشۆکە ، لەچەند وشەیەکدا لەگەڵ دەنگە پانەکەی (ص)ی عارەبیدا ئەڵتەرناسیۆندەکات ، وەکو خشۆکەکانی دییکە لەگەڵ گیراوە دەنگداروکپەك لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدایە (بڕوانە نموونەکانی 31)

| #____ | V____V | ____# |
|---|---|---|
| پاس [pas] | بۆسە [bosə] | سارا [sara] |
| داس [das] | جاسوس [dʒasus] | سەر [sər] |
| وەریس [wəris] | ڕامۆسین [ʀamusin] | سۆر [sor] |
| تاوس [taws] | تەسە [təsə] | سپێدە [spedə] |
| نەفەس [nəfəs] | خەساندن [xəsandɨn] | ساخلەم [sazləm] |

٦٠ – /z/ لەباری ئاساییدا دەنگدارێکی خشۆکی پووکییە
لەچەند وشەیەکدا لەگەڵ دەنگە پانەکەی (ض)ی عارەبییدا ئەڵتەرناسیۆندەکات (بڕوانە نموونەکانی٣٢) ، وەهایدادەنێین ، کە لەکۆتایی وشەدا دەنگداری نەمێنێت

| #____ | V____V | ____# |
|---|---|---|
| کۆز [kos] | کەزی [kəzy] | زار [zar] |
| پەز [pəs] | کەزان [kəzan] | زەر [zər] |
| ڕەز [ʀəs] | مازی [mazi] | زانا [zana] |
| حەز [ɦəs] | عازەب[ʕazəb] | زەبەش [zabəʃ] |
| گیز [gis] | گۆزە [hozə] | زاڤا [zava] |

٦١ – /ʃ/ لەباریی ئاساییدا کپێکی (ڕەقە) مەڵاشوویی خشۆکە

| #____ | V____V | ____# |
|---|---|---|
| ڕەش [ʀəʃ] | شاشەك [ʃaʃək] | شاد [ʃad] |
| ترش [trɨʃ] | قەشە [qəʃə] | شیف [ʃif] |
| جەحش [dʒəɦtʃ] | پاشا [paʃa] | شیر [ʃir] |
| تەڕاش [təʀaʃ] | وەشاندن[wəʃandɨn] | شکەفت [ʃkəft] |
| زەبەش [zəbəʃ] | ڕەوشەن [ʀəwʃən] | شار [ʃar] |

٦٢ –/ʒ/ لەباری ئاساییدا دەنگدارێکی (ڕەقە ) مەلاشوویی خشۆکە. پێشبینی لێدەکرێت لە کۆتایی وشەدا خۆی کپ بنوێنێت (ڕوونکردنەوەی زیاتر لە ٤/٤ دا خراوەتە ڕوو).

وەك خشۆکەکانی تر ، لە دەنگداریی وکپییدا لەگەڵ گیراوەکاندا لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدایە

| # ___ | | V ___ V | | ___ # | |
|---|---|---|---|---|---|
| پیاوکوژ | [pyawkuʃ] | بازێڕ | [baʒeʀ] | ژار | [ʒar] |
| توژ | [tuʃ] | بازێڕڤان | [baʒeʀvan] | ژڤان | [ʒar] |
| پاقژ | [paqʃ] | کەژال | [kəʒal] | ژن | [ʒɨn] |
| نڤێژ | [nveʒ] | هەژاندن | [həʒandɨn] | ژۆر | [ʒor] |
| گوهێژ | [guheʒ] | ڤاژی | [vaʒi] | ژی | [ʒi] |

٦٣ – /tʃ/ لەباریی ئاساییدا کپێکی – ڕەقەمەلاشوویی خشۆکە

| # ___ | | V ___ V | | ___ # | |
|---|---|---|---|---|---|
| ماچ | [matʃ] | نوچە | [nutʃə] | چار | [tʃand] |
| کۆچ | [kotʃ] | پاچە | [patʃə] | چاند | [tʃnd] |
| کەرەچ | [kərətʃ] | چاچی | [tʃatʃi] | چال | [tʃənd] |
| قلۆچ | [qlotʃ] | کۆچەر | [kotʃər] | چۆل | [tʃol] |
| گێچ | [getʃ] | کەچە | [kətʃə] | چڤت | [tʃɨvt] |

٦٤ –/dʒ/ لەباریی ئاساییدا دەنگدارێکی پووکی~ ڕەقە مەلاشوویی خشۆکە پێشبینی دەکرێت لە کۆتای وشەدا دەنگدارییەکەی نەمێنێت .

| # ___ | | V ___ V | | ___ # | |
|---|---|---|---|---|---|
| قەنج | [qəntʃ] | حاجی | [ɦadʒi] | جان | [dʒan] |
| گەنج | [gəntʃ] | حاجۆلکە | [ɦadʒolkə] | جۆت | [dʒot] |
| تاج | [tətʃ] | خواجە | [xwadʒə] | جەحش | [dʒəɦɨʃ] |
| ساج | [satʃ] | خەجێ | [xədʒe] | جل | [dʒɨl] |
| باج | [batʃ] | جورجێت | [dʒurdʒet] | جۆر | [dʒor] |

٦٥ –/x/ لەباریی ئاساییدا کپێکی مەڵاشوویی خشۆکە

| #____ | | V____V | | ____# | |
|---|---|---|---|---|---|
| شاخ | [ʃax] | تخوب | [txup] | خاڵ | [xal] |
| شۆخ | [sox] | بەخت | [bəxt] | خوناڤ | [xunav] |
| خۆخ | [xox] | نەخت | [nəxt] | خۆشی | [xoʃi] |
| ئاخ | [ʔax] | ڕەختە | [ʀəxtə] | خەبات | [zəbət] |
| شێخ | [ʃex] | شۆخان | [ʃoxan] | خێر | [xer] |

٦٦ – /ɣ/ لەباریی ئاساییدا دەنگدارێکی مەڵاشوویی خشۆکە

| #____ | | V____V | | ____# | |
|---|---|---|---|---|---|
| ساغ | [saɣ] | تەغار | [təɣar] | غەزاڵ | [ɣəzal] |
| باغ | [baɣ] | بەغار | [bəɣar] | غیرەت | [ɣirət] |
| داغ | [daɣ] | باغان | [baɣan] | غەزەب | [ɣəzwp] |
| دەماغ | [dəmaɣ] | داغان | [daɣan] | غەیبەت | [ɣəibwt] |
| قونداغ | [qundaɣ] | تەغار | [təɣar] | غابات | [ɣabat] |

لــە گــچکەترین دەســتەدا لەگــەڵ (خ) دا نابینرێنــەوە ، وبــەزۆری ئەلۆفۆنیەکیــەتی دەنگــداریی وکپــی ئــەم جووتــە دەنگــە لــە کۆتــایی وشــەدا تــا ڕادەیــەك پەیوەنــدیی بــە کۆنسۆنانتەکەی سەرەتای بڕگەوە هەیە ( بڕوانە بەشی بڕگە).

٦٧ – /h/ کپێکیــی دەنگە ژێـی تـەواو هەناسـاوییە ، لـە کرمـانجیی سـەروودا لەهـەر سـێ جێکەوتەکەدا دەردەکەوێت ( بڕوانە محەمەدیی مەحویی)

| #____ | | V____V | | ____# | |
|---|---|---|---|---|---|
| گونەه | [gunəh] | بهار | [bɨhar] | هاڤین | [havin] |
| شه | [ʃɨh] | شەهاب | [ʃəhab] | هۆژداری | [huʒdari] |
| نەه | [nəh] | مەهاباد | [mɨhabad] | هزر | [hɨzr] |
| مەه | [məh] | گوهێژ | [guheʒ] | هاریکار | [harikar] |
| گویه | [guyh] | دەهۆڵ | [dəhol] | هەسپ | [həsp] |

٦٨ - /ɦ/ لە باریی ئاساییدا کپێکی گەروویی خشۆکە ، بەزۆریی لەو وشانەدا دەبیستریێن، کە لە زمانی عارەبییەوە وەرگیراون و خواستراون .

| #____ | V____V | ____# |
|---|---|---|
| ڕوح [ʀuɦ] | زوحاك [zuɦək] | حەیوان [ɦəywan] |
| نوح [nuɦ] | ڕەحیم [ʀəɦim] | حلیك [ɦlik] |
| فەتاح [fətaɦ] | ڕێحان [ʀeɦan] | حەلاندن [ɦəlandɨn] |
| تیمساح [timsaɦ] | ئەحمۆ [ʔəɦmo] | حەفك [ɦəfɨk] |
| تەح [təɦ] | پیحواز [piɦwaz] | حیشتر [ɦiʃtɨr] |

٦٩- /ʕ/ لە باریی ئاساییدا دەنگدارێکی گەروویی خشۆکە

| #____ | V____V | ____# |
|---|---|---|
| شەرع [ʃərʕ] | سەعات [səʕt] | عەیال [ʕwyal] |
| نەوع [nəwʕ] | بەلویعە [bəluʕə] | عومەر [ʕumər] |
| فەرع [fərʕ] | زەرعات [zərʕat] | عارەب [ʕarəp] |

[ʕ] لەگەڵ [ʔ] دا ئەڵتەرناسیۆندەکەن ، عاسمان ~ ئاسمان ، قورعان ~ قورئان

**٣/٢-١-٣) لووتییەکان لە جێکەوتەکانی وشەدا**

٧٠ - /m/ لەباری ئاساییدا دەنگدارێکی لچولێویی~ لووتییە

| #____ | V____V | ____# |
|---|---|---|
| خام [xam] | قومار [qumar] | مازی [mazi] |
| شام [ʃam] | خومار [xumar] | مار [mar] |
| ڕەحم [ʀəɦm] | هەمین [həmin] | مال [mal] |
| شێلم [ʃelm] | شامێر [ʃamer] | مزگەفت [mɨgəft] |
| ساخلەم [saxləm] | جامێر [dʒamer] | مشار [mʃar] |

٧١ - / n / لەباریی ئاساییدا دەنگدارێکی پووکیی- دانیی لووتییە

| #____ | V____V | ____# |
|---|---|---|
| مان [man] | گونەه [gunəɦ] | نازدار [nazdar] |
| شان [ʃan] | شاناز [ʃanaz] | نازەنین [nazənin] |

| | | |
|---|---|---|
| ڕەبەن [Rəbən] | خەنە [xənə] | نارنج [narrɨndʒ] |
| کرن [kɨrn] | بانە [banə] | نال [nal] |
| مەیدان[məydan] | یانە [yanə] | نێچیر [netʃir] |

٧٢ – / ŋ / ئەم دەنگە لەکرمانجیی سەروودا بەرجەستە نابێت .

**٢/٣-١-٤) دەنگە لاییەکان لە جێگەوتەکانی ووشەدا .**

٧٣ –/l / لە باریی ئاساییدا دەنگدارێکی پووکیی لاییە

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| مال [mal] | بەلەنگاز [bələngaz] | لالش [lalɨʃ] |
| عەیال [ʕəyal] | کەلەخ [kələx] | لاندك [landɨk] |
| خال [xal] | پالافتن [palaftɨn] | لینك [link] |
| شل [ʃɨl] | دەلال [dəlal] | لاوەند [lawənd] |
| سل [sɨl] | ئالیکار [ʕalikar] | لەزگین [ləzhin] |

٧٤ – / ɫ / لەباریی ئاساییدا دەنگدارێکی بە مەلاشوو_ بووی پووکیی لاییە
لەسەرەتای وشەدا لە گەڵ کاڵەکەیاندا/لاوازەکەیاندا لەدابەشبوونیی تەواوکەرانەدایە ، واتە لەسەرەتای وشە نەك برگەدا ، ڕوونادات وەك /لالش/ : ~ */ڵاڵش ... بەڵام /چل/ : /چڵ/

| #_____ | V_____V | _____# |
|---|---|---|
| چڵ [tʃiɫ] | زەڵاتە [zəɫatə] | ___ |
| ساڵ [saɫ] | ___ | ___ |
| پاتاڵ [pataɫ] | ___ | ___ |
| بوتڵ [butɫ] | | |

### ٢/٣-١-٥) دەنگە لەراوەکان لە جێکەوتەکانی وشەدا

٧٥ – / r / لەباریی ئاساییدا دەنگێکی پووکی فلاپە (flap ) ەو لە سەرەتای وشە ڕونادات .

| #____ | | V____V | | ____# |
|---|---|---|---|---|
| کەر | [kər] | ئاریشە | [ʔariʃə] | ___ |
| مار | [mar] | تەراش | [twraʃ] | ___ |
| دار | [dar] | خەراپە | [xərabw ] | ___ |
| شلێر | [ʃler] | تەیارە | [twyarə] | ___ |
| دلێر | [dler] | پاراستن | [parastɨn] | ___ |

٧٦ – / R / لە باریی ئاساییدا دەنگێکی فرە لێدانی (ڕ) ە ، ولە هەرسێ جێکەوتەی ناو وشەدا ڕوودەدات

| #____ | | V____V | | ____# | |
|---|---|---|---|---|---|
| شەڕ | [ʃəR] | بەڕەڤان | [bəRəvan] | ڕەش | [Rəʃ] |
| بەڕ | [bəR] | تەڕاش | [təRaʃ] | ڕیخۆش | [Rixoʃ] |
| باڕ | [baR] | بۆڕی | [boRi] | ڕەمەزان | [Rəməzan] |
| تەڕ | [təR] | دۆڕان | [doRɑn] | ڕابەر | [Rabər] |
| خڕ | [xɨR] | گۆڕان | [goRan] | ڕێژین | [Reʒin] |

### ٢/٣-١-٦) نیمچە ڤاوڵەکان لە جێکەوتەکانی وشەدا

٧٧ – / y/ ڕەقەمەلاشوویییەکی بێ خشاندنیی بەردەوامە

| #____ | | V____V | | ____# | |
|---|---|---|---|---|---|
| چای | [tʃay] | مامۆستایان | [mamostayan] | یار | [yar] |
| دای | [day] | برایان | [brayan] | یۆنان | [tonan] |
| مەی | [məy] | سەیارە | [səyarə] | یادگار | [yadgar] |
| نەی | [nəy] | تەیارە | [təyarə] | یازدە | [yazdə] |

٧٨ - / w / لچوولێوییەکی پشتەوەی بێ خشاندنی بەردەوامە .

ئەم دەنگە[w] لەکرمانجیی سەروودا لەگەڵ [v] لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدایە ،بەواتا [v] لەم زارەدا لەجێکەوتەی نیمچە ڤاوڵی [w] دا دەبێت نەك ڤاوڵی[u]. ئەم دابەشبوونە تەواوکەرانەیە بەپێی یاسایە ، کە لەبەشی سێهەمدا بەووردی ڕوونیدەکەینەوە .

| #____ | | V____V | | ____# | |
|---|---|---|---|---|---|
| باڤ | [baf] | داڤاکار | [davakar] | ڤیان | [vyan] |
| ئاڤ | [ʔaf] | بەلاڤۆك | [bəlavok] | ڤێکرا | [vekʀa] |
| دەڤ | [dəf] | سیڤاندۆك | [sivandok] | ڤەخارن | [vəxarɨn] |
| شەڤ | [ʃəf] | ئەڤین | [ʔəvin] | ڤی | [vi] |
| نیڤ | [nif] | دیڤەلان | [divəlan] | ڤاژی | [vaʒi] |

**ئەنجامی ( ٣ )**

٧٩- ئەو فۆنیمانەیی لەسەرەتایی وشەدا ڕوودەدەن

ا/ گیراوەکان: /p.t.k.q.b.d.g.ʔ/

ب / خشۆکەکانو ئەفریکاتەکان : / f.s.ʃ.tʃ.x.v.z..ʒ.dʒ.ɣ.ʕ/

پ/ لووتییەکان : /m.n/

ت/ لاییەکان :/l/

ج/ لەراوەکان : /ʀ/

چ/نیمچە ڤاوڵەکان :/y/ ( ناوازە:/w/) لە (/wər/)دا

٨٠- ئەوکۆنسۆنانتانەی ، کە لە ناوەراستدا (نێوان ڤاوڵیی) ڕوودەدەن

ا/ گیراوەکان: هەموو ئەوانەی (٧٩/ا)

ب/ خشۆکەکانو ئەفریکاتەکان : هەموو ئەوانەی ( ٧٩/ب )

پ/ لووتییەکان: /m.n/

ت/لاییەکان: /l/

ج / لەراوەکان : /r.ʀ/

٨١- ئەو فۆنیمانەی کە لە کۆتای جێکەوتەی وشەدا ڕوودەدەن

ا/ گیراوەکان :/p.t.k.q/ ( ناوازە : ʔ)

ب/ خشۆکەکان‌و ئەفریکاتەکان : /f.s.ʃ.tʃ.x.h.ʕ.ɣ/ ( بڕوانە بەشی چوارەم ، بڕگە )

پ / لووتیەکان : /m.n/

ت /لاییەکان :/l/

ج / لەراوەکان : /ʀ.ɾ/

ئەو دەنگانەی لە یەکێك لەو سێ جێکەوتەیەدا یان زۆرتر لە جێکەوتەیەکدا روونادەن ، جۆری یەکەمی فۆنۆتاکتیکی کوردی دەنوێنن کە ئەمانەن :

( ٢-١) خشتەی ڕوونەدانی کۆنسۆنانتەکان لە جێکەوتەکانی وشەدا

| کۆنسۆنانتەکان | سەرەتایی وشە | نێوان- ڤاوڵیی | کۆتایی وشە |
|---|---|---|---|
| گیراوەکان | | | b.d.g.? |
| خشۆکەکان | | | v.z.ʒ.dʒ |
| لەراوەکان | ɾ | | |
| لاییەکان | ɫ | ɫ | |

هەندێك لەو فۆنێمانە بە هیچ جۆرێك لەو جێکەوتانەدا نەرودەدەن نە دەردەکەون ( بڕوانە دابەشبوونی لاییەکان ولەراوەکان ) و هەندێکی تریشیان لە جێکەوتەکەدا هەن ، بەڵام بەجۆرێکی تر بەرجەستە دەبن ( بڕوانە گیراوە دەنگدارەکان لە جێکەوتەی کۆتاییدا ) . جیاکردنەوەو پۆلینکردنی ئەو ئەلۆفۆنانە لە پارەکانی خوارتردا دەکرێن

٢-١-٢/٢ ) چەپکە کۆنسۆنانت

لەپاری(٢/٢-١)دا دابەشبوونیی یەك کۆنسۆنانت لە جێکەوتەکاندا گفتوگۆی لەسەرکرا ، بەڵام لەم پارەدا لێکۆڵینەوە لە سەر دابەشبوونی کۆنسۆنانتەکاندا دەکرێت ( پتر لە کۆنسۆنانتێك ) ، تا وەکو بزانرێت ئایا لە کۆنسۆنانتێك زیاتر لە جێکەوتەیەك دێت و چەند کۆنسۆنانت روودەدەن .لەسەروو ئەوەیشەوە ئاشکرابوونی چەشن و جۆری ئەو گرووپە کۆنسۆنانتانە خۆیان دەردەخەن، کە لەو جێکەوتەیەی برگەکاندا رێیان پێدەدرێت یان رێیان پێنادرێت . لە ئەنجامی ئەو لێکۆلینەوانەدا بە ژمارەیەکی دیکە لە یاساو مەرجی فۆنۆ

تاکتیکی ئاشنا دەبیین ، کە وابەستەی چەشنەکانی گرووپە کۆنسۆنانتەکان و درووستەی برگەن . نموونەکان بەپێی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی ڕیزدەکەین .

(٢-٢) پلەپێوەری زرینگدەرەوەیی




**٢/٣-١-٢-١) زنجیرە کۆنسۆنانتی سەرەتای وشە**

**أ/ گیراو+زرنگدەرەوە**

/p/ -٨٢

[پنی ، پلان، پلینگ، پلاك، پلاڤ ، پریشك ، پرۆژە ،پیالە، پیاو، پیاسە ]

[pyasə , pyaw , pyalə , pʀoʒə , priʃk , pɫav , plak , pling , plan , pni ]

/t/ -٨٣

[ تنۆك، تلۆڤە ، تلیش، ترس، تراش،ترێ، ترشۆکە ترۆ، ترشك، تیاترۆ ، تواڵێت]

[tnok , tlovə , tliʃ , tris , traʃ , tre , tyatro , twana]

/ k / -٨٤

[ کنێر، کلاش، کلیل، کراس، کرۆسك، کرێت، کرین ، کرۆك، کوارگ []

[kwark , kʀok , kʀin , kret , krosk , kras , kill , klaʃ , kner]

/q / -٨٥

[ قلۆچ، قرۆپ، قرگ ، قیاس، قیامەت]

[qyamət , qyas , qʀɨg , qrop , qlotʃ]

/b/ -٨٦

[بنار، بناغه، بلوز، برا، برۆ، بروسك ، برین، بیاره،بوێر]

[bwer , byarə , bʀin , brusk , bro , bra , blus , bnaɣə , bnar]

/d/ -٨٧

[ دلاوەر، دلێر، درێژ، درەو، دراڤ، دڕان، دڕنده ، دیار، دیان، دوازده ]

[dwazdə , dyan , dyar , dʀɨndə , dʀan , drav , drəw , dreʒ , dler, dlawər]

/g / -٨٨

[گلێنه، گلاو، گران، گرێله، گیا ]

[gya , grelə , gran , glaw , glenə]

/ʔ / -٨٩

لەسەرەتای وشه /ʔ/ له گەڵ هیچ دەنگێکی تر چەپکه کۆنسۆنانت دروست ناکەن.

ب/ خشۆك +زرنگدەرەوە

/f/ -٩٠

[ فلس ، فراڤێن، فرۆتن، فرین، فرۆکه]

[fʀokə , fʀin , frotɨn , fraven , flɨs]

/v/-٩١

[ڤڕاسەی، ڤیان]

[vʀaṣ̌əy , vyan ]

/s/-٩٢

[سمێل[51]، سنەوبەر، سرنج، سرشت، سڕین، سیاج، سیار]

[syar , syag , sʀin , srɨʃt , srɨndʒ , snawbər , smel]

---

[51] له هه ێك شوێن وەکو [سمبێل] یش دەبیسترێت.

/z/-٩٣

[زمان، زرنگ، زرار، زراڤ، زیان، زیاد]

[zyad , zyan , zrav , zrar , zrɨng , zman ]

/ʃ/-٩٤

[ شنۆ، شلێر، شرین، شرۆڤه، شیاڤ]

[ʃyav , ʃrovə , ʃri:n , ʃler , ʃno]

/ʒ/-٩٥

[ژماره، ژمارتن، ژیان، ژیار]

[ʒyar , ʒyan , ʒmartɨn , ʒmarə]

/x/ -٩٦

[ خلۆر، خلیسکه، خراپ، خرار، خیار]

[xyar , xrar , xrap , xliskə , xlor]

/ɣ/ -٩٧

[غرور]

[ɣrur]

/h/ -٩٨

[ هری]

[hri]

/ɦ/ - ٩٩

[حلیك]

[ɦlik]

/ʕ/ -١٠٠

[عیاده، عیال]

[ʕyal , ʔyadə]

### پ- ئەفریکات + زرنگدەرەوە

١٠١ – /tʃ/

[چنور، چروك، چرا، چلورە، چیا ]

[tʃya , tʃlurə , tʃra , tʃruk , tʃnur]

١٠٢–/dʒ/

[ جنۆکە، جلەو، جیا]

[dʒya , dʒləw , dʒnokə]

### ت- گیراو + خشۆك

١٠٣– /p/

[پسان، پسای ، پزیشك، پچیك، ]

[ptʃik , piziʃk , psay , psan]

١٠٤– /t/

[تفەنگ، تخوب]

[tfəng , txub]

١٠٥ – /k /

[ کفر، کڤارگ، کسۆك، کشان ]

[kʃan , ksok , kvark , kfɨr]

١٠٦– /q /

[قفل، قسە]

[qsə , qfɨl]

١٠٧– / b /

[ بزن، بخور، بهار]

[bhar , bxur , bzɨn]

/d /- ١٠٨

[دڤێل، دهوك]

[dhuk , dvel ]

/g / -١٠٩

[ گڤاشتن، گسك ، گژاژ،گهێشتن]

[gheʃtɨn , gʒaʒ , gsɨk , gvaʃtɨn]

**چ- زرنگدەرەوە + نیمچە ڤاوڵ**

لە چەپکە کۆنسۆنانتی ( زرنگدەرەوە+ نیمچە ڤاوڵ) دا چەند وشەیەکی کەم بەرگوێ دەکەوێت وەك:

-١١٠[نیاز، نیان، ڕیازە، ڕواندز، ڕوانگە]

[ʀwangə , ʀwandɨz , ʀyazə , nyan , nyaz]

**٣/٢-١-٢-٢) زنجیرە کۆنسۆنانتی کۆتایی وشە**

**أ/ زرنگدەرەوە+گیراو**

/p / -١١١

[قالب، قەرپ، قرپ]

[qɨrp , qərp , qalp]

/t / -١١٢

[کارت، پەرت]

[pwrt , kart]

/ k / -١١٣

[گورگ، تەرگ، سەلك، پەلك]

[pəlk , səlk , tərk , gurk]

/q / -١١٤

چەپکە کۆنسۆنانتی کۆتایی بڕگە دروست ناکەن.

١١٥- گیراوە دەنگدارەکانی /g,d,b/ لە کۆتایی بڕگەدا کپ بەرجەستە نابن، بە واتایەکی تر گیراوە دەنگدارەکان چەپکە کۆنسۆنانت دروست ناکەن.

**ئەنجامی (٤)**

١/ زنجیرە کۆنسۆنانتی ( گیراو + زرنگدەرەوە ) ی سەرەتای وشە وەك خۆی لە کۆتایی وشەدا. ئەم زنجیرانەی ڕیزبوونیان بەم شێوەیە ڕوودەدەن، ڤاوڵە[ɨ] ساردەکە لە نێوانیان دەردەکەوێت، بە واتا بڕگەیەکی تری جیا دروستدەکەن و پێکەوە کۆتایی بڕگە پێکناهێنن، وەك:

[کەپر، تەپل، مەتر، قەتل، سەبر، چلکن، خرپن....هتد].

٢/ وێنە ئاوێنەی زنجیرە کۆنسۆنانتی سەرەتای بڕگە لە کۆتایی وشە/ بڕگەدا دەبێت لە دەرکەوتندا بە پێی پلە پێوەری زرنگدەرەوەی ( بڕوانە هشتەی٢-٢ ی پلەپێوەری زرنگدەرەوەیی ) جۆراو جۆر بەرجەستە دەبن :

أ / هاوئۆرگانەکان کۆتای بڕگە دروستدەکەن .

ب /ئەوانەی لە جێکەوتەی ئۆرگانەکانی دەنگ دروستکردندا لە یەکەوە نزیکن، دەشێت کۆتایی بڕگە دروستبکەن .

پ/ ئەوانەی لە جێکەوتە ئۆرگانیەکەوە لە یەکترەوە دوورن ، ڤاوڵە ساردەکە (ɨ) دەکەوێتە نێوانیانەوەو بڕگە درووست ناکەن .

ئێستاش دەبێت ئەو نموونانە ئەو گریمانەیە بسەلمێنن و زانیاری زۆرترمان دەربارەی ئەو پۆلینکردنە بدەنێ .

**ب- زرنگدەرەوە +خشۆك**

١١٦- [بەرخ، بەرف، عارف]

[ʕarf , bərf , bərx]

**پ- زرنگدەرەوە + ئەفریکات**

١١٧ - [هرچ، پەرچ، مەرج، جورج]
[dʒurdʒ , mərdʒ , pərtʃ , hɨrtʃ]

**ت-خشۆك + گیراو**

**١١٨- [درست، دەست، دەشت، دەسك، تەسك، بەخت، تەخت]**
[təxt , bəxt , təsk , dəsk , dəʃt , dəst , drɨst]

**٣/٢-١-٣) زنجیرە كۆنسۆنانتی نێوان ڤاوڵی ( ناوەڕاستی وشە )**

**چەپكە كۆنسۆنانتەكانی ناوەڕاستی وشە ، كە دەردەكەون به شێوەیەكی گشتی دابەش دەبن بە سەر برگەی جیاوازدا و ڕەچاوی چەپكە كۆنسۆنانتەكانی سەرەتاو كۆتایی برگەو یاساكانیان دەكەن ( لە بەشی برگە ) بە وردی لێیدەكۆڵدرێتەوە.**

**١١٩- گیراو + زرنگدەرەوە**
**[ بەكرۆك ، ستران ، بەدرخان ،چكلێت ، بەلەنگاز ،قمقۆك ]**
[ q +m ، g+n ، l+k ، r+d ، r+ t ، r+k ]

**١٢٠- خشۆك+زرنگدەرەوە**
**[ دژمن ، ساغلەم ، پسمام ، پرشنگ ، بزمار ]**
[ m+z ، n+ʃ ، m+s ، l+ɣ ، m+ʒ ]
**١٢١- زرنگدەرەوە +گیراو**
**[ خەربیش ، جەنتا ، مەردان ، كرتوپە ، چلكن ، خرپن ، كومپانیا ، بەرهنگار ، سیڤاندۆك ، دلبەر ]**
[ b+l ، d+n ، g+n ، p+m ، p+ r ، k+l ، t+r ، d+r ، t+n ، b+ʀ ]
**[ سركە ، كومبار ]**
[ b+m ، k+r ]

۱۲۲- **زرنگدەرەوە + خشۆك**

[ شکەنجە ، شەمزینان ، مەرجان ، پرشنگ ، شمشال ، پرسیار ،قرژاڵ ،دلشاد ، درست ]

[ s+r ، ʃ+l ، ʒ+r ، s+r ، ʃ+m ، ʃ+r ، dʒ+ r ، z+m ، dʒ+n]

۱۲۳- **خشۆك + گیراو**

[مزگەفت ، گوهدار ،کەفتن ،مەشکە، تاڤگە ،گوستیل ،مشەختی ،کۆچبار ،دوازدە ،گڤاشتن ]

[ t+ʃ ، d+z، b+tʃ ، t+x ، t+s ، g+v ، k+ʃ ، t+f ، d+h ، g+z]

[پشدێن ، تەختە ، بەستۆرە ]

[ t+s ، t+x ، d+ʃ ]

۱۲٤- **گیراو + خشۆك**

ئەم چەپکەیان زۆر بە دەگمەن دەکەوێتە ناوەڕاستی وشەوە ، بە واتایەکی تر زیاتر لەسەرەتاو کۆتایی وشەدا دەردەکەون ، یان لە وشە لێکدراوەکاندا ، وەك (پالپشت – ʃ+p ، بەگزادە – z+g ، کوردستان – s+d) .

۱۲٥- **زرنگدەرەوە + زرنگدەرەوە**

[ بەرماڵ ، مالنج ، زرنگ ،سرنج ]

[ n+r، n+ r ، n+l ، m+r]

۱۲٦- **زرنگدەرەوە+ نیمچەڤاوڵ**

[ بەرواری ، ملوانکە ، بریار ، زریان ، بریانی ، بلیارد ، ملیار ].

.[ y+l ، y+l ، y+r ، y+r ، y+ʀ ، w+ l ، w+r ]

۲-۳/۲) **ڤاوڵەکان**

وایدادەنێین ڤاوڵەکان لە کرمانجیی سەروو ئەمانەی لای خوارەوە بن :

| | | |
|---|---|---|
| i | ɨ | u |
| e | ə | o |
| | a | |

له ڕێگەی دروستکردنی گچکەترین جووت وشەوە دەتوانین ڤاوڵەکان جیا بکەینەوە و پۆلینیان بکەین ، بۆ نموونە :

### ۲/۳-۲-۱) ڤاوڵەکانی ڕیزی پێشەوە

۱۲۷- [i]

شیر [ʃir] : شێر [ʃer]

تیر [tir] : تێر [ter]

میر [mir] : مێر [mer]

میز [miz] : مێز [mez]

۱۲۸- کۆرپە دەقێکی تر بۆ ڤاوڵکانی ڕیزی پێشەوە :

شێر [ʃer] : شار [ʃar]

مێر [mer] : مار [mar]

خێل [xel] : خال [xal]

چێل [tʃel] : چال [tʃal]

### ۲/۳-۲-۲) ڤاوڵەکانی ڕیزی ناوەڕاست

۱۲۹- [ɨ]

کل [kɨl] : کەل [kəl]

مل [mɨl] : مەل [məl]

شل [ʃɨl] : شەل [ʃəl]

تل [tɨl] : تەل [təl]

۱۳۰- کۆرپە دەقێکی تر بۆ ڤاوڵەکانی ڕیزی ناوەڕاست

کەل [kəl] : کال [kal]

مەل [məl] : مال [mal]

شەل [ʃəl] : شال [ʃar]

بەر [bər] : بار [bar]

### ٣/٢-٢-٣) ڤاوڵەكانی ڕیزی پشتەوە

-١٣١

کوڕ [kuR] : کۆڕ [koR]

بوش [buʃ] : بۆش [boʃ]

دوو [du] : دۆ [do]~ دەو [dəw]

لە نموونەکانی ( ١٢٥ و ١٢٦ ) ڤاوڵەکانی ڕیزی پێشەوە دیاری و پۆلینکران ، کە ئەمانەن : /a ، e ، ɨ/ ، نموونـەکانی (١٢٧و ١٢٨ ) یـش دەریانخـست ، کـە ڤاوڵـەکانی ڕیـزی ناوەڕاسـت بـریتین لـە / a ، ə ، ɨ / ، هـەروەها نموونـەکانی ( ١٢٩) دەریانخـست ڤاوڵـەکانی ڕیزی پشتەوە بریتین لە /o ، u / .

### ئەنجامی (٥)

ا)کۆنسۆنانتەکان :

١- فۆنیمە گیراوەکان /p , t , k , q , b , d , g , ʔ/

٢- فۆنیمە خشۆکەکان /h, x , ʃ , s , f ,ʕ, ɦ, ɣ ,ʒ, z , v /

٣- فۆنیمە ئەفریکاتەکان /tʃ, dʒ/

٤- فۆنیمە لووتیەکان /n. m/

٥- فۆنیمە لاییەکان /ɫ, l/

٦-فۆنیمە لەراوەکان / R , r /

٧-فۆنیمە نیمچە ڤاوڵییەکان / y, w /

ب)ڤاوڵەکان :

فۆنیمە ڤاوڵییەکان ئەمانەن : / o , u , a , ə , ɨ , e , i /

بـەڵام بۆ سـەلماندنی ، کە ڤاوڵـە ساردەکە لـە زاری کرمانجیی سـەروو فۆنێمێکـە ، تـەنها ئەوەنـدە دەڵـێین ، کـە ڕودان ودەرکـەوتنی بـە شـێوەیەکی گـشتی پێـشبینی لێکـراوە ( لـەو شوێنانەدا ، کە گرووپە کۆنسۆنانت هەیە پێویستی بە ڤاوڵ دەبێت بۆ دروست کردنی برگە ، ئەمەش بە پێی ئەلف وبێی عەرەبی یان لاتینیدا دیارە ) ، بۆیە بە ڤاوڵێکی هەڵتۆقیویی برگە دروسـتکەریی دادەنـێین ئـەم لێکۆڵینەوەیـە بـۆ دوای ئـەم نامەیـە تـەرخان کـراوە ، کـە شیکردنەوەی تەواوی برگەمان لە بەر دەست دایە لە گەڵ پلە پێوەری زرنگدەرەوە .

# بەشی سێیەم

## پرۆسە فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکییەکان

## ٣/ پرۆسەفۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکییەکان

### ١/٣) ئەلۆفۆنەکان allophones

ئەلۆفۆن شێوەیەکە لە شێوەکانی درکاندنی هەمان فۆنێم، بێ ئەوەی درکاندنی ئەو شێوە جیاوازە کار لە واتای وشە بکات. واتە ئەو کۆمەڵە دەنگەیە، کە فۆنێمێک دەیانگرێتە خۆوە [٥٢]. ئەلۆفۆن لەپێشگری ( allo_ شێوەی جیاواز ) و وشەی ( phone_ دەنگ ) پێکهاتووە، بەواتا شێوەی جیاوازی فۆنیم دێت.[٥٣]

دەتوانین بڵێین هەموو ئەو دەنگانەی، کە دەچنە ژێر چەتری فۆنێمێکەوە بە هۆی هەرچ هۆکارێکەوە بێت ( بڕوانە خوارتر ) ناو بنرێت ئەلۆفۆن یان جۆرە گۆڕدراوەکانی فۆنێمێک . مەرج نیە ئەو دەنگانەی، کە لە زمانێکدا دەخرێنە خانەی فۆنیم یان ئەلۆفۆن، لە هەموو زمانەکاندا وەك یەك بن ( بەراوردی(س،ص) [s]و[s̄] بکە لەنێوان زمانی کوردی وعەرەبیدا ).

بۆ هەڵاوێردکردنی فۆنێمەکان و جیاکردنەوەیان لە ئەلۆفۆنەکانییان لەکرمانجیی سەروودا، پێشنیازی ئەم پێڕەوەی خوارەوە دەکرێت وکاری لە سەر دەکرێت :

خشتەی ( ٣-١)[٥٤] : پێڕەوی پێشنیاز کراوو ڕێکخراو بە گوێرەی ئۆرگانەکانی دەنگدروستکردن .

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| p | t | k | q | | | ? | |
| b | d | g | – | – | | | |
| | f | s | ʃ | x | | ħ | h |
| | v | z | ʒ | ɣ | | ʕ | |
| | – | – | tʃ | | – | – | |
| | – | – | dʒ | – | – | – | |
| | m | n | – | – | – | – | |
| | | l | ɫ | | | | |
| | | r | R | | | | |
| | w | | y | | | | |

---

52 بڕوانە ئاورەحمانی حاجی مارف(١٦: ١٩٧٦ )

53 بڕوانە(1995) .,Goldsmith, J و

54 بەراوردی بکە لە گەڵ ( وریا عومەر ئەمین، فۆنەتیكو فۆنۆلۆجی، ٢٣٩: ١٩٨٩ ) و غازی فاتح وەیس ( فونەتیك، ٦٠: ١٩٨٤)

به پێی هەڵسوکەوت وجۆراو جۆری دەرکەوتنیان دکارین سێ چەشنی ئەلۆفۆن لەیەك جییا بکەینەوە ( بڕوانە بەشی یەکهەم) :

١- دابەشبوونی تەواوکەرانە .

٢- ئەلەفۆنی ئازاد .

٣- بێلایەن بوون .

## ٣/١-١) گیراوەکان plosive

**دیاردەی کپبوون و بێلایەنبوون**[55] : دیاردەی کپبوونی دەنگدارە گیراوەکان (/ب، د، گ/) لە کۆتایی وشەو برگەدا وەك بێلایەنبوونی نیشانەی دەنگداریی ئەم کۆنسۆنانتانە پێناسەو ڕوونکراوەتەوە. دیاردەکە لە هەردوو زاری ناوەڕاست[56] و سەروودا پێڕەو بەندانە ڕوودەدات ( بڕوانە بەشی چوارهەم ). جۆرە گۆڕدراوەکانی لە (١،٢) دا هێنراونەتەوە ، نموونەی کرمانجیی سەروون بۆ ئەو دیاردەیە.

١- [b]

| | | |
|---|---|---|
| عازەب[ʕazəb] | ~ | عازەپ [ʕazəp] |
| عارەب [ʕarəb] | ~ | عارەپ [ʕarəp] |
| باب [bab] | ~ | باپ [bap] |
| عەیب [ʕəyb] | ~ | عەیپ [ʕəyp] |
| غەیب [ɣəyb] | ~ | غەیپ [ɣəyp] [57] |

لە کۆتایی برگەدا ، کاتێك برگەکان سەر لە نوێ دروستدەکرێنەوە ( لە قسەکردنی خێرا ) .

چ . بکەم [ tʃɨ .bɨ .kəm ] ~ چپ . کەم [tʃɨp .kəm] .

چ . بخۆم [tʃɨ .bɨ.xom] ~ چپ . خۆم[tʃɨp.xom] .

بەم پێیەیش [b] لە سەرەتای برگەی دووهەمەوە گوازراوەتەوەو بوە بە کۆتایی برگەی یەکەم ، کە ئەوەش وای کردووە دیاردەکەی سەرەوەی لە سەر جێبەجێ ببێت[58] .

---

[55] بڕوانە Barden,Bill, J,,(1983)و Clements, G,N,,(1985)و Riehl, R, Lotto., and Holt, L,L,., (2004)

[56] بڕوانە محەمەدی مەحویی(٢٠٠٨) و ئەو سەرچاوانەی پێشکەش کراون.

[58] بۆ trubezkoy ئەو فۆنیمەی ، کە لە کۆتایی وشە بەرجەستە دەبێت ( archiphoneme ) ، گشت نیشانەکانی هەردوو فۆنیمەکەی ( /b/ و/p/ ) تێدا هاوبەشە ، بڕوانە محەمەدیی مەحویی (٢٠٩: ٢٠٠٨) .

٢- [d]

چ . دخۆی [tʃɨ.dɨ.xoy] ~ چت . خۆی [tʃɨt.xoy]

چ . دکەی [tʃɨ.dɨ.xoy] ~ چت . کەی[tʃɨt.kəy]

چ . دبێژی [tʃɨ.dɨ.be.ʒi] ~ چت . بێژی[tʃɨt.be.ʒi]

لە بەراوردکردنی هەندێك فۆرمی کرداردا لە کرمانجیی سەروو لەگەڵ کرمانجیی ناوەڕاستدا ، نەمانی فۆنێمی /d/ لەوەی پێشەوەیاندا ( /برن/ : /بردن/ ، /مرن/ : / مردن/ ، / کرن/ : / کردن/ ) وابەستەی پێڕەوی تاف و مۆرفیمەکانیانن نەك دیاردەی فۆنەتیکی یان فۆنۆلۆژیی بن. چونکە ئەو /d/ە لە کرمانجیی ناوەڕاستدا دەربڕی تافی ڕابردووە . ئەم چەند دێڕە تەنها بە مەبەستی ڕوونکردنەوەیە، ئەگینا ئەمە دیاردەیەکی دیاکرۆنیە نەك سینکرۆنیی .

بە پێچەوانەوە، کەوتنی سەرپشکی /d/ لە هەندێك کاتیگۆری فەرهەنگیدا (/ مێرد/[merd]~[mer]) بۆکەمکردنەوەی چەپکە کۆنسۆنانتی ڕێگە پێدراوی کۆتایی برگەیە. ئەم دیاردانەش ئەوە دەردەخەن، کە/d / وەك پوکییەکی گیراوی دەنگدار لەم پێڕەوەدا لاوازەو کە /t/ یش "گیراوی پووکی کپ" کەرەسەی دیاردەکەیە ( /kərt/ ~) [kʰər].ئەمەیش لاوازی نیشانەی [پووکی]، بەپێچەوانەی نیشانەی [لچولێویی] ەوە دەخاتەڕوو، بەڵام لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت، کە چەپکە کۆنانسۆنانتی (rd) زۆرکەم لە وشەکانی کرمانجیی سەروودا هەن، وەك بۆ نموونە لە وشەکانی ( کورد، کورستاندا) هەن.

٣- [g]

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| تەنگ | [təng] | ~ | تەنك | [tənk] |
| سەنگ | [səng] | ~ | سەنك | [sənk] |
| بەگ | [bəg] | ~ | بەك | [bək] |
| مەرگ | [mərg] | ~ | مەرك | [mərk] |
| تەڕگ | [təʀg] | ~ | تەڕك | [təʀg] |

---

[58] بەراوردی بکە لە گەڵ محمەد معروف فتاح ( ٧٠: ١٩٩٠)دا

ئەم شیکردنەوە پێڕەو بەندانەیە بە سەر پێڕەوی گیراوە دەنگدارەکاندا جێبەجێکرا ، بەڵام بە پێی داتاکان تەنها گیراوە مەڵاشووییە دەنگدارەکەی [g] نموونەی لەم چەشنەی بۆ نەدۆزرایەوە ( بڕگە دروستکردنەوە ). ئەمە ئەوە ناگەیەنێت، کە ئەم کۆنسۆنانتە گیراوە بەشداریی لە هەمان دیاردەدا ناکات ( بڕوانە نموونەکانی پێشووتر )، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە پێی پێرەوەکە ( بڕوانە پێڕەوی کۆنسۆنانتەکان ) چاوەڕێدەکرێت ئەم دیاردەیەی بە سەردا ڕووبدات و پێشبینی حاڵەتەکەش دەکەین.

ئەو [p.t.k] انەی لە کۆتایی وشەدا/ بڕگەدا لە جیباتی [b.d.g] بەرجەستە دەبن، لەباری ئاسایدا بێلایەنن لە نیشانە بنەڕەتییەکانیان.[٥٩]

کپ دەربڕین وبێلایەنبوونی کۆنسۆنانتە گیراوەکان /b.d.g/ بە گشتی سەر بە دیاردەکانی کۆتایی بڕگەن [٦٠]، توانەوە نیە لە گەڵ کۆنسۆنانتەکانی پیش یان دوای خۆیاندا، لە نموونەی (١) ی بەشی سێهەمدا دەربڕینی[چ . بکەم] ~ [چپ . کەم] پەیوەندی بە کۆنسۆنانتەکەی سەرەتای بڕگەی دووهەم [k] یان بە کۆنسۆنانتی بڕگەی یەکهەم [tʃ] وە نیە، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە، کە ئەم کۆنسۆنانتانە خۆیان کاریگەریان لە سەر دەنگداری خشۆکەکان هەیە، کە پێکەوە لەگەڵیان دێن نەك لە سەر یەکتری. واتە [p.t.k]و[b.d.g] کاریگەریان لەسەر یەکتر نیە، ( بڕوانە دیاردەکانی ( دابەشبوونی تەواوکەرانە ) نموونەکانی (٢) ی بەشی سێهەم و نموونەی وەك [ چ . دبێژی ] ~ [چت . بێژی] بەڵگەی ئەزموونیەندی ڕاستەوخۆن بۆ ئەو لێکدانەیەوەوبۆنەو ڕوونکردنەوانە.[٦١]

٤- [q]

لە کۆتایی وشە بیانیەکان و هەندێك وشەدا ئازادانە ئەلتەرناسیۆن لەگەڵ [ɣ,k] دا دەکات[٦٢]. بۆیە پێشبینی ئەم دیاردەیەش دەکرێت، چونکە یان هاوئۆرگانن یان لە ئۆرگانی دەنگدروستکردندا لە یەکەوە نزیکن. هەر لەبەر ئەمەیشە، کە هەموو ئەو کۆنسۆنانتانە بە مەڵاشوویی ناسراون . لە سەروو ئەوەیشەوە /q/ و/ /k/ سەر بە گرووپی کۆنسۆنانتە گیراوەکانیشن ( بڕوانە (٣-١) و بەشی دووهەم) .

بانق [banq] ~ بانك [bank]

---

[59] بڕوانە (١٩٩٣) Steriade, Donca, و Mitterer, H , and Blomert, L, (2003)

[60] بەراوردی بکە لە گەڵ غازی فاتح وەیس (٣٦: ١٩٨٣) و محمەد معروف فتاح (٦٥: ١٩٩٠) دا

[62] ڕەنگە ئەم دەنگە لەزمانێکی تری وەکو عەرەبی ئەلتەرناسیۆن لە گەڵ دەنگی وەك [ʔ.g] دا بکات

قاڵ [qalə] ~ گاڵ [galə] . قادر[qadɪr] ~ ئادر [ʔadɪr]

| | | | |
|---|---|---|---|
| قاقەز [qaqəz] | ~ | کاقەس | [kaqəz] |
| قاقەز [qaqəz] | ~ | کاغەس | [kaɣəz] |
| پاقژ [paqɨʒ] | ~ | پاکش | [pakɨʃ] |
| قیز [qiz] | ~ | کیش | [kiʒ] |
| قوڕ [quʀ] | ~ | کوڕ | [kuʀ] |

٥- [ʔ]

/ hوʕ/ خۆیان وەك فۆنیم سەلماندو [ʔ] یش وەك ئەلەفۆن خۆی نیشان دا ( بڕوانە بەشی دووهەم) . بەم جۆرە لەم نموونانەدا [ʔ] یان ئەلەفۆنی/ h/ یان / ʕ/

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٦- عەڤر [ʕəvɨr] | ~ | ئەڤر | [ʔəvɨr] |
| عاسمان[ʕasman] | ~ | ئاسمان | [ʔasman] |
| قورعان [qurʕan] | ~ | قورئان | [qurʔan] |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٧- هەڤر [həvɨr] | ~ | ئەڤر | [ʔəvɨr] |
| هەڤرۆ [həʕʀo] | ~ | ئەڤرۆ | [ʔəvʀo] |
| هێڤار [hevər] | ~ | ئێڤار | [ʔevar] |

٨- هەڤر [həvɨr] ~ . عەڤر [ʕəvɨr] ئەڤر [ʔəvɨr]

ئەوەی بۆ ئەم ئەلۆفۆنە ئازادانە گرنگە، ئەوەیە کە لە هەمان دەقی دەنگییدا ڕوودەدەن وەردەکەون، بەبێ ئەوەی وابەستەی دەنگەکانی دەوەروبەرو قورسای خستنە سەر بن ئەم جۆرە گۆڕدراوە ئازادانە بە زۆری سەر پشکی وپێشبینیلێکراون و لە هەمان دەورووبەردا لە بری یەکتری دادەنرێن یان جێگۆڕکێیان پێدەکرێت ، بەبێ ئەوەی واتا بگۆڕدرێت. بەو واتایەوە پێشبینیان لێدەکرێت ، کەتا ڕەیەك وشەکانیان دەناسرێت[٦٣] ، ئەم جۆراو جۆریی و هەمە چەشنییە دە توانرێت بۆ ئەم هۆکارانە لای خوارەوە بگێڕدرێنەوە:

١/ کەسێتی دەنگەکە لە پێڕەوی فۆنیمەکاندا : فۆنێمی /e/ لە /ə/ بەهێزترە، وەك بۆ نموونە لە دەربڕینەکانی [yək]/[yek] ( یەك/ یێك ).

[63] بڕوانە محەمەدی مەحوی (١٩٩: ٢٠٠٨)

ب/ باری دەروونی وهەڵچوون وچەندێتی ئەو هەوایەیی کە لە سییەکانەوە دەرپەدەکاتە دەرەوە.

پ/ تایبەتیی ئەکوستیکی ئەوشوێنەی قسەی تێدا دەکرێت.

ت / ڕەوشی قسە کردن وپلەی خوێندەوارییی و ئاستی ڕۆشەنبیریی قسەکەرو ئەو زارە کۆمەلأیەتییەو ناوچەییەی، کە هەڵیدەبژێرێت. ئەمەش بە تایبەتی بۆ چین وتوێژەکانی ئەو کۆمەلأنە دەخوات، کە زمانی باڵأو شێواز بەندانەیان formal and standard language هەیەو بەردەوام لەلایەن چین وتوێژەکانی سەرەوە بەکاردەهێنرێت. چونکە ئەم کەسانەی ،سەربەچین وتوێژەکانی دوایین، ڕاهاتوون لە بری زمانی ڕۆژانە زمانی باڵأ بەکاربهێنن لە گفتوگۆکردنی ڕۆژانەیاندا. دەشێت خاڵی (ب) وابەستەی ئەم خاڵەیان بێت [٦٤] .

پەیوەست بە هۆکارەکانی لای سەرەوە جۆرە گۆڕدراوە ئازادەکان دابەش دەکرێن بە سەر :

١/ جۆری گۆڕدراو لای هەمان قسەکەر / ئاخێوەر : ئەم جۆرەیان گونجانی لە گەڵ خاڵی (ب ) زیاترە ، ڕەنگە هەمان قسەکەر لەو بارو حاڵەتەی دەئاخێڤێت جیاواز بێت ( تورە بوون، هەڵچوون، ترس و دڵەڕاوکی) ئەمەیان وابەستەی دەوروبەری دەنگی نیە هێندەی وابەستەی هۆکاری دەروونیی و کارتێکردنە لەسەر ئۆرگانەکانی ئاخاوتن و کاریگەری لایەنەکانی تر لەسەرییان

.

٢/ جۆرە گۆڕدراوە ناوچەیی وکۆمەلأیەتییەکان: هەڵبژاردن و هەلأوێرکردنی ئەلۆفۆنەکانی ئەم جۆرەیان نەبەستراوەتەوە بە دەورە دەنگییەکانەوە، تێبینی ( کچ، کەچ، کیژ، قیز) بکە ، کە دەشێت لەرووی فەرهەنگیەوە بە جۆراو جۆری لێکسیکی دابنرێن.

## ٢-١/٣) خشۆکەکان fricatives

بە شێوەیەکی گشتی خشۆکەکان لە سێ دیاردەدا گۆڕانەکانیان بەسەردادێت وبەرجەستە دەبن:

أ-بێلایەنبوون neutralization ( بڕوانە بەشی یەکهەم)

بریتیە لە نەمانی جیاوازییەکی گرنگی نێوان دوو فۆنیم، [٦٥] بۆ نموونە نەمانی دەنگداری خشپە دەنگەکان لە کۆتایی وشە و بڕگەدا.

---

64 بەراوردی بکە لە گەڵ محمەد معروف فتاح ( ٥٩: ١٩٩٠) دا

65 بڕوانە د. تالیب حوسێن عەلی ( ١٢٩: ٢٠٠٥)

گیراوە دەنگدارەکان هەروەکو کپەکانیان لە کۆتایی وشەو برگەدا کپ بەرجەستە دەبن و هەمان هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام دەبێت ئەوە بگوترێت، کە دەنگە بەرجەستە بووەکە نیشانەی تەواوی هیچ گروپێکی وەکو خۆی هەڵ نەگرتووە [66]. خشۆکە دەنگدارەکانیش لە وشەدا هەڵسوکەوتی هاوشێوە دەکەن .

٩- [v]

| | | |
|---|---|---|
| پەیڤ [pəiv] | ~ | پەیف [pəif] |
| شیڤ [ʃiv] | ~ | شیف [ʃif] |
| گاڤ [gav] | ~ | گاف [gaf] |
| چاڤ [tʃav] | ~ | چاف [tʃaf] |

١٠- [z]

| | | |
|---|---|---|
| کۆز [koz] | ~ | کۆس [kos] |
| حەز [ɦəz] | ~ | حەس [ɦəs] |
| ڕەز [ʀəz] | ~ | ڕەس [ʀəs] |
| ڕواندز [ʀəwandɨz] | ~ | ڕواندس [ʀəwandɨs] |
| بلوز [bluz] | ~ | بلوس [blus] |

١١- [ʒ]

| | | |
|---|---|---|
| کەژ [kəʒ] | ~ | کەش [kəʃ] |
| توژ [tuʒ] | ~ | توش [tuʃ] |
| پاقژ [paqɨʒ] | ~ | پاقش [paqiʃ] |
| نڤێژ [nɨveʒ] | ~ | نڤێش [nɨveʒ] |
| گومیژ [guheʒ] | ~ | گومیش [guhiʃ] |

١٢- [ɣ]

---

[66] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٩: ٢٠٠٨)وئەو سەرچاوانەی، کە لەوێ باسکراون .

لەگـەڵ کپـە مەڵاشـوویەکەی بەرامبـەر خـۆی [x] لـە کۆتـایی و سـەرەتای وشـەدا ئەلتەرناسیۆنی ئازاد دەکەن، بەڵام لە هەندێ وشەدا ڕەچاوی کۆنسۆنانتی سەرەتای بڕگە دەکرێت (بڕوانە بەشی چوارەم ـ بڕگە ).

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| [xəm] خەم | ~ | غەم | [ɣəm] | |
| [bax] باخ | ~ | باغ | [baɣ] | |
| [xox] خۆخ | ~ | * خۆغ | [xoɣ] | |
| [ʃex] شێخ | ~ | * شێغ | [ʃeɣ] | |

ب – دابەشبوونی تەواوکەرانە: ئەو ئەلەفۆنانەی فۆنێمێک،کە دابەشـبوونی تەواوکەرانەیان هەیە، هەرگیز لە هەمان دەوروبەری دەنگییدا بە کارناهێنرێن و دەرناکەون. کەواتە هـەرگیز دژ بەرامبەر بەیەك ناوەستنەوە و لە هەمبەری دانیین ( بڕوانە بەشی یەکەم ).

لـە زمـانیی کوردییـدا خـشۆکەکان لـە تـەك گـیراوە دەنگـدارو کپەکانـدا لـە دابەشـبوونی تەواوکەرانەدان.

١٣- [f]،[v]

یـەکێك لـە مەرجـەکانی بڕگـە لـە زمـانی کوردیـدا ئەوەیـە چـەپك / هێـشوە کۆنـسۆنانت cluster لەنێوان دوو قاوڵدا بە پێی یاسایە ( بڕوانە بەشی چوارەم ) یا دابـەش دەبنـە سـەر دووبڕگەی جیاوازەوە یاخود ڕەچاوەی چەپکە کۆنسۆنانتی ڕێگە پێدراوی سـەرەتای بڕگـە دەکـەن. گـیراوە دەنگـدارەکان لـە کۆتـایی وشـەدا/ بڕگـەدا کـپ بەرجەسـتە دەبـن[٦٧] ( بڕوانـە نموونـەکانی ١و٢) و دەنگـداریی وکپـی کۆنـسۆنانتەکەی سـەرەتای بڕگـەی دووهـەم دەور نابینێـت ( تێبـینی نموونـەکانی ٢ بکـە )، بـەڵام خـشۆکەکان لـە پـاڵ کۆنـسۆنانتە گـیراو دەنگدارەکاندا بە پێچەوانەی ئەم یاسایە کاردەکەن ، واتە گیراوەکە لە بڕگەی دووەمیش بێت ( سەرەتای بڕگە) کاریگەری لە سەر خشۆکەکە هەیەو وەکو خۆی لێدەکات.

| | |
|---|---|
| حەفت [ɦəft] | حەڤدە [ɦəv.də] |
| کەفتن [kəf.tɨn] | تاڤگە [tav.gə] |

67 بڕوانە غازی فاتح وەیس ( ٣٦: ١٩٨٣).

١٤- [z]،[s]

دەست [dəst] دەزگیران [dəz.gi.ran]

بەستە [bəs.tə] دەزگا [dəz.ga]

١٥- [ʃ]،[ʒ]

هەشت [həʃt] هەژدە [həʒ.da]

هەشتا [həʃ.ta] ئەژدیها [ʔəʒ.di.ha]

١٦- [x]،[ɣ] ( بڕوانە نموونەکانی -١٢) .

١٧- [ɦ]زیاتر لەو وشانەدا بەرجەستە دەبن، کە لە زمانی عەرەبییەوە هاتوونەتە ناو زمانی کوردییەوە. لە هەندێك وشەدا لە گەڵ [ʕ]و[h]دا لە ئەلتەرناسیۆنی ئازاددان، وەك:

حەمزە [ɦəmzə] ~ هەمزە [həmzə]

ئەحمەد [ʔəɦməd] ~ ئەعمەد [ʔəʕməd] ئـەم ئەلتەرناسیۆنە زیاتر پەیوەندی بە خاڵی (ت – لە هۆکارەکان ) ەوە هەیە.

١٨- [h](بڕوانە نموونەکانی٥و٦و٧)

تێبینی: لەم لێکۆڵینەوەیەدا، هەوڵی ئەوە نەدراوە ژمارەی ئەلۆفۆنەکانی هەر فۆنێمێك دیاریبکرێت، بەڵکو کار بۆ ئەوە کراوە چەشنەکانی ئەلۆفۆنەکانیان دەست نیشانبکرێن.

## ٣-١/٣) ئەفریکاتەکان affricate

دەنگدارەکـەیان لـە کۆتـایی وشـەو بڕگـەدا هـەروەکو گیراو وخشۆکە دەنگـدارەکان هەڵسوکەوت دەکـەن. ئـەم دیاردەیە ئـەوە دەردەخـات، کـە ئەفریکاتـەکان سـەر بـە گروپـی کۆنسۆنانتە گیراوەکانن و بەم پێیـەش دەبوو لەگـەڵ کۆنسۆنانتە گیراوەکاندا مامەڵـەیان لە گەڵدا بکرێت. بنـەمای ئـەم ڕوونکردنەوەیەش ئەم ڕاستییە / نـەزەریی وگریمانەکارییە، کە تـەنها گیراوە دەنگدارەکان لـە کۆتـایی بڕگـەدا دەرنـابڕدرێن (بڕوانە سـەرووتر. بـەڵام بڕوانـە هەڵـسوکەوتی خـشۆکە مەڵاشـوویییەکان لـە وشـەی وەك / شـێخ/ *شـێغ : / داخ ~داغ، کـە

تیایاندا ئەلتەرناسیۆنی دەنگداری جیاوازە ( بڕوانە دیاردەی ئەلفا دەنگداری لە محەمەدی مەحوی ۲۰۰۰ دا ).

۱۹- [dʒ]

| | | | |
|---|---|---|---|
| ساج [sadʒ] | ~ | ساچ | [satʃ] |
| باج [badʒ] | ~ | باچ | [batʃ] |
| تاج [tadʒ] | ~ | تاچ | [tatʃ] |
| جوجکە [dʒudʒ.kə] | ~ | جوچکە | [dʒutʃ.kə] |

هەریەك لەم دوو ئەفریکاتە لە پاڵ زرنگدەرەوە دانیی- لووتییەکەدا خۆیان دەگونجێنن و بەرجەستە دەبن.

۲۰- خەنجەر، جەنجەڕ، ئارمانج، ئارکنجی
خونچە، پەنچەر

### ۴-۱/۳) لووتییەکان

پەیوەست بە لووتییەکانەوە، لووتییەکان دیاردەی لەو چەشنە نیشان نادەن ، کە وەك بۆ نموونە ئەوانەی کرمانجیی ناوەڕاست هەیانە.

ا/لـووتیی بـە مەڵاشوویی بـوو/m/ یـان بـە مەڵاشوویی بـوویی لووتییـە پووکییەکـەی /n/ بەدیناکرێت بۆ نموونە /تەنگ/ وەك [təng] دەردەبڕێت نەك وەك [təŋ].

ب/لووتییە پووکییەکە لە گەڵ هاونۆرگانەکانی لچولێویدا لچولێویی دەردەبڕدرێت /قونبەلە/ [qunbələ] ~ [qumbələ]. ئـــەم ڕوونکردنەوانـــەی ( ا، ب) ئامـــاژەی ڕاســـتەوخۆی ئەزمونبەندانـەن بـۆ ئـەوەی، کـە نیشانەی [لـچولێویی] لـە کرمـانجیی سـەروودا بەهێزترو باڵادەستترە لـە نیشانەی مەڵاشوویی. کـەمی بیستنی مەڵاشوو‌ییەکەی [ɫ] لـە کرمـانجیی سەروودا بەڵگەن بۆ ئەو ڕاستییە.

پ-زۆر بە دەگمەن کۆنسۆنانتە لووتییەکان، چونکە زرنگدەرەوەیین دەقرتێنرێن یان دەکەون (/سپیندار / ~ [sɪpindar] *[sɪpidar]. دیاردە فۆنۆلۆژییەکان، کە وابەستەی گەشەکردنی مێـژوویین ( /ئـەوان/ : /ئـەو/ کرمـانجیی سـەروو ) سـەر بـە گەشـەکردنی فۆنۆلـۆژیی و مۆرفۆلۆژیی کوردین و ناکەونە بازنەی ئەم لێکۆڵینەوەیەوە.

### ٣/١-٥) لایی و لەراوەکان

ئەلتەرناسیۆنی لایی لاوازو لایی قەڵەو نابیسترێن، بە هەمان شێوەیش لەراوەی قەڵەو لەراوەی لاواز لەگەڵ یەکتریدا ئەلتەرناسیۆن نیشان نادەن. هۆی ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە هەریەك لەوجووتانە لە ناو خۆیاندا لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان. لەگەڵ گیراوە پووکیەکانیشدا بۆیە توانەوەو لێکچونیشیان نییە، چونکە نیشانەی پووکی خۆی لاوازە. لە بەر ئەوەی نیشانەکانی بە مەلاشوویی و لچولێویی بە هێزترن، ئەلتەرناسیۆنی وەك بە مەلاشوویی بوون (ا←ɫ) چاوەڕێ دەکرێت ببیسترێن وەك بۆ نموونە لە کرمانجیی ناوەڕاستدا تەلخ *تەڵخ. لەبەر ئەوەی [ɫ] خۆی مەلاشووییە ، بە واتا کۆنسۆنانتێکی پشتەوەییەو لەبەرئەوەی مەلاشوویی یان پشتەوە نیشانەی زاڵن /a/ لە گەڵ /ɫ/ وەك /ɑ/ دەردەبڕێت ( بڕوانە ئەنجامەکانی ئەم بەشە ).

لاییەکان زرنگدەرەوەیین، بۆیە خستنیان یان هەر نییە یان ئەگەر هەبێت زۆر دەگمەنە.

جیاوازییەکانی نێوان لایی ولەراوەکانی کرمانجیی سەروو لەگەڵ کرمانجیی ناوەڕاست لە دەربڕین و دابەشبووندا بابەت و کەرەسەی زمانی دیاکرۆنینن ولێرەدا شیکردنەوەیان لەسەر ناکرێت.

### ٣-١-٦) نیمچە ڤاوڵەکان (Semi vowels)

چەپکە کۆنسۆنانتی سەرەتای وشە، کە کۆنسۆنانتی دووهەمی [v]/[w]ە:

أ- هەموو ( ڕەقە مەلاشوو+ w) بە [v] دەردەبڕێت

٢١_شوان [ʃwan] ~ شڤان [ʃvan]

ژوان [ʒwan] ~ ژڤان [ʒvan]

بە پێی (ا) پێشبینی دەکرێت، کە [tʃ.dʒ] یش وەك ڕەقە مەلاشوویی لەم جێکەوتەیەدا لە گەڵ [v] دا ببیسترێن:

٢٢_ جوان [dʒwan] ~ * جڤان [dʒvan]

چوار [tʃwar] ~ * چڤار [tʃvar]

هەرچەندە ئەفریکاتەکان ڕەقە مەلاشوویین بەلام مەرجی (ا) یان بەسەردا جێبەجێ نابێت، بۆیە:

جـوان [dʒwan]و چـوار [tʃwar] وەك جـان [dʒan]و چـار [tʃar] دەردەبـڕێن، واتـە نیمچە ڤاوڵەکـە [w] نابێـت بـە [v] و دەخرێـت، هـۆی ئەمـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەوە، کـە لـە کرمـانجیی سـەروودا خـشۆکە ڕەڤـە مەلاشـووییەکان و ئەفریکاتـەکان حیـسابی دوو گرووپـی جییایان بۆ دەکرێت. پێدەچێت ئەفریکاتەکان لە کرمانجیی سەروودا بە کۆنسۆنانت دابنرێن ، هەر ئەوەشە وا دەکات، کە [v.w] بکەوێت.

نموونەی وەك (جڤین، جڤات) لەم حاڵەتەی ئێستاماندا بە ناوازە دادەنێین، تا ئەو کاتەی داتاو ڕوونکردنەوەی زۆرترمان لەبەر دەست دا دەبێت.

لـە بـەر ئـەوەی [w] لەگـەڵ مەلاشـوویەکاندا [g.k] وەك [v] دەرنـابڕدرێن، دیـارە لەگـەڵ [ɣ.x]یش کە پشتە مەلاشووین وەك [v] بەرجەسـتە نـاکرێن، کرمـانجیی سـەروو لـەم ڕووەوە مەلاشـوویی و پـشتە مەلاشـوویی بـە دوو گرووپـی جیـاواز دادەنێـت بۆیـە لەگـەڵ پـشتە مەلاشوویەکان دەنووسرێن، بەلام دەرنابڕدرێن:

٢٣_ خوارن [xwarɨn] ~ خارن [xarɨn] [68]

خواندن [xwandɨn] ~ خاندن [xandɨn]

بەلام تێبینی ئەوە بکـە [w] لەگـەڵ مەلاشوویەکان لـە نیمچە ڤاوڵییـەوە دەبێت بـە ڤاوڵ [u] ی پشتەوە :

٢٤_ گوان [gwan] ~ گوهان [guhan]

گوارە [gwarə] ~ گوهارە [guharɨk]

کوارگ[kwarɨg] ~ کوهارگ [kuharɨk]

تێبینی: نموونەکانی( گوان، گوارە، کوارگ) لە بنەڕەتدا لە نموونەکانی ( گوهان، گەهارە ، کوهارك) کەوتوونەتەوە.

پ-هەروەك چۆن پرۆسەودیاردەکانی سەرەوە دەریانخست کرمـانجیی سـەروو حیسابی بۆ گرووپە کۆنسۆنانەکان کرد، هەڵسوکەوتی جیـاوازی [w.v.ø] لەگـەڵ [w]دا کـرد، ئێـستاش

---

[68] بەراوردی بکە لە گەڵ خواهر [xwahər] ~ خاهر [xahər] ی فارسی

حیسابێکی تربۆ[w] لەگەڵ پووکییەکان دەکات، بەواتا لەگەڵ پووکیی خشۆکیی [s]دا، کە [w]ەکان وەك نیمچە ڤاوڵی [y]دەردەبڕێن.

هۆی ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە نیمچە ڤاوڵەکە لەگەڵ پووکیەکەدا ( کە کۆنسۆنانتێك پشتەوەییە) وەك نیمچە پێشەوە دەردەبڕێت، بەم دیاردەیەش دەوترێت کۆنسۆنانتی هاڕمۆنی:

٢٥_سوار [swar] ~ سیار[syar]

سوانده[swandə] ~ سیڤانده[sivandw]

ئەم پڕۆسەی هاڕمۆنیە تەنها نیشانەی [+پێشەوە] ی نیمچە ڤاوڵەکە دەگۆڕێت، واتە [–پێشەوە] دەبێتە [+پێشەوە].

بەڵام لە فۆرمێکی وەك ( سیڤانده) نیشانەکانی [+کۆنسۆنانت،+پشتەوە] گۆڕدراون و بوون بە [–کۆنسۆنانت، –پشتەوە]، ( بڕوانە پڕۆسەی ڤاوڵەکانی ڕیزی پشتەوە).

### ٧-١/٣) ئەلتەرناسیۆنی ڤاوڵەکان

گریمانەی (١)

وایدادەنێم، کە ڤاوڵەکانی کرمانجیی سەروو لەم ڤاوڵانە پێکهاتبێت ( فۆن وئەلەفۆن ) بەراوردی بکە لە گەڵ (٢/٢-٢) داو بیشڕوانە بەشی چوارەم.

| | | |
|---|---|---|
| i | ɨ | u |
| e | ə | o |
| ü | | |
| | a | |

ا) نموونەکان دەریدەخەن، کە ڤاوڵەکانی [u] لە کرمانجیی سەروودا بەرامبەر بە کرمانجیی ناوەڕاست بووبن بە [i]. لە وشەکانی ( کوڕ__ کووڕ) لەگەڵ پێڕەوی کردارەکاندا ، بۆ نموونە بڕوانە:

چووم [tʃum] ~ دێ چم [detʃɨm]

٢٦-سۆر (سوور)
ژۆر (ژوور)
٢٧- نوك ( نۆك)
دهوك ( دهۆك)
٢٨-بویك ~ بیك ( بووك)

گریمانەی (٢)
بە پێی ئەم گریمانەیان فۆنیمەكە (ü) ە لە كرمانجیی ناوەڕاستدا بووە بە [u] وەك ( بویك ~ بووك) و لە كرمانجیی سەرووشدا دەشێت وەكو [i] وەك:
بویك[bük] ~ بیك [bik]، یان لە ناو و ئاوەڵناویی كراو و ناوی بكەریدا، وەك:

٢٩-پاروو ~ پاری
خانوو ~ خانی
ڕۆژوو ~ ڕۆژی
٣٠-مردوو ~ مری
گرتوو ~ گرتی
زیندوو ~ زیندی

بەڵام گۆڕانی [u] بۆ[o]، [ژۆر، سۆر] ~ [ژوور، سوور] ئاماژە بەوە دەدات، كە [u]لەكرمانجیی سەروودا بووبێت بە [i] و ئەشێت وەك [ü] دەربڕدرێت ( بڕوانە [o] ).
بەواتا گریمانەی (١) ئاماژەو بەڵگەی بۆ دەدۆزرێتەوە، ئەوەتا هەندێك [u] وەك [o]، [w] یش دەردەبڕدرێن دهۆك (دهوك).

٣١- [o]
دهۆك [dɨhok] ~ دهوك [dɨhuk]
نۆك [nok] ~ نوك [nuk]
٣٢- خۆش[xoʃ] ~ خوەش [xwəʃ]
بەڵام پێچەوانەی ئەمەش لەم دەنگەدا بەرجەستە بووەو دەردەكەوێت وەك بۆ نموونە:

قوتابی [qutabi] ~ قۆتابی [qotabi]

بەڵام پێچەوانەی ئەمەش بەرجەستە دەبێت وەك بۆ نموونە:

٣٣- شیر[ʃir] ~ شور[ʃur]

تیژ [tiʒ] ~ توژ [tuʒ]

ئەمانە هەمووی ئەلتەرناسیۆنی ئازادن و وابەستەی پێڕەوی ڤاوڵەکانن، کە تێیدا تەنانەت لە گەشەکردنی مێژوویی زمانەکەدا، ڤاوڵەکانی سەرەوەو بە تایبەتی ئەوانەی پشتەوە /o.u/ یان تێچوون و نەماون یان گۆڕانکاری تریان بەسەردا هاتووە ( نموونەکانی ٢٧و٢٨و٢٩و٣٠).

نموونەکان ئەوەیش نیشان دەدەن ، کە ڤاوڵەکانی سەرەوەو پشتەوە [u] لە پێڕەوەکەدا لە ڤاوڵەکەی سەرەوەو پێشەوە [i] لاوازترە .

نموونەکانی (٣٤) ( شیر ~شور ، تیژ ~ توژ )پێچەوانەبوونەوەی یاساکەی پێشترەو گۆڕینی فۆڕمەکەیە بۆ فۆڕمە بنچینەکەی و ئەمەیش وەك دیاردەیەك لە گەلێك لە زمانەکانی دنیادا هەیەو بیستراوەو تۆمارکراوە .

٣٤- [e]

نموونەکان ئەوە نیشاندەدەن ، کە [e] ئەلەفۆنی نیە و گۆڕانکاری بە سەر دانایەت ، جگە لەوەی ، کە لە بڕگەکاندا لە گەڵ[ɑ.o] دا لە باری ئاسایدا لەو بڕگانەدا درێژ دەردەبڕێت ، کە قورساییان لە سەرە ، ئەمەیش ئاماژەیە بۆئەوەی ، کە ڤاوڵەکانی پێشەوە [e.i] لە ڤاوڵە بە هێزەکانن وئەرکی بە جێهێنانی واتا جیاکەرەوەییان زۆر لەسەرە ( دەربارەی قورسایی خستنە سەرو درێژ دەربڕینی ڤاوڵەکان ، بڕوانە بەشی چوارەم) .

٣٥-تیر : تێر

شیر : شێر

میر : مێر

ئەمانەیش بەڵگەنە بۆ ئەوەی ، کە[u] دەبێت بە [ü] و[i] نەك بە پێچەوانەوە ، بەڵام بڕوانە نموونەکانی (٣٤).

٣٦- [ə]

لە هەموو چەشنەکانی بڕگەدا دەبیسترێت وەکو ( بەر، سەر، دەر، تەختە، بەنج ) [ə] یەکێکە لە فۆنیمە لاوازەکان ، بە جێهێنانی ئەرکی واتا جیاکەرەوەیی لاوازترە لە وانیتر ( بڕوانە بەشی یەکهەم) ، بۆیە لە زنجیرەی ڤاوڵ ڤاوڵدا دەکەوێت :

بەرە ~ بەڕان

تەختە ~ تەختان

٣٧- [a]

لە چەشنەکانی بڕگەدا ڕوودەدات وقورسایی لەسەر بێت درێژ دەردەبڕێت ، تەنها مەلاشووییەکانی لەگەڵدا بێت قەڵەو دەردەبڕێت ، وەك بۆ نموونە لە ( کاڵ) دا ڤاوڵێکی بە هێزەو ئەرکی واتاجیاکردنەوەی زۆرە ( فۆنێمێکی بە هێزە) ،لەبەر ئەوە دەگمەن دەبێتە کەرەسەی پرۆسەو گۆڕانکاری بەسەردا نایەت ، کاتێك گۆڕانکاری بەسەردادێت ، بە جێهێنانی ئەرکی واتایی نامێنێت یا کەم دەبێتەوە . وەك :

چاك ~چێك

**٨-١/٣) گونجاندنی وشە خواستراو و بیانیەکان بە پێی فۆنۆتاکتیکی کرمانجیی سەروو**

وشە خواستراوەکانی، کە ڕەچاوی یاسامەرجە فۆنۆتاکتیکیەکانی کرمانجیی سەروویان کردووە لە وەرگرتن دا وهەندێك نهێنی پێڕەوی فۆنیمەکانی زارەکەو بە تایبەتی بە هێزی ولاوازیان لە پێڕەوەکەدا دەردەخەن بڕوانە( ٤/٤-٢) :

٣٨- شغل [ʃuɣɨl] ~ شول [ʃul]

مشغول [məʃɣul] ~ مژول [mʒul]

پێشتر لەسەرەوە نموونەکانی (ا،ب لە ٣-١/٣-٤) نیشانیان دا ، کە نیشانە بە هێزەکان لەم پێڕەوەدا نیشانەی [+پشتەوە] و بە تایبەتی [+لچولێویی] ن . ئەم گۆڕینە لەم وشە خواستراوە وابەستەی ئەو نیشانەیە، بە پێی ئەو نیشانەیە وشەکە وەرگیراوە لە کرمانجیی سەروودا ( بڕوانە یاساکە) .

یاسا(١)

(V+)

C+

+ خشۆك

C − ← +پشتەوە

+ پشتەوە

+ دەنگدار

٤٠- تأكید ~ تەکەد

لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخست، کە گیراوە گەرووییەکە [ʔ] فۆنەیەتیکیە و بە تایبەتی لە کۆتایی وشەدا نابیستریت یا ڕوونادات، کەواتە کەوتنی ئەو گیراوە لە برگەی [نەء]دا ئاسایی وئاشکرایە ( بڕوانە یاسای (ا)) .

گۆڕینی ڤاوڵێکی سەرەوە ( /i/ ، /u/ ) بۆ ڤاوڵیە چەقییەکەی [ə] لە کۆتایی وشەدا یان لە برگەی کۆتایی وشەدا بە مەبەستی قورسایی وەرگرتنە ولە گەشەکردنی مێژووی زمانەکەشدا بەڵگەی هەیە، بەڵام ئاشکرایە بۆمان ، وەك پێشتریش نموونەی بۆ هێنراوە ، کە ڤاولە چەقییەکە لاوازە لە زمانی کوردیدا ولە کرمانجیی سەروودا دەشێت بکەوێت، وەك بۆ نموونە :

٣٩- دەچم [dətʃɨm] ~ دچم [dɨtʃɨm]

دەخۆم[dəxom] ~ دخۆم [dɨxom]

بەڵگە بۆ ئەوەی بوونی ڤاوڵی [i] ی سەرەوە بە [ə] ی چەقی پەیوەندی بە برگەی کۆتایی وشەوە هەیە ، کە هەمان دیاردە لە کرمانجیی سەروودا لە وشە خۆماڵییەکانیدا ڕوودەدات :

٤٠- نەچی[nətʃi] ~ نەچە [nətʃə]

نەکەی[nəkəy] ~ نەکە [nəkə]

یاسای (١-ا)

+کۆنسۆنانت

+گەروویی σ#---/∅ ← ء

یاسای (١-ب)

+ ڤاوڵ
+سەرەوە #----/ə ← i
+پێشەوە

بەڵگەیەکی دیکە بۆ ئەوەی ، کە [i]لە بڕگەی کۆتایی وشەدا دەبێت بە [ə] ی چەقی ، دیاردەیەکی دیکە کە هەر ئەو ڤاوڵە چەقیە لە بڕگەی سەرەتای وشە دەبێت بە (∅)، چونکە قورسایی وەرناگرێت . ئەم دیاردانە بەستراون بەهاوبەشی و بە تایبەتی بە جیاوازی نێوان بڕگەی سەرەتای وشەو بڕگەی کۆتایی وشە ، لە گەڵ ئەوەدا ، کە ڤاوڵە چەقییەکە مەیلی ئەوەی هەیە لە بڕگەی کۆتایی وشە بێت ، کە تیایدا قورسایی وەردەگرێت .

یاساى (٢)
----# /∅ ← ə

## وشە دەربڕدراوە بیانییەکان

لەوشەو دەربڕاوە بیانییەکاندا یان مەرجە فۆنۆتاکتیکیەکان بریندار نەکراون ، بۆیە وەکو خۆیان بەبێ گۆڕان وەرگیراون یان هەندیک لەو فۆنێمانە /ص،ض،ط/ ئەدگاری فۆنێمی نیشان دەدەن ، بەواتا بەرەو ئەوە دەچن وەك /ح،ع/ ببن بە فۆنێم . وەك لەم نموونانەی خوارەوە :

٤١- ئەمطار
٤٢- صبر
٤٣ - شارع
٤٤- فەرع
٤٥- طەماع
٤٦- شیطان
٤٧ - طیارە

له کرمانجیی سەروودا تێبینی ئەوە دەکریت ، ئەو وشانەی لە زمانێکی تری بییانییەوە دێنە ناو فەرهەنگی زارەکەویان دەخرێتە خانەی توخمی (مێ)وە ، وەك بۆ نموونە :

٤٨- ئەمطارەکا غەزیر بارییە .

٤٩- صبرا ئەیوب.

٥٠- شارعەکا بەرفرەه

٥١- فەرعا ئێکێ .

٥٢- شیطانا لەعین .

٥٣- طیارەکا مەزن.

## ٢/٣) پرۆسەکانی جێگۆڕکێ و هەڵتۆقین و توانەوەو قرتاندن

### ٣ /٢-١) جێگۆڕکێ

٥٤- خیز [xiz] ~ زیخ [zix]

٥٥- بەفر [bəfɨr] ~ بەرف [bərɨf]

٥٦- هەیوان [həywan] ~ هەویان [həwyan]

٥٧- حەیوان [ɦəywan] ~ حەویان [ɦəwyan]

### ٢/٣-٢) هەڵتۆقین

٥٨- قۆچ [qotʃ] ~ قلۆچ [qlotʃ]

٥٩- سمێل [smel]~ سمبێل [sɨmbel]

٦٠- سمۆرە[smorə] ~ سمبۆرە [sɨmborə]

٦١- ئامانج [ʔamandʒ] ~ ئارمانج [ʔarmandʒ]

٦٢-خویندکار ~ خویندەکار

### ٢/٣-٣) توانەوە

٦٣- داخ [dax] ~ داغ [daɣ]

٦٤- خەم [xəm] ~غەم [ɣəm]

٦٥- هەلبژاردن [həlbɨʒardɨn] ~ هەلبژارتن [həlbɨʒartɨn]

### ٤-٢/٣) قرتاندن

٦٦- مرۆڤ [mrov]~ مرۆ[mro]

٦٧- مێرد [merd] ~ مێر[mer]

٦٨- زەرد [zərd] ~ زەر [zər]

٦٩- تاریك [tarik] ~ تاری [tari]

٧٠- هەژار [həʒar] ~ ژار [ʒar]

٧١- فرۆشتن [froʃtɨn] ~ فرۆتن [frotɨn]

٧٢- برایەتی [braywti] ~ براتی [brati]

٧٣- کوردایەتی [kurdayəti] ~ کورداتی [kurdati]

ئەم دیاردەی کرتاندنە لە کردارەکانیشدا بەرجەستە دەبێت ، وەك :

٧٤- بردن [bɨrdɨn]~ برن [bɨrɨn]

٧٥- مردن [mɨrdɨn] ~ مرن [mɨrɨn]

٧٦- کردن [kɨrdɨn] ~ کرن [kɨrɨn] [٦٩]

لە نموونەکانی (٦٠,٥٩ )دا

م ب لەگەڵ ن ب لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان ، وەك بۆ نموونە :

قونبەلە ~ قومبەلە

لە بەر ئەوەی لە دابەشبوونی تەواوکەرانەدان و یاسای گۆڕینی [n] بۆ [m] لە تەنیشت [b]ەوە لە زمانەکەدا هەیە (بڕوانە تەنبەل و تەمبەل) .

گریمانە سەرەکیەکە ئەوەیە ، کە کەوتنی [b]ی تەنیشت [m] پێشبینی لێکراوە وەك (تەمەڵ) ، بە واتا، کە فۆرمی بنجی [سمبێل، سمبۆرە، تەمبەڵ] دەشێت وەك [سمێل، سمۆرە، تەمەڵ]یش دەرببڕدرێت. ناسینەوەی [b] لە تەك [m]دا لە وشەی وەك ( سمێل، سمۆرە، تەمەڵ)دا لە مێشکدایە و ئەمەیش بەزانستی ئاوەزی (sycological reality) ناسراوە.[٧٠]

لەنموونەی (٦٢)دا .

---

[٦٩] ئەم نموونانە بەراورد بکە لە گەڵ ( بوردەن، موردەن، کەردەن)ی فارسی

[70] بڕوانە McQuen, J.M. Cutler, A. and Norris, d., (2006) و Steriade, Donca, (1993)

(خۆێنکار) له کرمانجیی ناوەڕاستدا [d] ەکه ئەشێت دەرنەبڕدرێت ، چونکه ئەرکەکەی کەمەو پێشبینی لێکراویشه به پێی یاسای زانست ئاوەزیی. [d] لەبەر ئەوەی زانیاری گرنگی هەڵنەگرتووه بۆیه دەشێت دەرنەکەوێت و بکەوێت ، ئەم دیاردەیەش له هەمان دەنگ له کرمانجیی سەرووودا بەرجەسته بووه (بڕوانه نموونەکانی ٦٧، ٦٨، ٧٤، ٧٥، ٧٦).

له فۆرمی (خوێندەکار) ی کرمانجیی سەرووودا ، بەڵام [d] ەکه کەوتۆته سەرەتای برگەی ناوەڕاستەوه ناشێت دەرنەبڕدرێت ، چونکه هەر سەرەتایەکی برگه به لایەنی کەمەوه دەبێت به کۆنسۆنانتێك پڕببێتەوه ( بڕوانه بەشی چوارەم – برگه) .

## ٣/٣) پرۆسه مۆرفۆفۆنۆلۆژییەکان

چەشنەکانی پرۆسەکانی وەك ( توانەوه، هەڵتۆقیین، قرتاندن، جێگۆرکێ) له (٣/٢) دا پێشکەشکران و نموونەکانیان خرانەڕوو، ئێستا لەم پارەدا چەشنی فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکی ئەم پڕۆسانه دەردەخرێت. کەواته دیاردەو یاسای فۆنۆلۆژیی له دیاردەو یاسای فۆنەتیکی جیادەکرێنەوه.

شیکردنەوەکان به پێی تیۆری مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی لیکسیکی lexical morphology and phonology دەکرێت، له چێوەی قوتابخانەی فۆنۆلـۆژیی بەرهەمهێناندایه و بۆ ( paul kiparsky) دەگەڕێتەوه ( بڕوانه (١٥) له ٣/١–١) دا . چونکه جێبەجێکردنی یاساکانی خستنەتەکیەکی مۆرفیمەکان ( سەربەخۆ و ناسەربەخۆ) دەشێت ببێته هۆی تەقینەوەو جێبەجێبوونی یاسا فۆنۆلۆژییەکان، ئەم پارە به شیکردنەوەی نموونەکانی هەڵگواستنderivation و لێکدان compoundhng دەستپێدەکات و به هەندێك نموونەی سینتاکسی( فۆنەتیکی) کۆتایی دێت، بۆئەوەی پڕۆسەفۆنۆلۆژییەکان لەپرۆسه فۆنەتیکیەکان جیابکرێنەوه .پرۆسه فۆنۆلۆژییەکان له ناو ڕێزمانی زمانەکەدان، له ئاستی قوڵەوه تا دەگاته ئاستی ڕووکەش و فۆنۆتیکیەکان له دەرەوەی ئەم ئاستەدان، به واتا له دەربڕیندا ئۆتۆماتیکین و له ژێر کۆنترۆلی قسەکەردانیین.

### ٣/٣-١) هەڵگواستنی ناو noun_derivation

جیاوازی نێوان داڕشتەی قوڵ و بنەڕەت وداڕشتەی فۆنەتیکی به شێوەیەکی سەرەکی بۆ ئەوەیه، وشەی/ مۆرفیمی خزم ولەیەکنزیکەوه له ڕێی هەڵگواستنەوه بۆ فۆرمێکی بنەڕەتی و هاوبەش بگێڕدرێنەوه و ئاشکرا بکرێت، که سەربەیەکن[٧١].

---

[٧١] بڕوانه محەمەدی مەحویی(١٥: ٢٠٠٨)

ناو لە زمانیی کوردیدا سادەیە یان لێکدراوە یان داڕێژراوە. سادەکانیان سەربەخۆ واتای تەواوبەدەستەوە دەدەن، وەك ( دار، چاو، ئاسن، پایز....هتد) ولێکدراوەکانیان بەلایەنی کەمەوە لە لێکدانی دوو وشەی واتادار پێکهاتووەو، یاخود بەهۆی مۆرفیمی پەیوەندیەوە (interfiux) دروست دەکرێن، ناوی داڕێژراو لەزمانی کوردیدا بەزۆری بەیارمەتی پاشگر پێکدێت ، هەندێك پێشگریش ئەو ڕۆلە دەگێڕن، بەڵام وەکو پاشگرەکان چالاك نین.

### ٣/٣-١-١) ناوی لێکدراو

ناو+ناو

-٧٧

ا- ماست [mast]+ئاڤ [ʔav] ~ ماستاڤ [mastav]

گول [gul]+ ئاڤ [ʔav] ~ گولاڤ [gulav]

چلك[tʃlɨk]+ ئاڤ [ʔav] ~ چالکاڤ [tʃɨlkav]

ب- گا[ga]+ ئاسن[ʔasɨn] ~ گاسن [gasɨn]

پ- دل [dɨl]+ ئارام [ʔaram] ~ دلارام [dlaram]

ناو+ئاوەڵناو

-٧٨

ا-داك[dak]+پیر[pir] ~ داپیر[dapir]

ب-باب[bab] +پیر[pir] ~ باپیر[bapir]

پ- زەرد[zərd] + ئاڤ[ʔav] ~ زەرداڤ [zərdav]

ڕێگایەکی تریۆ دروستکردنی ناوی لێکدراو بەهۆی (interfixus) ەوە، وەك:

-٧٩

ا- مانگ[mang] +ە[ə]+ شەڤ[ʃəv] ~ مانگەشەڤ [mangəʃəv]

ب- گول[gul]+ە[ə]+گەنم[gənɨm] ~ گولەگەنم [guləgənɨm]

پ- مێرگ [merɨg]+ە[ə]+ سۆر[sor] ~ مێرگەسۆر[mergəsor]

ت- کێل[kel] +ە[ə]+ شین[ʃi:n] ~ کێلەشین[keləʃi:n]

ج- ڕەش[rəʃ] +ە[ə]+با[ba] ~ ڕەشەبا[rəʃəba]

ناو+ ڕگی کردار

-٨٠

ا- دل[dɨl]+خواز[xwaz] ~ دلخاز [dɨlxas]

ب-دەست[dəst]+ هاڕ~ دەستاڕ [dəstaʀ]

پ-دەست[dwst]+گر[gɨr] ~ دەزگر [dəzgɨr]

ناو+ چاوگ

-٨١

دەست [dəst]+ قوتان[qutan] ~ دەسقوتان [dəsqutan]

٣/٣-١-٢ ) ئاوەڵناوی لێکدراو

-٨٢

د ەست + درێژ ~ دەزدرێژ[dəzdreʒ]

-٨٣

ا- ئاشتی[ʔaʃti] + خواز[xwaz]~ ئاشتی خاز [ʔʃtixas]

ب- دەست [dəst]+ بڕ[bɨʀ] ~ دەزبڕ [dəzbɨʀ]

ئاوەڵناو+ ڕەگی کردار

-٨٤

ڕاست [ʀast]+ گۆ[go] ~ ڕاست گۆ [ʀəstgo]

٣/٣-١-٣) ئاوەڵکرداری لێکدراو

ئاوەڵکرداری لێکدراو دەکرێت پێکهاتبێ لە دووپاتکردنەوەی ناو، ژمارە، ئاوەڵناو، ئاوەڵکردار- لە ڕستەدا و پرۆسەو دیاردە دەنگیەکان، ئەگەر هەبن، فۆنەیتەکیین.

٣/٣-١-٤) ناوی داڕێژراو

ئەو پاشگرانەی بە هۆیانەوە ناوی داڕێژراویان لێ دروستدەکرێت زۆرن، بە پێی پێویستی کارەکەمان هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

ناو+ پاشگر

-٨٥

ئاسن [ʔasɨn] +گەر [gər] ~ ئاسنگەر [ʔasɨngər]

-٨٦

دەولەت [dəwlət] + مەند [mənd] ~ دەولەمەند [dəwləmənd]

-٨٧

کورد [kurd]+ ستان [stan] ~ کوردستان [kurdɨstan]

-٨٩

شوین [ʃün] + وار [war] ~ شوینوار [ʃünwar]~ شینوار [ʃinwar]

-٩٠

خراپ [xrap]+ە[ə] ~ خرابە [xrabə]

٣/٣-١-٥) ئاوەڵناوی داڕێژراو

-٩١

بەخت [bəxt]+ ەوەر [əwər] ~ بەختەوەر [bəxtəwər]

-٩٢

ئاگا [ʔaga] + دار [dar] ~ ئاگادار [ʔagadar] [٧٢]

-٩٣

ا- پیاڤ [pyav] + کوژ [kuʒ]~پیاڤ کوژ

ب- ئاڤ [ʔav]+ڕێژ [ʀeʒ] ~ ئاڤ ڕێژ

پ-دەست [dəst]+ ڕێژ [ʀeʒ] ~ دەس ڕێژ [dəsʀej] یان دەزڕێژ [dəzʀeʒ]

**ڕوونکردنەوەی دیاردەکان :**

**لە نموونەی (٧٧-ا)دا**

دیاردەیەك دەبینرێت، کە لە گەلێك وشەی فۆنۆلۆژیدا ( بە پێچەوانەی وشەی پێزمانییەوە) بە هەمان دەورووبەرەوە تێبینی دەکرێت، بۆیە پرۆسەکانی زیاتر فۆنەتیکین وەك ئەوەی پرۆسەی فۆنۆلۆژیی بن.

[72] زۆر جاریش وەکو [هایدار] گۆ دەکرێت .

یاسای ژماره (٣) نموونەی (٧٧-ا)

ʔ > ø

C >/ ø

سەرەتای بڕگەی داهاتووی بۆش، کە جێگەی [ʔ] دەرنەبڕاوەکە دەگرێتەوە.

یاسای ژماره (٤) نموونەی (٧٧-ب)

ʔ > ø

ø > ɨ /c –c

بەپێی ئەم گریمانەیە ڤاولە ساردەکە فۆنەتیکیە لە نێوان ئەو دوو کۆنسۆنانتەدا بۆ دروستکردنی بڕگە دەردەکەوێت و دەرکەوتنەکەشی پێشبینی لێکەرە، چونکە لە دەوروبەری کۆنسۆنانتە زرنگدەرەوەکەدایەو دروستەکەیان پێچەوانەی پلە پێوەری زرنگدانەوەیە لە کۆتایی بڕگەدا.

یاسای ژماره (٥) نموونەی (٧٧-پ)

ʔ > ø

v > c –

یاسای ژماره (٦) نموونەی (٧٨- ا و ب)

k > ø /_pv (ا)

b > ø / _pv (ب)

ئەم یاسایە ئەوە نیشان دەدات، کە فۆنۆتاکتیکی کرمانجیی سەروو ڕێگا بە زنجیرە کۆنسۆنانتی [pk] و[bp] نادات. بە پێچەوانەوە [pk] زنجیرە کۆنسۆنانتی ئەم دیالێکتەیە وەك لە [tʃip kəm]دا.

یاسای ژماره (٧) نموونەی (٧٨-پ)

ʔ > ø

ø > d / _ vc

دووباره گێڕانەوەی یاسایەکی مێژوویی:

لە کرمانجیی خوارووی وشەی / زەر/ ی کرمانجیی سەروو وشەی /زەردە/ ە. بە پێی بۆچوونە فۆنۆلۆژییەکان دەبێت / زەر/ لە /زەرد/ ەوە کەوتبێتەوە ، ئەمەیش لە خستنی [d] ەکەوە بووبێت ( بڕوانە قرتاندنی [d] لە / کرن، برن، مرن/ ی نموونەکانی (٦٦، ٦٧، ٦٨) ی (٣/٢-٤)و یاسای ژمارە(١٣) ).

دەرکەوتنەوەی ئەم [d] ە لە وشەی / زەرداڵ/ دا بە دووبارە گێڕانەوەی یاسای قرتاندنی [d]ەکە دادەنرێت و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، فۆرمی وشەی / زەر/ وەك خۆی لێدەکرێتەوە، کە دیاکرۆن پێشتر هەبووە.

لە نموونەکانی (٧٩) دا بە گشتی یەك یاسای گشتی هەیە، ئەویش بەشی دووهەمی یاسای (٣) و(٤)ە و بۆ پڕکردنەوەی سەرەتای بڕگەی بۆشەکەی دوای خۆیەتی بۆ سەرەتای بڕگەی داهاتوو.

c > σ_

یاسای ژمارە (٨) نموونەکانی (٨٠-ا وب)

کەوتنی خشۆکی پشتەوە [w,h]

w > ø / CCC -

h > ø / CCC -

لەنموونەکانی (٨٧-پ) دا دیسانەوە بەشی دووهەمی یاسای ( ٣) و( ٤) تێبینی دەکرێت .

C > _ σ      سەرەتای بڕگەی داهاتوو

یاسای ژمارە (٩) نموونەی (٨٠)

t > ø

$$s > z / _ d$$

ئەم پرۆسانە فۆنۆلۆژیین چونکە نموونەی /دەست قوتان/ و/ دەس قوتان/ یان هەیە .

نموونەی (٨٣– ا) وشەی / ئاشتی خاز/ ، کە وەك /ئاشتی خواز دەنووسرێت، بەڵام وەك /ئاشتی خاز/ دەردەبڕێت/ بە ئەنالۆگی وەك یاسای ( ٨) دەربڕاوە .

$$w > ø\ C_$$

یاسی ژمارە (١٠) نموونەکانی (٨١و٨٢)

قرتاندنی دەنگداری ، بڕوانە یاسای ژمارە (٩)، کە یاسای فۆنۆلۆژیین .

$$t > ø$$

$$s > z / _ b$$

نموونەی ژمارە (٨٤)

جێبەجێ نەبوونی یاسای (٩) و(١٠)

نموونەی (٨١) / دەست قوتان/ ونموونەی(٨٤) / ڕاست گۆ/ وەك ئاوازە بەڵگەن بۆ ئەو دوو یاسایەی سەرەوە، کە یاسای فۆنۆلۆژیین و یاسای فۆنەتیکی نیین.

یاسای ژمارە (١١) نموونەی (٨٦)

$$t > ø / _ cv$$

یاسای ژمارە ( ١٢) نموونەی (٨٧)

پەڕینەوەی کۆنسۆنانت بۆ سەرەتای بڕگەی بۆش بڕوانە یاساکانی ژمارە (٣، ٤، ٥)

$$C > _\ \sigma$$

یاسای ژمارە ( ١٣) نموونەی (٨٨)

دووبارە گێڕانەوەی یاسایە

لە کرمانجیی ناوەڕاستدا [i] ەکانی کرمانجیی سەروو بۆ ڤاوڵەکانی[u] ( شیر: شور، تیژ: توژ . لەم دیاردەیەدا پڕۆسەکە فۆرمی ەشەکەی وەکو خۆی لێکردۆتەوە .

w > i / _ war

بەراوردی بکە لەگەڵ یاسای ژمارە ( ٧).

یاسای ژمارە( ١٤)

یاسای بێلایەنبوون لە گەڵ بێلایەن نەبوون ( بڕوانە دیاردەکانی بێلایەنبوون لە بەشی یەکهەم و سێهەمدا).

یاسای ژمارە( ١٥) نموونەکانی (٨٩) و (٩٠)

یاسای پەڕینەوەی کۆنسۆنانت بۆ سەرەتای بڕگەی داهاتووی بۆش.بە پێی نموونەکان بە گشتی ئەم یاسای بڕگە درووستکردنەوەیە فۆنەتیکیەو ئۆتۆماتیکی ڕوودەدات.

c > _ σ

یاسای ژمارە (١٦) نموونەی (٩٢)

ʃ > ʒ / __ #

ئەم یاسایە یاسایەکی فۆنۆلۆژییە چونکە نارازەی وەك / ڕەش پۆش/ ی هەیە، کە نابێت بە *( ڕەش پۆژ)، / دارتاش نابێت/ نابێت بە */ دارتاژ/ .

یاسای ژمارە(١٧) نموونەی(٩٢-پ)

s > + voice / + sonorance

دەربڕینی [S] وەك [Z] لێرەدا وابەستەی [R] ی ڕەگی کرداری کۆتایی وشەکەیە ( دەز+ ڕێژ) . ئەم پرۆسەیەیان فۆنەتیکییە وئەلتەناسیۆنی وەك / دەس ڕێژ/ ی هەیە. هۆی ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە [R]ەکە زرنگدەرەوەیە و گیراو نیە.

ئەم نموونانەی وشەدروستکردن هەلومەرج یان دەورووبەری گونجاویان بۆ جێبەجێبوونی ئەو پرۆسە یاسایانە تێدا نیە، بۆیە تەنها وەك روونکردنەوەو بەڵگەبۆ ئەوانەی سەرەوە هێنراونەتەوە :

١/٩٣-

چاڤ [tʃav]+ ڕەش [ʀəʃ] ~ چاڤ ڕەش [tʃav ʀwʃ]

بەژن [bəʒɨn]+ زراڤ [zrav] ~ بەژن زراڤ [bəʒɨn zrav]

ڕەش [ʀəʃ]+مال [mal] ~ ڕەش مال [ʀəʃ mal]

ب-

دل [dɨl]+ ڕەق [ʀəq] ~ دل ڕەق [dɨl ʀəq]

پی [ʀi] + ڕەش [ʀəʃ] ~ پی ڕەش [ʀi ʀəʃ][٧٣]

سەر [sər]+ شکای [ʃkay]~ سەر شکای [sər ʃkai]

زگ [zɨg]+ صۆتی [s̄oti] ~ زگ صۆتی [zɨg s̄oti][٧٤]

خوەش [xwəʃ]+ باوەڕ [bawəʀ] ~ خوەش باوەڕ [xwəʃ bawəʀ]

ڕەش [ʀəʃ]+ پۆش [poʃ] ~ ڕەش پۆش [ʀəʃ poʃ]

دوو [du]+ دل [dɨl] ~ دوو دل [du dɨl]

چار [tʃar]+ چرا [tʃra] ~چار چرا [tʃar tʃra]

هێدی [hedi]+ هێدی [hedi]~هێدی هێدی [hedi hedi]

هیر[hir] + هیر [hir] ~ هیر هیر [hir hir]

پڕ [pɨʀ]+ بە [bə]+دل[dɨl]~ پڕبەدل [pɨʀ bə dɨl]

پڕ [pɨʀ]+ بە [bə]+دەڤ [dəv] ~ پڕ بە دەڤ [pɨʀ bə dəv]

---

[73] لە هەندێك شوێنی (ك.س) وەکو ڕوی ڕەش[ʀü ʀəʃ] بەرجەستە دەبێت.

[74] [زگ] پێڕەوی کرمانجیی سەرووە نەك [سك] وەکو ئەوەی لە کرمانجیی ناوەڕاستدا بەرجەستە دەبێت.

پ-

دکان [dɨkan]+ دار [dar] ~ دکان دار [dɨkan dar][75]

نال [nal]+ بەند [bənd]~ نال بەند [nal bənd]

چا [tʃa]+ چی [tʃi] ~ چاچی [tʃa tʃi]

سەر[sər]+ باز [baz]~ سەر باز [sər baz]

ت-

ب [bɨ]+گوڕ [guʀ] ~ ب گوڕ [bɨ guʀ]

ب [bɨ]+لەز [ləz] ~ ب لەز [bɨ ləz]

ب [bɨ]+تەنێ [təne]~ ب تەنێ[bɨ tə ne]

**تێبینی: دەکرێت چەند یاسایەك لە یەك یاسادا کۆبکرێنەوەو چەشنەکانی یاساکانیش جیاوازن. بەڵام ئەو بابەتانە بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئایندە تەرخانکراون.**

**٤/٣) دیاردە دەنگییەکان لە سینتاکسدا**

بە پێچەوانەی پرۆسەکانی وشە دروستکردنەوە لە مۆرفۆلۆژییدا، کە ڕەنگە یاسای فۆنۆلۆژییان لێبکەوێتەوە( بڕوانە ٣/٣)، پرۆسە مۆرفۆلۆژییەکانی ناو سینتاکس، کە لە ڕێیانەوە مۆرفیمەکان و بە تایبەتی سینتاکسیەکانیان دەخرێنە تەك یەك بۆ ئەوەی فرێز و ڕستەیان لێ بەرهەم بهێنرێت، بە زۆری ئەو دیاردانە دەبینرێنەوە، کە ئۆتۆماتیکین و لە ژێر دەسەڵاتی قسەکەردانیین بە مەبەستی واتا گۆڕین. کەواتە ئەم دیاردانە دیارنەی فۆنەتیکین و لە کوێدا هەلومەرجییان بۆ بڕەخسێت جێبەجێدەبن. ئەمانیش بە زۆری لە ئاخاوتنی ڕۆژانەی خێرادا دەبیسترێن.

١- بڕوانە نموونەکانی (١) لە (٣/١-١)دا

چ .بکەم [tʃ.bɨ.kəm]~ چپ .کەم [tʃɨp.kəm]

چ.د.بێ.ژی[tʃ.dɨ.be.ʒi]~ چت.بێ.ژی[tʃɨt.be.ʒi]

٢-

---

[75] لە هەندێك شوێن وەکو[تکان دار] گۆ دەکرێت .

ا- پارچێن زیاده بهاژێژه.~ پارچێن زیاده پاڤێژه.

ب- کەڤنە خانی بهەڕفینه.~ کەڤنە خانی پەڕفینه.

ت- ڤان پاران بهەژمێره.~ ڤان پاران پەژمێره.[76]

/h/ فۆنێمێکی [-دەنگدار]ەو هەرکە دەرنەبڕدرا [-دەنگدار]یەکەی خۆی دەدات بە گیراوە دەنگدارەکەی پێش خۆی و ئەمەش جێدەستێکی فۆنیمەکەیە لە دەربڕاوەکەدا دەمێنێتەوەو لە رێیەوە دەزانرێت، کە [h]ێك لەو شوێنەدا بە فۆنەتیکی بەرجەستە نەکراوە. دیاردەکە سەرپشکیەو لە ئاخاوتنی خێرادا دەبیسترێت، بۆیە دەبێت دیاردەکە فۆنەتیکی بێت.

-٣

کوڕێ من

کچا من

ئەمانە مۆرفێمی خستنە پاڵن ( گەنەتیڤ)، بە نیشانەی توخمەوە واتا گۆڕانکارییەکە لە پرۆسەی فۆنۆلۆژییەوە نەهاتووە، بۆیەش ئاماژە بەم چەشنە دیاردانە دەدەم، بۆ ئەوەی بزانرێت وەك لێکۆڵەرێك لەم پرۆسانەش بە ئاگاین.

-٤

ا- دلۆڤانی ئەڤین خەلات کر.

دلۆڤانی دلشاد خەلات کر.

ب- ئەڤینێ دلۆڤان خەلات کر.

ئەڤینێ دلشاد خەلات کر.

پ- دلۆڤان ئەڤینێ خەلات دکە(ت).

دلۆڤان دلشادی خەلات دکە(ت).

ئەمانە وەك مۆرفێم نیشانەی رێککەوتنی ئەرگەتیڤی نێوان بەشە رێزمانییەکانی رستەن (بکەر، بەرکار، کردار)، بەڵام بە نیشانەی توخمیشەوە. کەواتە ئەمانەیش بەرهەمی پرۆسەی مۆرفۆلۆژین و فۆنۆلۆژیی نین، بەڵکو نیشانەی دانراون لە جێکەوتەی خۆیاندا.

---

[76] بروانە محمد طاهر گوهەرزی (٢٠: ١٩٩٩)

٥- مۆرفێمەکانی بانگکردنیش، کە بە نیشانەی توخمەوەن ( نێر، مێ) لەم نموونانەی خوارەوە بەڵگەی تەواوکەری ئەم ڕوونکردنەوانەی سەرەوەن :

٦-ا- کوڕۆ...

بابۆ...

ئەحمۆ

شێرۆ

ب- کچێ

خوشکێ

عەیشێ

غەزالێ

منَ ژی بڕیاردا دێ بچم بو دهوکێ.

مژی بڕیاردا دێ بچم بو دهوکی.

ئەم چەشنە پرۆسە فۆنەتیکیانەی قسە کردنی خێرا بۆ گۆڕینی دروستەی بڕگەی داخراودا (CVC) بۆ بڕگەی کراوەی (CV) جیهانی و ساکار.

منَ ژی [min.ʒi] ~ مژی [mi.ʒi]

قسەکردنی شێوازبەندانە formal spech — قسەکردنی خێرا

# بەشی چوارەم
# بڕگە

## بەشی چوارهەم
## بڕگە

### 1/٤) دروستەی هەرەمیی بڕگە

لەم بەشەدا، کاربە مۆدێلی وەچە پێکهاتەی بڕگە دەکرێت، کە تیایدا کرۆکی بڕگەو سەروا لە کۆتایی بڕگەو سەرەتای بڕگە جیاکراونەتەوە و [٧٧] بە سێ وەچە پێکهاتە دانراون( بڕوانە هێلکاری بڕگە بە وەچەپێکهاتەکانەوە لە خشتەی (٤-١)دا). هەر وەچە پێکهاتەیەك لە دوو کەرەسە زیاتری تێدانیەو دەبێت بە لایەنی کەمەوە یەك کەرەسەیان تێدا بێت . بەم جۆرە گەورەترین دروستە بڕگە تا بچوکترین دروستەی بڕگە بە ژمارەی کەرەسەکانەوە ئەمانە دەبن (ڤاوڵێکی درێژ بە دوو ڕەمزی ڤاوڵی نوێنراوە):

١- تەرزەکانی بڕگە

| | | |
|---|---|---|
| ا-CCVVCC | کرۆسك | [kro:.sk] |
| ب- (C)CVVC | شیین | [ʃ:n] |
| پ- CVVC | بۆش | [bo·ʃ] |
| ت-CVC | دار | [dar] |
| ج- CCVV | چوو | [tʃu] |
| چ-CCV | برا | [bra] |
| ح- CV | چا | [tʃa] |

---

[٧٧] بڕوانە Duanmu, San,( 1990) و Finehan, E,N.,(1994)

## هێڵکاری دەربڕاوی تەرزەکانی بڕگە




### ڕێسای یەکەم

پلەپێوەری زرنگدەرەوەیی (بڕوانە بەشی یەکەم وسەرچاوەکان لەوێدا)

ا/ لە سەرەتای بڕگە بەرەو کرۆکی بڕگە پلەی زرنگدەرەوەیی سەردەکەوێت/ بەرزدەبێتەوە.

ب/ لەکۆتایی بڕگەدا پلەی زرنگدەرەوەیی لە کرۆکەوە بۆ کۆتایی دادەبەزێت .

### ڕێسای دووهەم

وەهای دادەنێن دروستەی چەپکە کۆنسۆنانت لە کۆتایی بڕگەدا وێنە ئاوێنەی دروستەی چەپکە کۆنسۆنانتی سەرەتای بڕگە بێت . بەڵام ئەوانەی، کە ڕێگایان پێنادرێت لە کۆتایی بڕگەدا و لەسەرەتای بڕگەدا هەن و دەبیسترێن، مەرجی تایبەتیان لەسەرە ، وەك بۆ نموونە ئەوانەی پێشەوەو ئەوانەی دواوەی زمان ( بڕوانە سەرەتاو کۆتایی بڕگە).

### ڕێسای سێهەم

بەپێی ڕێسای دوهەم ئاراستەی پێشبینیکردنەکە لە سەرەتای بڕگەوە بەرەو کۆتایی بڕگەیە . واتە ئەو کۆنسۆنانت و چەپکە کۆنسۆنانتانەی، لەسەرەتای بڕگەدا ڕێیان پێبدرێت. چاوەڕێ دەکرێت لە کۆتایی بڕگەشدا ڕێگایان پێبدرێت .

بەو نموونانەو شیکردنەوەیانەوە، ئێستایش ڕاستی وچەوتی ئەو گریمانە سەرەکییە دەردەکەوێت و لەئەنجامدا دەزانرێت ،ئەگەر گریمانە پێچەوانەکەی دروست بێت .

بەرلەوە بەلاّم پێویستە ئەوە بسەلمێنرێت، کە برگە لەزمانی کوردیدا پێویستی بە هێڵکاری هەرەمی و هەبوونی وەچە پێکهاتەکانی برگە ( وەچە پێکهاتەی سەرەتای بڕگە، وەچە پێکهاتەی سەروا، وەچە پێکهاتەی کرۆکی برگە و وەچەپێکهاتەی کۆتایی برگە ) هەیە (بڕوانە ١/٣-٢-١-٢).

دیاردەی وەك دەربڕینی [tʃɨt. beʒiː]، کە لە بەشی سێیەمدا ڕوونکرایەوە، تەنها کاتێك سەرکەوتوانەو رازیکەرانە ڕووندەکرێنەوە، کە وەچەپێهاتەی برگە و دیاردەی بێلایەنبوون و سەرلەنوێ دروستکردنەوەی برگەمان هەبێت، بەلاّم مەرجی سەرەکی بۆ ڕوونکردنەوەکە هەبوونی ئەم دروستە بنەڕەتیەی برگەیە بۆ کرمانجیی سەروو(١/٤):

(٤-١) خشتەی هەرەمیی دروستەی برگە، بە وەچەپێکهاتەکانیەوە .




ڕوونکردنەوەکان:

| | |
|---|---|
| برگە | σ |
| سەرەتای برگە | ons |
| سەروا | rhyme |
| کرۆکی برگە | nucleus |
| کۆتایی برگە | coda |

گواستنەوەی سەرەتای برگەی دوهەم [d] بۆ کۆتایی برگەی یەکهەم ( بڕوانە بەشی یەکهەم – بێلایەنبوون ) ولەدەستدانی دەنگدارییەکەی و بەرجەستەبوونی وەك [t]لەو

دروستە هێڵکاریەی بڕگەدا ڕووندەبێتەوە، بەم جۆرەش ژمارەی بڕگەکانیش لە چوارەوە دەبن بە سێ بڕگە. [tʃɨ . be. ʒi:]~[tʃɨ. dɨ .be .ʒi:].

/١

ا/هێڵکاری دەربڕاوی[چ.د.بێ.ژی]

[tʃɨ.dɨ.be.ʒi:]




ب/ هێڵکاری دەربڕاوی[چت.بێ.ژی]

[tʃɨt.be.ʒi:]




ڕوونکردنەوە:

١- گواستنەوەی گیراوی دەنگداری [d] لەسەرەتای بڕگەی دووهەمەوە(وەچەپێکهاتەی سەرەتای بڕگەی دووهەم) بۆ کۆتایی بڕگەی یەکەم (وەچەپێکهاتەی کۆتایی بڕگەی یەکەم) و نەمانی دەنگدارییەکەی ( بڕوانە بیلایەنبوون) . واتە:

[-دەنگدار/ +گیراو] ~ [-دەنگدار/ +گیراو] / _____ #

٢- لە بەر ئەوەی لە زمانیی کوردییدا هیچ بڕگەمان نییە ، کە تەنها لە کرۆکی بڕگە (V)پێکهاتبێت.[٧٨]

کەواتە:

CV – V = V = Ø ⟸ کەوتن (syncope) ، بەلام بڕوانە نموونەکانی(٥٠-١ وبوپ) ویاساکانیان لە بەشی سێهەمدا.

ئەگەر سەرەتای بڕگە دوو پەلکی نەبێت، واتە وەچەپێکهاتەی پڕکراوە نەبێت بە کۆنسۆنانت، ئەوە ناتوانین ڕوونیبکەینەوە بۆچی جووت کۆنسۆنانتی وەك[کل] لە [کلیل]دا ڕێگای پێدەدرێت ولە کۆتایی بڕگەدا ڕێگای پێنادرێت ( بەلام بشڕوانە پلە پێوەری ڕزنگدەرەوەی لە (١/٣-٢-٢-١). بەهەمان شێوەیش، ئەگەر کۆتایی بڕگە دووپەلکی و وەچەپێکهاتەیی نەبێت، ناتوانین ڕوونیبکەینەوە بۆچی [لك] ڕێی پێدەدرێت لە [پەلك، سەلك]دا، کەچی [کل] ڕێگای پێنادرێت *[چەکل].

بۆ دوودەنگیەکانیش گرینگە بزانرێت، ئەگەر ڤاولیی بن هەردوکیان لە کرۆکی بڕگەدا دەبن، بەلام ئەگەر یەکەمیان ڤاولی بێت و دووەمیان نیمچەڤاولی بێت، ئەوە یەکەمیان لەکرۆکی بڕگەدادەبێت و دووەمیان لە کۆتایی بڕگەدا، بۆیە دەبێت کرۆکی بڕگەش دوو پەلکی بێت و وەچەپێهاتەیەکی دروستکەری بڕگە بێت. هەربۆیە ڤاولی کورت یەك جێکەوتەی کرۆکی بڕگە پڕدەکاتەوەو ڤاولی درێژیش هەردووجێکەوتەکە، لە دووپەلکی کرۆکی بڕگەکە پڕدەکاتەوە.

ئێستاش دێینەوە سەر گریمانەی یەکەم، واتە ئایا سەرەتای بڕگە وێنە ئاوێنەی کۆتایی بڕگەیە یان بە پێچەوانەوە.

هەموو ئەو چەپکانەی، کە ڕێگایان پێدەدرێت ( بڕوانە نموونەکانی بەشی دووهەم)

## ڕێسای چوارهەم

دابەشبوونی چەپکە کۆنسۆنانتی نێوان دووڤاولْ ، دابەشبوونیان بەسەر کۆتایی بڕگەی یەکهەم و سەرەتای بڕگەی دووهەمدا بە پێی ڕێسای ( ١تا٣) یە :

٢/

[توند]: [تون.دی] [tun.di]:[tund]

ب-

[٧٨] بەراوردی بکە لەگەلْ بڕگە لە زمانی ئینگلیزیدا.

[sər.bəs.ti]:[sər.bəst]   [سەر.بەس.تی]   [سەر.بەست]:

ڕوونکردنەوە:

لەنموونەی(٢/١/ا)دا [nd] لەسەرەتای وشەو بڕگەدا بەسەریەکەوەدا نایەت، بۆیە [n]ەکە دەبێتە کۆتایی بڕگەی یەکەم‌و [d]ەکەش دەبێتە سەرەتای بڕگەی دووەم.

پەیوەست بەدروستکردنی بڕگەکانی وشەکانی [سەربەستی]ەوە لە(٢/ب)دا، گرینگ لێرەدا زنجیرە کۆنسۆنانتی [st]ە، کە بە پێچەوانەی (گیراو+خشۆک)ەوە لەسەرەتای وشەو بڕگەدا نایەت، بۆیە لێرەشدا دابەشبوون بەسەر کۆتایی بڕگەی ناوەڕاست‌وسەرەتای بڕگەی کۆتاییدا. بەڵام چونکە کۆتایی بڕگە وێنەئاوێنەی بڕگەی سەرەتاییە، زنجیرە کۆنسۆنانتی [st] وەك لە [سەربەست]دا ڕێگای پێدەدرێت.

## ڕێسای پێنجەم

ا/ ناشێت سەرەتای بڕگە بۆش بێت ( هیچ کۆنسۆنانتێکی تێدانەبێت) بەڵام نابێت لە دووکۆنسۆنانتیش زیاتری تێدابێت .

ب/ تەنها ڤاوڵ بڕگەییەوە بڕگە دروست دەکات ( وەچەپێکهاتەی کرۆکی بڕگە پێکدەهێنێت).

پ/ کۆتایی بڕگە دەشێت بۆش بێت یان یەك کۆنسۆنانتی تێدابێت ، ناشێت لە دووکۆنسۆنانت زیاتری تێدابێت .

ت/ چەپکە کۆنسۆنانتەکانی سەرەتاو کۆتایی بڕگە بە پێی ڕێسای( ١تا٣)ن لەسەرەو ڕیزبوونیاندا.

### ١/٤-١) وەچەپێکهاتەی سەرەتای بڕگە

ئەو چەپکە کۆنسۆنانتانەی لە سەرەتای بڕگەدا ڕێگایان پێدەدرێت، بەپێی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیین ( بڕوانە ١/٣-٢-٢-١) و وێنە داڕێژراوی (١-٤).

ا- گیراو+ زرنگدارەوە

1-[p]

پلان، پلاڤ، پریشك، پرۆژە، پیالە، پیاو

[pyaw , pya.lə , pʀo.ʒə , priʃk , plav , plan]

٢-[t]

تنۆک، تلۆڤە، تلیش، ترێ، تراش

[traʃ , tre , tliʃ , tlovə , tnok]

٣-[k]

کنێر، کلاش، کلیل، کراس، کرۆسک، کرۆک، کرێت، کلێتە

[kle.tə , kret , krok , krosk , kras , kill , klaʃ , kner]

٤- [q]

قلۆچ، قرۆپ، قیاس، قیامەت

[qyamət , qyas , qrop , qlotʃ]

٥- [b]

بنار، بلوز، برا، برۆ، بروسک، برین، بڕین

[bʀin , brin , brusk , bro , bra , bluz , bbar]

٦- [d]

دلاوەر، دلێر، درێژ، درەو، دراڤ، دڕان، دیار، دیان، دوازدە

[dwaz.də , dyan , dyar , dʀan , drav , drəw , dreʒ , dler , dlawər]

٧- [g]

گلێنە، گلاو، گران، گرار، گرێلە

[grelə , grar , gran , glaw , glenə]

ب/ خشۆک+ زرنگدەرەوە

٨- [f]

فراڤین، فرۆتن(فرۆشتن)، فڕین، فرۆکە

[fʀo.kə ,fʀi:n , fro.tɨn , fravi:n]

٩- [v]

ڤراسەی، ڤیان

[vyan , vʀa.səy]

[s] -١٠

**سمێل[٧٩]، سنەوبەر، سنوور سروشت، سرِین، سیاج، سیار**

[syar , syadʒ , sʀi:n . sruʃt , snur , snəw.bər , smeɫ]

[z] -١١

**زمان، زرینگ، زرار، زراڤ، زیان، زیاد**

[zyad , zyan , zrav , zrar , zring , zman]

[ʃ] -١٢

**شنۆ، شلێر، شرین، شرِۆڤە**

[ʃʀovə , ʃrin , ʃler , ʃno]

[ʒ] -١٣

**ژمارە، ژمارتن، ژیان، ژیار**

[ʒyar , ʒyan , ʒmar.tɨn , ʒmarə]

[x] -١٤

**خلۆر، خلیسکە، خراپ، خرار، خیار**

[xyar , xrar , zrap , xlis.kə , xlor]

[ɣ] -١٥

**غرور**

[ɣrur]

[h] -١٦

**هری**

[hri]

[ɦ] -١٧

---

[٧٩] دەربارەی [سمێل~ سمبێل] بڕوانە (نموونەکانی ٣٢ و٣٣ لە ٣/٢/٢-٢)دا.

حليك

[ɦlik]

١٨- [ʕ]

عيال، عيادە [80]

[ʕyadə , ʕyadə]

پ/ ئەفریکات+ زرنگدەرەوە [81]

٢٠- [tʃ]

چنار، چنوور، چروك، چیا

[tʃya , tʃruk , tʃnuːr , tʃnar]

٢١- [dʒ]

جنۆکە، جلەو، جیا

[dʒya , dʒləw , dʒno.kə]

ت/ گیراو+ خشۆك [82]

٢٢- [p] ( بڕوانە پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی و چەپکە کۆنسۆنانتەکان لە بڕگەدا)

پزیشك، پچیك

[ptʃik , piziʃk]

٢٣- [t]

تفەنگ، تخوب

[txub , tfəng]

٢٤- [k]

کسۆك، کشان

[kʃan , ksok]

---

[80] [ʕ] زیاتر لەگەڵ نیمچە بزوێنی [y] چەپکە کۆنسۆنانتی سەرەتای وشە دروست دەکەن.

[81] بڕوانە دەربڕاوە تەرزەکانی بڕگە.

[82] بڕوانە تێبینییەکانی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی.

٢٥- [q][83]

__، __، __

٢٦- [b]

بژار، بژێو

[bʒew , bʒar]

٢٧- [d]

__، __، __

٢٨- [g]

__، __، __

ئەو چەپکە کۆنسۆنتانەی، کە لە( ١/٤) دا پێیان پێنادرێت، ئەمانەن ( بڕوانە بەشی دووهەم) ولێرەدا بۆ ئاسانکاری هێنراونەتەوە :

### ١/٤- ٢) وەچەپێکهاتەی کۆتایی برگە

ا- زرنگدەرەوە + گیراو[84] [85]

[p]

٢٩-قالب، قەرپ، قرپ

[qirp , qərp , qalp]

[k]

٣٠-گورگ، تەرگ، سەلك، پەلك

[pəlk , səlk , təʀk , gurk]

ب-زرنگدەرەوە+ خشۆك

---

[83] دەربارەی ڕێگە پێدان و پێنەدانی ئەو چەپکە کۆنسۆنانتانە بڕوانە ئەنجامەکانی (٤) لە بەشی دووهەم.

[84] گیراوە دەنگدارەکان لە کۆتایی وشەو برگە کپ بەرجەستە دەبن ( بڕوانە بیلایەنبوون).

[85] لە (ك.س) ڕێگە بە چەپکە کۆنسۆنانتی[rd] و[rt] نادرێت و بەراوردی بکە لەگەڵ [چاند، خاند]. هەر بۆیەش [بەرد، پرد، مێرد، کەرت] وەکو [بەر، پر، مێر، کەر] بەرجەستەدەبن.

٣١-  بەرخ، بەرف، عارف

[ʕarf , bərf , bərx]

پ-زرنگدەرەوە+ ئەفریکات

٣٢- هرچ، پەرچ، مەرج ، جورج

[dʒurtʃ , mərtʃ , pərtʃ , hɨrtʃ]

ت-خشۆك + گیراو

٣٣-درست، دەست، دەشت، دەسك، تەسك، بەخت، تەخت

[təxt , bəxt , təsk , dəsk , dəʃt , dəst , drɨst]

**٣-١/٤) چەپكە كۆنسۆنانتی نێوان- ڤاوڵی ( ناوەڕاستی وشە)**

(یاسایەکی فۆنۆتاکتیکی کوردی ئەوەیە، کە ئەگەر کۆنسۆنانتێك[٨٦] کەوتە نێوان دوو ڤاوڵەوە[٨٧] ، ئەوە کۆنسۆنانتەکە لەگەڵ برگەی دووەمدا دەڕوات یە واتا ئەوەی، کە دەبێتە پارچەی پێشەوەی برگەی دووهەم)[٨٨]. ئەم یاسایە یاسایەکی تری فۆنۆتاکتیکی کوردی پتەوتر دەکات، ئەویش ئەوەیە، کە نابێت سەرەتای وشەو برگە چۆڵ بێت.

ئەوەی لە پارەدا دەخرێتە ڕوو زنجیرە/ چەپکە کۆنسۆنانتەکانە( پترلە کۆنسۆنانتێك) ، کە لە نێوان وشەدا بەرجەستە دەبن ( بڕوانە ٢/٢-٢-٢-٣).

مەرجی ڕیگەپێدان و ڕێگە پێنەدانی چەپکە کۆنسۆنانتەکان لە سەرەتای وشەدا ، بڕیاردەری دابەشبوونی هێشوە کۆنسۆنانتە نێوان ڤاوڵیەکان ( ناوەڕاستی وشە) دەدات.

لە یادیشمان نەچێت، کە ڕێگەپێدان و پێنەدانی هێشوە کۆنسۆنانتی کۆتایی برگەش هەمان کاریگەری هەیە، وەکیۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| [سلێمانی] | [ئەسلان] |
| [sle.ma.ni] | [ʔə.slan] |

ئەو حاڵەتانەی، کە تایدا قورسایی یان هێز وابەستەی بە هێزی و لاوازی برگەن، گۆڕانکاری بەسەر ئەم مەرجانەدا دادێن

---

[86] نەبزوێن بە مانای (کۆنسۆنانت )هاتووە.

[87] بزوێن بە مانای (ڤاوڵ )هاتووە.

[88] بڕوانە محمد معروف فتاح ( ٧٦: ١٩٩٠).

## ۱/٤-۳-۱) چەپکە کۆنسۆنانتەکانی سەرەتای بڕگە لەناوەڕاستی وشەدا

ا- گیراو +زرنگدەرەوە

۳٤- [سەبری،ئەبرۆ، بەدری، شەکراڤ، بەکرۆك، ستران، سەکران ]

[sə.kran , sɨ.tran , bə.krok , ʃə.krav , ʔə.bro , bə.dri , səbri]

ڕوونکردنەوە:

لەبەرئەوەی چەپکە کۆنسۆنانتی (گیراو+ زرنگدەرەوە) ڕێگە پێدراوە لە سەرەتای وشەو بڕگەدا بۆیە لە ڕووی تیۆرییەوە زنجیرە کۆنسۆنانتەکانی ناوەڕاستی وشەش[kr.tr,dr,br] دەبێت ڕێگە پێدراوبن. ئەم یاسایە بەسەر [شەقڵاوە، پاقلاوە ]دا جێبەجێ دەبێت.

ب/خشۆك+ زرنگدەرەوە

۳٥- [بزمار، پسمام]

[pɨ.smam , bɨ.zmar]

پ/ ئەفریکات +زرنگدەرەوە

۳٦- [سەرچنار]

[sər.tʃnar]

ڕوونکردنەوە:

ئەگەر وشەی [سەرچنار] بەشێوەیکی تر دابەش بکەین بەسەر بڕگەدا، دەتوانرێت وەك [sər.tʃɨ.nar] بەرجەستە بێت، چونکە ئەو جۆرە بڕگانەی، کە لە هەموو زمانەکانی گێتیدا پەسندن، ئەو بڕگانەن، کە کراوەن دواتریش ئەو بڕگانەن، کە بەیەك کۆنسۆنانت داخراون، نەك ئەو بڕگە قورسانەی، کە سەرەتاو کۆتاییان بە پتر لە دوو کۆنسۆنانت پێکهاتووە (بۆزانیاری زیاتر بڕوانە محمد معروف فتاح).[89]

ت/ گیراو + خشۆك

---

[89] محمد معروف فتاح، زمانەوانی( ۷۷: ۱۹۹۰)

ئەم چەپکە کۆنسۆنانتە، کە دەکەونە ناوەڕاستی وشەوە، زیاتر لەوشە داڕێژراوەکاندا بەرجەستە دەبن، وەك:

٣٧-[هەڵبژاردن، هەڵکشان]

[həl.kʃan , həl.bʒar.dɨn]

### ٤/١-٣-٢) چەپکە کۆنسۆنانتەکانی کۆتایی بڕگە لە ناوەڕاستی وشە

بە شێوەیەکی گشتی چەپکە کۆنسۆنانتەکانی کۆتایی وشە، کە ڕێگە پێدراون لە ناوەڕاستی وشەدا بە پێچەوانەی چەپکەکانی سەرەتای وشە چەپك دروست ناکەن بەڵکو بە سەر کۆتایی بڕگەی یەکەم و سەرەتای بڕگەی دووهەمدا دابەش دەبن.

ا/ زرنگدەرەوە+ گیراو

٣٨-[سەردار، کوردی،بەنداڤ، بۆمبا، سلقاڤ]

[sɨl.qav , bom.ba , bən.dav , kur.di: , sər.dar ]

ب/ زرنگدەرەوە+ خشۆك

39- [دەرسیم، سەرسیر، پرسیار، برژای،خورشید]

[bɨr.ʒay , pɨr.syar , sər.si:r , dər,si:m , xur.ʃid]

پ/ زرنگدەرەوە+ ئەفریکات

٤٠- [جورجێت، جەنجەڕ، پنچك، چنچك]

[tʃɨn.tʃɨk , pɨn.tʃɨk , dʒən.dʒəʀ , dʒur.dʒet]

ت/ خشۆك+گیراو

٤١- [ماستاڤ، دەستاڕ، دەزبڕ، دەزگیران]

[dəz.gi.ran , dəz.bɨʀ , dəs.taʀ , mas.taf]

### ٤/٢) ئاوازەو پێچەوانەی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی

### ١-٢/٤) چەپکە ئاوازەکانی سەرەتا ی بڕگە

ا/ زرنگدەرەوە+ گیراو

٤٢- [لکاو، لگاو]

دوو ئەگەری بەرجەستەبوونیان هەیە:

١- کپکردنی زرنگدەرەوەیی، وەك:

[lgaw] ،[lkaw]

٢-هەڵتۆقینی ڤاوڵە ساردەکەو دروستبوونی بڕگەیەکی تر:

[lɨ.gaw]،[lɨ.kaw]

ب/ زرنگدەرەوە+ خشۆك

٤٣- [نسار، نزار، مشار، مشك، نشێڤ، ڕشك]

هەروەکو (ا) دوو ئەگەری بەرجەستەبوونیان هەیە:

١- کپکردنی زرنگدەرەوەیی

[ʀʃɨk]،[kʃev] ،[mʃɨk]،[mʃar] ،[nzar] ،[nsar]

٢- هەڵتۆقینی ڤاوڵ ساردەکەو دروستبوونی بڕگەیەکی تر

[ʀɨ.ʃɨk] ،[nɨ.ʃev] ،[mɨ.ʃɨk] ،[mɨ.ʃar] ،[nɨ.zar]،[nɨ.sar]

پ/ زرنگدەرەوە+ ئەفریکات

ئەم چەپکە پێچەوانەیە لە کرمانجیی سەروودا دەرنابڕدرێت.

ت/ خشۆك + گیراو

٤٤- [شکار، شکان، سپیندار،ستوون، شکەفت، شکەنجە]

لەزمانە هیندۆئەورووپییەکاندا (ئینگلیزی، ئەڵمانی) خشۆکەکانی[s.ʃ] بەتایبەتی لەگەڵ گیراوەکاندا مامەڵەی جیاوازیان لەگەڵدا دەکرێت :

ا/لە زمانی ئەڵمانیدا [sk ,st , sp] وەك [ʃp, ʃt, ʃk] دەردەبڕێت و لەسەرەتای بڕگەدا ڕێگایان پێدەدرێت.

له زمانی ئینگلیزیدا وەك خۆیان دەردەبڕن، بەڵام دیسان لەسەرەتای بڕگەدا ڕێگایان پێدەدرێت ، وەك: [sky].

ب/ بۆیە لە زمانی کوردیی_ کرمانجیی سەرووا مامەڵ لەگەڵ چەپکە کۆنسۆنانتەکانی، کە بە[s,  ʃ] دەستپێدەکەن ڕێگە پێدراون، ( بڕوانە نموونەکانی_ سپیندار [spin,dar]و بەراوردی بکە لەگەڵ _ ئەسپیندار [ʔəs ,pin ,dar] لە کرمانجیی ناوەڕاستدا.

هەندێك زمانەوان ئەو زرنگدەرەوەو خشۆکانەی سەرەتای بڕگە بە کۆنسۆنانتی هەڵواسراو adjunction دادەنێن و ئەمەش بۆ کرمانجیی ناوەڕاست بە پەسند نەزانراوە، بۆیە لێرەدا کار بە ئەگەرەکانی ( ا،ب) دەکەین:

ا/ شکار   ʃkar

ب/ شکار   ʃi ,kar

## ٤/٢-٢) چەپکە ناوازەکانی کۆتایی بڕگە

ا/ گیراو+ زرنگدەرەوە

٤٥- [کەپر، چەتر، سەتل، تەحل، دەغل، شەکر، حەبل]

لێرەدا کار تەنها بە ئەگەرێك دەکرێت ئەویش هەڵتۆقینی ڤاوڵە ساردەکەو دروست کردنی بڕگەیە.

[ɦə,bɨl , ʃək,kɨr , də,ɣɨl , tə,ɦɨl , sə,tɨl , tʃə,tɨr , kə,pɨr]

ئەگەر تێبینی نموونەی( ١٨ لە ٣/١-٧) دا بکەین، لە وشە خواستراوەکاندا [شغل] وەك[شوڵ] دەربڕاوە، بەپێی فۆنۆتاکتیکی کوردیی وبەپێی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی چەپکە کۆنسۆنانتی [ɣl] ڕێگە پێنەدراوە و هەر بۆیە یان ڤاوڵە ساردەکە هەڵدەتۆقێت وەك [ɣɨl] یان گۆڕان بەسەر چەندایەتی و چۆنایەتی بڕگەدا دێت.

ب/خشۆك +زرنگدەرەوە

٤٦- [هەڤر، تەڤر، تەحل، سیحر ]

[si.ɦɨr , ta.ɦɨl,  tə.vɨr , hə.vɨr]

پ/ ئەفریکات + زرنگدەرەوە

ئەم چەپکەیان هەروەکو سەرەتای بڕگە بە پێچەوانەی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی کارناکات.

ت/ گیراو+ خشۆك

٤٧- [ڕواندن، سەقز]

[sə. qɨs , ʀwan. dɨs]

**٣/٤) ڤاوڵەکان لە کرۆکی بڕگەدا**

**١-٣/٤) ڤاوڵە درێژ دەربڕاوەکان** v v

ڤاوڵ پڕۆژەی بڕگەی دروستدەکات و کۆتایی بڕگە داوادەکات و بە سەرەتای بڕگە دروستەی تەواوی بڕگە بەرهەم دەهێنرێت.[٩٠] تاوەکو ئێستا لە وەچەپێکهاتەکانی سەرەتاو کۆتایی بڕگەی کرمانجیی سەروو شیکردنەوەو ڕوونکردنەوەی تەواو پێشکەشکران. تیایاندا هەندێك دیاردە ئەوەیان دەرخست، کە کاتێك دەتوانرێن جوان و ڕازیکەرانە ڕوون بکرێنەوە، کە سەرەتاو کۆتایی بڕگە وەچەپێکهاتەبن. واتە دەشێت هەریەکەیان دوو کۆنسۆنانتی گونجاویان لەگەڵ پلەپێوەری زرنگدەرەوەیی تێدابێت و بەلایەنی کەمیشەوە یەك جێکەوتەیان بە کۆنسۆنانتێك پڕکرابێتەوە، ئیتر گرینگ نیە ئەگەر ئەو کۆنسۆنانتانە فۆنۆلۆژیی یان فۆنەتیکی بێت وەك بۆ نموونە :

گیراوە گەروویيەکەی [ʔ] /v/ [ʔav] یان /w/ لە [war] دا.

کرۆکی بڕگەش دەشێت دوو جێکەوتەکەی بە دوو ڤاوڵی کورت یان بە دوو ڤاوڵی کورت پڕبکرێتەوە. وەك بۆنموونە :

٤٨- کورد [kurd]

چوون [tʃu:n]

٤٩- دروستەی بڕگەکان



[٩٠] بڕوانە Hayes, Bruce, (1989)

tʃ u u n k u r d

پێڕەوی ڤاوڵەکان لە هەردوو زاری کرمانجیی سەروو و کرمانجیی ناوەڕاستدا کورتن و لەو بڕگانەدا، کە قورساییان لە سەرە درێژ دەردەبڕدرێن، بە مەرجێك هەردوو جێکەوتەی بڕگە بە کۆنسۆنانت پڕنەکرابێتەوە. ئەم مەرجەی کۆتاییان تەنها بۆ ڤاوڵەکانی سەرەوە دەخوات بۆیە وشەی /کورد/ هەیە، بەڵام */کوورد/ نیە، /بیست/ هەیە، بەڵام /بییست/ نیە. بە پێی ئەم مەرجە ئەم تەرزانەی وشە لە کرمانجیی سەروودا دەبیسترێن.

٥٠- /بی/ /تین/

[bi:] [ti:n]

ڤاوڵەکانی ناوەڕاست و خوارەوە /a, o, e/ دەشێت لە هەموو تەرزەکانی بڕگە (بەیەك کۆنسۆنانت یا بە دوو کۆنسۆنانت داخراو) سەرپشکی کورت یان درێژ دەردەبڕدرێن. ئەمانەش بەڵگەن بۆ ئەوەی، کە ڤاولەکان وەك فۆنێم کورتن و دەشێت بە فۆنەتیکی درێژ بەرجەستە بکرێن.

٥١- کۆ، کۆر، دۆست

[ko:] ~ [ko]

[ko:r] ~ [kor]

[do:t] ~ [dost]

٢-٣/٤) دووەدەنگییەکان diphthong

ڕوونکردنەوەکانی پارەکانی پێشتر ئەوەمان نیشان دەدات ، کە تەنها ڤاوڵ پڕۆژەی بڕگە دروستدەکەن (بڕوانە نموونەکانی ٧٧و٧٨ لە٢/٣-١-٦ ونموونەکانی ٣/١-٥) و تەنهایش ڤاوڵ بۆی هەیە لە کرۆکی بڕگەدابێت. کۆن[91]سۆنانت و نیمچە کۆنسۆنانتەکان لە دەرەوەی کرۆکی بڕگەدان. واتە لە سەرەتا یان لە کۆتایی بڕگەدان. بەم جۆرەبێت دروودەنگی

---

[91] بڕوانە Goldsmith, John, A., (1990).

ڕاستەقینە، کە هەردوو بەشەکەی ڤاوڵ بێت لە کرمانجیی سەروودا نیە. بەڵام زنجیرە ڤاوڵ و نیمچە ڤاوڵی وەك: v y ، v w لەم زارەدا بە دوو دەنگی دادەنێین. کەواتە وەهای بۆ دەچین، کە دوودەنگییەکانی ئەم زارە ئەمانەی خوارەوە بن، چونکە نیمچە ڤاوڵی کۆتایی بڕگە دەشێت کاریگەری لە سەر کورت و درێژیی ڤاوڵەکان هەبێت، بە تایبەتی کۆتایی ئەو بڕگانەی کۆنسۆنانتێکیشیان تێدایە وەك (چاوگ).

دوودەنگییەکانی زمانیی کوردیی ئەمانەی لای خوارەوەن:

[əi ,əu ,oi , ou , iu , iə ,au , ai] ،وەك لەم نموونانەدا بەرجەستە دەبن:[92]

٥٢- ai نای ، چای

٥٣- au ئاو ، چاو

٥٤- iə دییە ، نیە

٥٥- ou تۆو

٥٦- oi خۆی

٥٧- əu ئەو ، شەو

٥٨- əi مەی ، نەی

لە بەر ئەوەی لە کرمانجیی سەروودا هەموو ئەو[w] انە لەگەڵ خشۆکە دەنگدارەکە [v] شوێنی دەگرنەوە، یا پەیرەوبەندانە systematic یا ئازادانە کاردەکەن( بڕوانە ئەنجامی-١- لە بەشی دووهەم).بۆیە دەکرێت دوودەنگییەکانی کرمانجیی سەروو ئەمانەی لای خوارەوەن:

[əi ,oi , iə , ai] وەك لە نموونانەی لای خوارەوە دەردەکەون:

٥٩- ai هایدار ، نای ، چای

٦٠- iə نییە

٦١- oi ئۆی ، بۆی

٦٢- əi مەی ، بەیبین

لە بەر ئەوەی دوودەنگی لە کرۆکی بڕگەدایە و تەنها نیمچە ڤاوڵی کۆتایی بڕگە لە گەڵ ڤاوڵەکەی پێش خۆی دوو دەنگی دروست دەکات، زنجیرە نیمچە ڤاوڵ و ڤاوڵی وەك ( وا، یا) بە دوو دەنگی دادەنرێن.

---

[92] بڕوانە محەمەدی مەحوی ( ١٥٦: ٢٠٠٨).

شیکردنەوەی تەواوی کرۆکی برگەو دوو دەنگییەکان، پەیوەست بە پرۆسەو دیاردەی فۆنۆلۆژیی و فۆنەتیکییەکانەوە لە لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆدا پێشکەش دەکرێن، چونکە شوێن و کات لێرەدا مەودایان نەماوە.

پەیوەست بە ( فۆنۆلۆژیی ئازاد لە سەگمێنت )ەوە، گرینگە ئەوە ئاشکرا دەرببڕدرێت، کە قورسایی( هێز) ناکەوێتە سەر تاکە یەك سەگمێنت، بەڵکودەخرێتە سەر سەروای برگە syllabic rhym . کەواتە ئاوازیش وابەستەی دروستەی برگەیەو لەم نامەیەدا شوێن و بواری لێکۆڵینەوەی نەبووە.

## ٤/٤) جەشنەکانی وشە لە ڕووی فۆرمەوە

١-ا) وشەی فۆنۆلۆژیی( وشە بنجیەکانی ئاستی قوڵی زاری کرمانجیی سەروو دەگرێتەوە)

١-ب) وشەی مۆرفۆلۆژیی ( وشە هەڵگوێزراو لێکدراوەکان دەگرێتەوە).

١-پ) وشەی فەرهەنگی (لێکسیمی). لە وشە مۆرفۆلۆژییەکاندا تەنها لێکسیمەکانیان یان ئەوانەی بوون بە لێکسیم لە فەرهەنگدا تۆمارکراون. بۆ نموونە :

/ برا، مام. گا،ئاسن/ لێکسیمی ناو فەرهەنگی ئەم زارەن.

/ برادەر، پسمام، گاسن / وشەی مۆرفۆلۆژین و ئەمانەیش بوونەتە لێکسیمی فەرهەنگی، هەروەها وشەکانی / گولاڤ، خارزا، دۆتمام / ، بەڵام وشەیەکی وەك / برا گەورە/ نەبووە بە لێکسیمی سەربەخۆ، بەڵکو /برا/و /گەورە/ هەریەکێکیان بە تەنیاو سەربەخۆ لێکسیمن.

٢-ا) وشەکانی ناو فەرهەنگ

لێکسیمەکان ئەوانەی یەك فۆرمو یەك واتایان هەیە وەك:

/ دار، گول، چیا، مال، مام، خال، سەگ، پەز/.

٢-ب) وشە ئەگەرییەکان.

ئەو وشانەی لە ڕووی فۆرمەوە بە پێی فۆنۆتاکتیکی کوردیو یاسای وشە دروستکردنی کوردی- کرمانجیی سەروو وەك وشەکانی ناو فەرهەنگ دروست دەکرێن.

٢-پ) وشە نا ئەگەرییەکان.

ئەو وشانەی، کە لە دروستکردنیاندا یان لە وەرگرتنیاندا لە زمانی ترەوە پەیکاڵی ڕێکخستنی فۆنۆتاکتیکی کوردی نیین.

ڕوونکردنەوە:

وشەکانی ناو فەرهەنگ ڕەچاوی فۆنۆتاکتیکی کوردی ( مەرجی برگەو دروستەی برگەو پێکەوەهاتنی چەپکە کۆنسۆنانتەکان‌وڤاولەکانیان لە خۆدا هەڵگرتووە)، بۆ نموونە چەپکە کۆنسۆنانتی لچولێویی‌و زرنگدەرەوەی وەك [ب+ر] لە [برا، برۆ] دا ڕێگەیان پێدەدرێت، بە هەمان شێوە چەپکە کۆنسۆنانتی [پ+ر] لە [پریشك]دا. لە کرمانجیی سەرووددا گیراو و خشۆکەکان لە دەنگداریدا پێکەوە دێن وەك بۆ نموونە :

[خۆزگە، نۆزدە] : [هەست، نێسك].

دروستکردنی وشەی نوێ بە پێی یاسامۆرفۆلۆژییەکان، کە ڕەچاوی ئەو مەرجانەی سەرەوە دەکەن ئەگەری دروست بوونیان هەیە.

چەپ+ڕەو ← چەپڕەو [tʃə.prəw]

دەست+گا← دەزگا [dəz.ga]

وشەی مۆرفۆلۆژیی وەك [ڕێزدار، لەزگێن] ڕێگە پێدراون‌و ئەگەری بوونیان هەیە وشەی وەك ئەوانیش ئەگەری بوونیان دەبێت.

بەڵام وشەی وەك : *ڕێسدار، لەسگێن وشەی نانەگەرێن.

ئەو وشە بیانییانی‌و خواستراوانەی لە زمانی ترەوە دێنە ناوزاری کرمانجیی سەرووەوە وەك وشەکانی ناو فەرهەنگیان لێدەکرێت، ئەمەیش (ا) یا ڕەچاوی مەرجە فۆنۆتاکتیکیەکان دەکرێت (ب) یا دەخرێنە خانەی تۆخمی( مێ)وە[٩٣]، وەك [کەناڵ، سەتەلایت، بەنزین، امطار]. وشە خواستراوەکان، کە ڕەچاوی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی ئەو زارە دەکەن دەچنە ناو خانەی وشە ئەگەرییەکان یان ناو وشەکانی ناو فەرهەنگەوەو دواتر دەبنە لێکسیمی ناو فەرهەنگ یا نەء .

لە ناو ئەمانەدا فۆرمی فۆنۆلۆژیی ئاستی قوڵی وشەکان لە فۆرمی ڕوکەش‌و فۆرمی فۆنەتیکی کاتی دەربرینیان لە یەکتر جیا دەکرێنەوە، بە پێویست دەزانرێت فۆرمە بنجیەکانییان بۆ نووسین بە کاربهێنرێن. بەم پێیە (سابوون) دەنووسرێت نەك *(صابوون) ، چونکە ئەوەی یەکەمیان فۆرمی فۆنۆلۆژییە و دووەمیان ئاستی فۆنەتیکی و ڕووکەشە. ئا لێرە دایە، کە بە ڕوون‌و ڕەوانی پێڕەوی فۆنیم‌و پێڕەوی ئەلۆفۆنەکان خۆیان نیشان دەدەن‌و خۆیان دەردەخەن.[٩٤]

---

[93] بڕوانە کوردستان موکریانی ( ٧١: ١٩٨٤).

[94] بڕوانە Duanmu, San, (1994)

# پوخته و ئه‌نجام

( پوختەی نامەکە )

بە شێوەیەکی گشتی نامەکە، ئەم پوختەو ئەنجامانەی خوارەوەی لێدەستدەکەوێت:

١. بێ لایەن بوون و ئارخی فۆنیم پەیوەندییان بە پێڕەوی فۆنیمەکانەوە هەیە، لەوەی کە هەمیەریەتی فۆنۆلۆژییانە هەمیشە بۆ هەموو دەورو بەرەکان گرنگ نییە، ئەوەتا لە کۆنسۆنانتە گیراوەکاندا، تەنها کپەکانیان لە کۆتاییدا دەردەکەون.

٢. خشۆکە دەنگدارو کپەکان بە گشتی مەیلی ئەوەیان هەیە لە تەك گیراوە دەنگدارو کپەکاندا لە دابەشبوونی تەواوکەرانە دابن، بە واتا فۆنیم نین یان فۆنیمییان لاوازە.

٣. خشۆك و گیراوە کپ و دەنگدارەکان هەندێك جار لە بری یەکتر دادەنرێن و جێگۆرکێ دەکەن بێ ئەوەی واتای نوێ بهێننە ئاراوە. ئەم جۆر جێگۆرکێ ئازادانە (بڕوانە بەشی سێهەمی نامەکە) ئاماژەن بۆ ئەوەی، کە دەبێت دەنگی /h/ یان /ʔ/ بۆ نموونە تەنیا لە دابەش بوونی گوندەدا (Macro distribution) لەگەڵ فۆنیمەکانی دیکەدا فۆنیم بێت، دەنا ئەلەفۆنێك دەبوو، بۆیە لە دابەش بوونی گوندەدا پێویستن، چونکە بۆ لەیەك گەیشتن لە کردەکانی گفتوگۆکردندا گرنگ و بنەماین.

٤. فۆنیمی /ɾ/ لە جێکەوتەی سەرەتای وشەدا نابیسترێن و خۆیان لە جێکەوتەی کۆتایی وشەدا وەك فۆنیم دەخەنە ڕوو، بڕوانە نموونەکانی (٧٥ لە ٢/٣/٢-١-٥)، کە تیایدا ئەو جێگۆرکێ سەرپشکییانە تۆمار کراون، کە پشتگیری لەو گریمانەی لێکدانەوەکەی سەرەوە دەکەن و پاساوی بۆ دەهێننەوە.

٥. لە سنووری شیکردنەوەی بڕگەدا، لە هەڵکەوت و سروشتدا گروپە کۆنسۆنانتەکان بە پێی پلە پێوەری زرنگدەرەوەیی ڕیز دەکرێن، گەر کرۆکی بڕگە چەق و تەوەری شیکردنەوەکەمان بێت، ئەو کاتە نیمچە ڤاوڵەکان ( گەر هەبوون لە بڕگەدا) لە نزیکترین جێکەوتەدا لای ڕاست و چەپی کرۆك دەگرن و دواتر بە زنجیرە زرنگدەرەوەکان-خشۆکەکان-گیراوەکان؛ بە هەردوو لای کرۆکدا بەرەبەرە دوور دەکەونەوە( سەیری وێنەی (٢-٢) بکە.

٦. دیاردەی کپبوونی دەنگدارە گیراوەکان (/g,d,b/) لە کۆتایی وشە و بڕگەدا وەک بێلایەن بوون نیشانەی دەنگداری ئەم کۆنسۆنانتانە پێناسە دەکریٚ و ڕوون دەکرێتەوە، دیاردەکە لە هەردوو زاری ناوەڕاست و سەروودا پێڕەو بەندانە ڕوودەدات (بڕوانە نموونەکانی( ٥،٦،٧ ) لە (٢/١-١-١).

٧. دەنگدارەکان لە کۆتایی وشەو بڕگەدا هەروەکو گیراو خشۆکە دەنگدارەکان هەڵسوکەوت دەکەن، ئەم دیاردەیە ئەوە دەردەخات، کە ئەفریکاتەکان سەر بە گروپی کۆنسۆنانتە گیراوەکانن و بەم پێیەش دەبوو لەگەڵ کۆنسۆنانتە گیراوەکاندا مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بنەمای ڕوونکردنەوەکەش ئەم ڕاستیە/ئەزەری و گریمانەکارییە، کە تەنها گیراوە دەنگدارەکان لە کۆتایی بڕگەدا دەرنابڕدرێن، (بڕوانە نموونەکانی (٢١) لە ٢(/١-١-٣).

٨. ئەم زارە لە سروشتی خۆیدا کراوەیە لە ڕووی خواستن و وەرگرتنی وشەی بیانی بۆ ناو زارەکە، بەڵام وشە خواستراوەکان ڕەچاوی یاساو مەرجە فۆنۆتاکتیکییەکانی کرمانجی سەرویان کردووە و هەندێک نهێنی پێڕەوی فۆنیمەکانی زارەکەو بەتایبەتی بەهێزیو لاوازییان لە پەیڕەوەکەدا دەردەخەن.

٩.

أ- پێڕەوی فۆنیمەکانی کرمانجیی سەرووی دەستکەوتوو وپەسنکراو( بڕوانە: ( ا)و(ب) لە ئەنجامی(٣) لە( بەشی دووهەم)).

ب- جیاکراوە لە پێڕەوی ئەلەفۆنەکانی کرمانجیی سەروو ( بڕوانە: ٣/١-١ تاکو ٣/١-٧).

١٠. دیاردەو پرۆسە پێزانراوەکان (بڕوانە (٣/٢)و یاساکان لە( بەشی سێهەمدا).

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان

### أ) بە زمانی کوردی :


١) ئەورەحمانی حاجی مارف، زمانی کوردی لە بەر ڕۆشنایی فۆنەتیکدا، بەغدا، ١٩٧٦.
٢) ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم -ناو، بەغدا، ١٩٧٩.
٣) ئەورەحمانی حاجی مارف، نووسینی کوردی بە ئەلف و بێی کوردی، بەغدا، ١٩٨٦.
٤) ئەورەحمانی حاجی مارف، وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا، چاپی دووەم، هەولێر، ١٩٨٧.
٥) ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆژی)، بەشی یەکەم -ناو، بەغدا، ١٩٧٩.
٦) ابراهیم رمضان زاخویی، ڕێزمانا کوردی، چاپا ئێکێ، دهوك، ١٩٩٨.
٧) توفیق وەهبی، دەستوری زمانی کوردی، جیزمی یەکەم، بەغدا، ١٩٢٩.
٨) تالیب حوسێن عەلی، فەرهەنگی زاراوەی دەنگسازی، هەولێر، ٢٠٠٥.
٩) جەمال نەبەز، زمانی یەکگرتووی کوردی، بامبێرگ، ١٩٧٦.
١٠) جگەر خوێن، آوا ئو دەستورا زمانی کوردی، بەغدا، ١٩٦١.
١١) صادق بهاءالدین ئامێدی، ڕێزمانا کوردی-کرمانجیيا ژورێ و ژێریا هەڤبەرکری، چاپا یەکێ، بغداد، ١٩٨٧.
١٢) طاهر صادق، ڕێنووس، چاپی یەکەم، کەرکوك، ١٩٦٩.
١٣) غازی فاتح وەیس، بە یەکداداچوونی درکاندنی ڤاوڵ وکۆنسۆنانتەکانی وەستاو، بەغدا، ١٩٨٣.
١٤) غازی فاتح وەیس، فۆنەتیك، هەولێر، ١٩٨٤.
١٥) فاضل عمر، نێڤگر د زمانێ کوردیدا، بەغدا، ١٩٨٦
١٦) فاضل عمر، ئاوەڵناو ل زمانێ کوردیدا، هەولێر، ٢٠٠٤.
١٧) کوردستان موکریانی، ئاوەڵناو لەڕستەی کوردی دا بەکەرەسەی دیالێکتی کرمانجی خواروو و کرمانجی سەروو، بەغدا، ١٩٨٣.
١٨) کوردستان موکریانی، ڕێزمانی کوردی، بەغدا، ١٩٨٤.

١٩) مەلا خەلیل مشەختی، فەرهەنگا مەرگ و ژی، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢٠) مەسعود محمد، فونەتیك چیمان بۆ بكات، بەغدا، ١٩٧٥.

٢١) مەلا خەلیل مشەختی، فەرهەنگا مەرگ و ژی، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠٠٦.

٢٢) محمد طاهر گوهەرزی، دهۆك، ١٩٩٩.

٢٣) محمد معروف فتاح، زمانی مرۆڤ و زمانی گیان لەبەری تر، بەغدا، ١٩٨٣.

٢٦). محمد معروف فتاح، زمانەوانی، هەولێر، ١٩٩٠.

٢٦) محمد معروف فتاح-سەباح ڕەشید قادر، چەند لایەنێكی مۆرفۆلۆجیی كوردی، سلێمانی، ٢٠٠٦.

٢٧) محمدامین هەورامی، فونەتیكی زمانی كوردی، بەغدا، ١٩٧٤.

٢٨) محەممەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی كوردی لە ترازووی بەراووردا، بەغدا، ١٩٨١.

٢٩) محەممەدی مەحوی، چەند لایەنێكی فۆنۆلۆژیی ڕێزمانی كوردیی و ڕێزمانی عارەبی، چاپی یەكەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٣٠) محەممەدی مەحوی، زمان و زانستی زمان- سەرەتایەك بۆ زانستی زمان، بەرگی یەككەم، سلێمانی، ٢٠٠١.

٣١) محەممەدی مەحویی، مۆدێل و مۆدێلەكانی ڕێزمان، سلێمانی، ٢٠٠٣.

٣٢) محەممەد مەحویی-نەرمین عومەر ئەحمەد، مۆدێلی ڕێزمانی كوردی، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٣٣) وریا عومەر ئەمین، فۆنیمەكانی زمانی كوردی، بەغدا، ١٩٨٢.

٣٤) وریا عومەر ئەمین، یاسایەكی فۆنۆلۆجی، بەغدا، ١٩٨٤

٣٥) وریا عومەر ئەمین، فۆنۆلۆجی، هەولێر، ١٩٨٤.

٣٦). وریا عومەر ئەمین، فونەتیك و فۆنۆلۆجی، بەغدا، ١٩٨٩.

٣٧) وریا عومەر ئەمین، لە یاسا دەنگییەكانی، زمانی كوردی، بەغدا، ١٩٩٥.

٣٨) وریا عومەر ئەمین، لێكۆڵینەوەیەكی مۆرفۆفۆنیمی، بەغدا، ٢٠٠٢.

٣٩) وریا عومەر ئەمین، بواری زمانەوانی و ئاستەكانی شیكردنەوە، هەولێر، ٢٠٠٧.

ب) بە زمانی عەرەبی:

---

٤٠) رشيد كرد، قواعد اللغة الكردية، ترجمة: محمد جزاع، بيروت، ١٩٩١.

٤١) هييت بافي حلبجة، القواعد والأبجدية الكردية، قامشلي، ١٩٩٣.

٤٢) حسام البهنساوي، علم الأصوات، القاهرة، ٢٠٠٤.
٤٣) محمد يحيى سالم الجبوري، مفهوم القوة والضعف في أصوات العربية، الطبعة الأولى، بيروت، ٢٠٠٦.
٤٤) حسام سعيد النعيمي، أبحاث في أصوات العربية، بغداد، ١٩٩٨.

پ) بە زمانە ئەورووپییەکان:

45) Archangeli, D. and Langenndoen, D.T., (1997). "Optimality theory", Oxford; Blackwell.

46) Barden, Bill, J., (1983) "A Critical Look at Natural Phonology", CSL,

47) Clark, J. and Yallop, C., (1995) "An Introduction to phonetics and phonology", 2nd ed., Oxford: Basil Blackwell.

48) Clements, G.N., (1985) "The geometry of phonological features", Phonology Yearbook,

49) Crowhurst, Megan and Mark, Hewitt, (1997) "Boolen operations and constraint interaction in optimality theory", Rutgers optimality archive, ROA,

50) Duanmu, San, (1990) "A formal Study of syllable, tone, stress and domin in Chinese languages", Ph.D dissertation, MIT

51) Duanmu, San, (1994) "Syllabic weight and syllabic duration: A coorelation between phonology and phonetics", Phonology II.

52) Finegan, E.N., (1994) "Language: It's structure and use", 2nd ed., New York: Harcourt Brace Jovanovich.

53) Goldsmith, J., (1994) "The handbook of phonological theory", Oxford: Blackwell.

54) Goldsmith, John, A., (1990) "Autosegmental and Metrical phonology", Oxford: Blackwell.

55) Hayes, Bruce, (1989) "Compensatory lengthening in moraic phonology", LI,

56) John, David, A., (1969) "Phonemics and Generative Theory", CLS.

57) Kazanina, N., Philips, C. and Isardi, W., (2006) "The influence of meaning on perception of speech sounds", PNAS.

58) Kestivicz, Michael, (1994) "Phonology in Generative Grammer", Oxford, UK: Blackwell.

59) Ladefoged, P. and Maddieson, I., (1996) "The sounds of the world's languages", Oxford: Blackwell.

60) McQuen, J.M. Cutler, A. and Norris, D., (2006) "Phonological abstraction in the mental lexicon", Cognitive Science.

61) Mitterer, H. and Blomert, L. (2003) "Coping with phonological assimilation in speech perception: Evidence for early compensation", Perception & Psychophysics.

62) Riehl, R., Lotto, A.J., and Holt, L.L., (2004) "Speech perception", Annual Review of Psychology.

63) Steriade, Donca, (1993) "Neutralization and the expression of contrast", paper presented at NELS, University of Massachusetts, Amherst.

64) butt, m. (1992),,sonority;, linguisische berichte.

65) Chomsky, n.(1965) ,, Aspects of the theory of Syntax.

66)Clements, G.N. / Keyser . S. J . (1983) ,, cv Phonology; a Geneeativ Theory of the Syllable , Cambridge Mass: MIT Press.

67) Davidsen, N.- Nielsen (1978),, Neutization and archiphoneme: Tow phonological concepts and their history , Kopenhagen / Muenchen.

68)Gimson, A.C(1989) ,, An Introdution to the Pronounciation of English 4th End. Edward Arnold.

69) Goldsmith, J.A. (1976),, Autosegmental Phonology , PhD Dissertattion, MIT. Erschienen 1979 New Yourk: Garland.

70)Green Berg, J.H. (1963) ,, Structur and function in langnage . In: ders.

71) Hankamer, J./ Aissen, J.(1974) ,, T he Sonority Hierarchy" , In : Bruck.

72) Harris, Z.S.(1951) ,, Methods in structural linguistics" . Chicago.

73)Hass, W.(1960) ,, Linguistic structures", In: Word.
74)Hockett, C.F.(1955) ,, Manual of phonology ", Bloomington.
75) Hockett, C.F.(1958) ,, A course in modern linguistics". New Yourk.
76) Jakobson, Fanj. G Halle . (1951),, Fundamentals of language ". The Hague: Mouton.
77) Lass,R. (1984) ,, Phonology: An Introduction to basic Concepts". Cambridge: Cambridge Universsity Press.
78) Lyons,J.(1968) ,, Introduction to Theoretical Linguistics" . Cambridge University Press.
79) Trubezkoy, N.S. (1939) ,, Grundzuege der phonology " . TCLP 7 . English version, trans. C.
80) Vachek, J.(1964) ,, A Prague schoolreader in linguisyics" . Bloomington: Indiana University Press.
81) Vater, H. (1992) ,, Zum Silben-Nukleus im Deutschen", In: Eisenberg. Therorie der Silbe", Studium Linguistik.
82) Wiese , R.(1996) ,, The Phonology of German " , Oxford: Clarendon Press.
83) Wunderlich , D. (1971) ,, Terminologie des Strukturbegriffs .

# پاشكۆی ناوەكان

لە ئامادەكردنی ئەم نامەیەم سوودی زۆرم لە هەموو ئەو بەڕێزانەی خوارەوە وەرگرتووە:

گرووپی (ا) تەمەنیان لەنێوان ( ٢٠-٣٠)ساڵ دەبێت .

| ناوی سیانی | گرووپی A | شوێنی نیشتەجێ | ڕەگەز/ توخم |
|---|---|---|---|
| ئاڤان قەسیم حەسەن | ٢٢ ساڵ | دهۆك | نێر |
| دەرسیم احمدسلێمان | ٢٦ ساڵ | ئامێدی- دێرەلوك | مێ |
| سربست رەمەزان | ٢٣ ساڵ | ئامێدی- دێرەلوك | نێر |
| نیهایەت ئامیرعزیز | ٢٨ ساڵ | دهۆك | مێ |
| مەجید محمدرشید | ٢٨ ساڵ | زاخۆ | نێر |
| ئازاد محمد رشید | ٢٣ ساڵ | زاخۆ | نێر |
| ئەیادمهدی عزیز | ٢٣ ساڵ | بەردە ڕەش | نێر |

گرووپی (ب) تەمەنیان لەنێوان ( ٣٠-٤٠) ساڵ دەبێت .

| ناوی سیانی | گرووپی B | شوێنی نیشتەجێ | ڕەگەز/ توخم |
|---|---|---|---|
| لەزگین محمد عبدالله | ٣٥ ساڵ | زاخۆ- رزگاری | نێر |
| هادی حسێن عەجید | ٣٩ ساڵ | دهۆك | مێ |
| نڤار رشید عزیز | ٣١ ساڵ | زاخۆ | نێر |
| شكری داود وسو | ٣٤ ساڵ | دهۆك | مێ |
| نجیب سلیم | ٣٨ ساڵ | ئامێدی | نێر |
| نەهلە عومەر | ٣٨ساڵ | زاخۆ | نێر |
| جوان هادی عوسمان | ٣٤ ساڵ | ئاكرێ | نێر |

گرووپی (پ) تێكەڵاویەك لەتەمەن وەرگیراوە، هەروەها شوێنەكانیان بە هەمان شێوە.

جگە لەوەش سوودی زۆرمان بینیوە لەو بەرنامانەی، كە لە كەناڵە ئاسمانیەكانی تەلەفزیۆن دەبینران

## ملخص الرسالة الموسومة

## ( النظام الصوتي في اللهجة الكرمانجية )

تعنى هذه الاطروحة اساسا بالسمات الصوتية البارزة فى اللهجة الكرمانجية، و اهم السمات الفارقة التي تميزها عن الكرمانجية الوسطى من حيث تلكم الظواهر. هذه الاطروحة اساسا تقتدي بالاسس النظرية للنظرية البنائية كمعيار اساس فى تحليلاتها. فى ضوء ذلك المعيار يحاول الباحث اظهار بعض الظواهر الصوتية كالبناء الصوتي في هذه اللهجة و الذي يقع ضمن البعد الاني التتابعي لتلك النظرية، و يدرس ايضا التوزيعات الصوتية المتوافقة و التكاملية ويحاول الباحث ابراز اهم الفروق الصوتية المميزة لهذه اللهجة.

تقع الاطروحة في اربعة فصول: فى الفصل الاول يحاول الباحث استكشاف الاسس الفكرية للنظرية المقتدى بها في هذه الدراسة و اهم المبادىء الرئيسية لها، ثم تحليل العلاقة الكائنة بين النظام الصوتي و النحو، ثم الخوض في سمات و الصفات الفونولوجية التصنيفي و اظهار المتغيرات الصوتية و انماطها و سبل تكوينها و الاسباب المؤدية لظهورها.

يتعامل الباحث في الفصل الثاني مع النظام الصوتي و تراكيبه في هذه اللهجة، الصوامت، الصوائت و من ثم تصنيف الصوامت، الى الصوامت الحلقية و الانفية و الهوامس والمجهورات و غيرها من الاصوات. ثم شرع الباحث في الفصل الثالث في اعطاء فكرة تحليلية حول الالوفونات و دراسة بعض الظواهر الصوتية و التي تحدث نتيجة البيئات الصوتية المختلفة كالحذف والاستبدال والتغير والزيادة وغيرها من الظواهر.

واختتم الباحث فصله الرابع بالخوض في تفاصيل تركيب المقاطع في هذه اللهجة والتركيبات الرئيسية المكونة للمقاطع كمفتاح المقطع والبؤرة ونهاية المقطع والقيود التي تحكم تشكيل صورة المقاطع وغيرها من السمات.

أرجوا أن وفقت اشعال بصيص في هذه الزاوية المعتمة من اللغة الكوردية بشكل عام والكرمانجية العليا على الوجه الأخص.

## Abstract

This dissertation is concerned with the phonology area of a Kurdish dialect (Kurmanji Saru) and its application in the Kurdish language. It is mentioned that the thesis follows the theoretical basis of structuralism in its analysis. It attempts to determine the phonological features of the dialect. It also tackles the phonological distribution and the distinctive features of the dialect.

The dissertation falls into four chapters; the first chapter explores the underpinnings of structuralism theory and its principles in the phonological area, the relationship between phonology and grammar, taxonomic phonology, showing the kinds of changable allophonic, and the factors of its emergence

The second chapter deals with the phonology and its structure in the above mentioned dialect, the vowels and semi-vowels, and the classification of consonants into fricatives, affricatives, nasals, and lateral sounds.

The third chapter sketches out an analytical frame of the allophones, alternation of the consonants, the analysis of some of the phonological phenomenon like assimilation, addition, deletion and other features.

The last chapter focuses on the structure of the syllable, the syllable-onset-rhyme coda, and the restrictions that govern the form of the syllable.